# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

**سەرپەرشتیارانی پرۆژە**

**د. لوقمان رەئوف**

**بابان ئەنوەر**

# ماو تسی تۆنگ

## وەرگێڕانی: کۆمەڵێك نوسەر

**بەشی چوارەم**

71

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

# ماو تسی تۆنگ

کۆمەڵێک نوسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپ و هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 195 )



# ماو تسی تۆنگ

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر

بەشی چوارەم

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ،  ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ،  ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ،  ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین،  ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پڕۆژەیەش لە ساڵی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پڕۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین رێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو رێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیرياريیە نەبوايە، ئێستا ژيان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم ڕێگەيەوە خوێنەر هەست بە بيرو ئايديا جياوازەکان و گرنگی بيرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و ڕوانين لە جيهان بەو شێوازەی کە پێويستە لێيبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە ديکارت لەسەرەتای ڕێنيسانسدا ڕايگەياند» من بيردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانيت بيربکەيتەوەو بوونيەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆيە ئەگەر بمانەوێت بيربکەينەوە، پێويستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بيرکردنەوەکە دەستەبەربکەين، خوێندنەوەش يەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشيەوە، بيرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بيرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژيای ئەمڕۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەيەيە.

بۆيە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبيريکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بيرەکان دەتوانن ژيان بگۆڕن، بۆيە پێويستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بيری نوێ و بنيادنانی ئايندەيەک، جياوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان ڕەئوف**

2017

# یبلۆگرافیای ژیانی ماو تسی تۆنگ

د. لوقمان ڕەئوف

-ماو وەک کەسایەتێکی سیاسیو ڕابەریکی سەربازی (1893/12/26)لەگوندی شاوشان لەهەرێمی خونان لەبەشی هیوفن و لەخێزانێکی جوتیار لەچین لەدایک بووە.

-لەسەرەتای لاویەتیدا کاری لەسەر مەسەلەی راپەرینی جوتیارانو ئەو شەڕانەی کەلەسالآنی (1850-1864) رویانداوەکردوە.

-لەساڵی(1911) شۆڕشێکی لەدژی وەچەی چینخ بەرپاکردو لەدوای چەند مانگێک کۆتایی بەسەردەمی پاشایەتی هێنراو سیستمی کۆماری لەچین راگەیەنرا، تاساڵی (1949) بەهۆی شەڕی ئەهلیەوە نەتوانرا حکومەتێکی جێگیر دابنرێت.

-لەساڵی (1901-1910) لەچین نزیکەی هەزار راپەڕین ئەنجامدراون.

-لەساڵی (1911-1918) سەرقاڵی خوێندن بوو لەشەنغشا تاوەکو مۆڵەتی فێرکردنی وەرگرتو رایگەیاند»بۆ یەکەمجار لەژیانمدا نەخشەی جیهانم بینی ، بۆیە زۆر بەگرنگیەوە لێمکۆڵیەوە» وانەی فەلسەفی و مێژوویی وڵاتانی وتوەتەوە، لەهەمانکاتیشدا بۆ یەکەمجار

مانیفێستی شیوعی مارکس‌و ئەنگلسی خوێندەوە
.
-لەساڵی (1917)دوای ئەوەی (ژینگیک)بۆری هەناسەی خۆی بڕی بەهۆی ئەوەی ویستیان بەزۆر بیدەن بەشو، بۆیە ماو رایگەیاند»ژنان خاوەنی هێزێکی شۆڕشگێڕی گرنگن» بۆیە زۆر لەژنان چونە بەرەی شۆڕشەوە.
-لەساڵی (1918) بووە مامۆستا لەزانکۆی پەکین و لێرەش بەهۆی بیرکردنەوەی چەپی بووە شیوعی.
-(1920) بەئاشکرا دەرکەوت مارکسیە، وەک دەیان کەسی تری چینی.
-(1921) بوو بەیەکێک لەو (12) کەسەی کەحزبی شیوعیان لەشەنفهای دامەزراندو، لەسەر خۆش پلەی وەرگرت.
لەساڵی (1921) چووە شەنغشا بۆئەوەی کۆنگری دامەزراندی حزبی شیوعی چینی (pcc) دابمەزرێنن، لەکاتێکدا لەچین (57) مارکس هەبوو، گەورەترین گروپیان پێکهێنابوو لە(16) کەس‌و پاش دامەزراندنیش حزبی شیوعی چینی (pcc) دابمەزرێنن یەکەمین

سەندیکای کرێکارانی شیوعی دامەزراند.
-(1923) لەکۆنگرەی سێ حزبی شیوعی چینی هەڵبژێرا بۆ ئەندامی لیژنەی مەرکەزی .
-لەساڵی (1925) بەسەر لادێکاندا دەگەڕا بۆ ئەوەی هەم کاریان لەگەڵیاندا بژی، هەمەکاریان لەگەڵدا بکاتو گوێ لەسکاڵاو داواکانیان بگرێت. بۆیە یەکێتی جوتیارانی دامەزراندو جوتیاریشی بۆ حزب کاندید دەکرد، چونکە پێوابوو دڵی شۆڕش لادێکانە، بۆیە لەساڵی (1926) ملیۆنێک جوتیار بوونە ئەندام لەم کۆمەڵەیەدا، بەڵام دوای ساڵێک بوو بە(10) ملیۆن.
-لەساڵی (1925) ماو بیرکردنەوەی گۆڕا بەهۆی گۆڕانی چینەوە، پشتی بەجوتیارەکان دەبەستو هەموو سەرەنجی خۆی خستبووە سەر گەشەی کشتوکاڵی.
-لەساڵی (1937) بوو بەسەرۆکی حزبی شیوعی.
-گەشەی بەبیری شیوعیداو چەمکێکی نوێی بۆ بیری شیوعی نوێ بەناوی (ماویەت) هینایە گۆڕێ، کەبریتی بوو لەتێکەڵەیەک لەشیوعەتو بیری لینینو مارکس.

-لەساڵی (1949)دوای تیرۆرکردنی زۆرێک لەسەرکردە شیوعیەکان، هێزی شیوعی سەرکەوت، وڵات دووچاری مملانێی و شەڕبوویەوە، لەوبارە هەژاری و نەزانیەدا، ماو شێوازی خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانی گرتەبەر.

لەساڵی (1950) هێزێکی سەربازی گەورەی لەخۆبەخشەکان نارد بۆ باکوری کۆریا، بۆ شەڕکردن لەدژی سوپای ئەمریکا.

-هاوڵاتی چینی بەرەو پێشکەوتنو سەردەمییو بەهێزی برد بەهۆی گرنگیدان بەخوێندن و پیشەسازیو تەندروستیو سیستمی ئابوریو سەرمایەداری گۆڕی بۆ سۆسیالستیو هەموو ئۆرگانەکانی وڵاتی کۆنترۆڵکرد، بۆیە لەساڵی (1958) گرنگیدا بەپیشەسازی بچوک لەلادێکان، بەهۆیەوە جوتیارو کرێکاری خستەگەڕ لەم بوارەدا.

-لەساڵی (1962)هێزێکی سەربازی لەسنوری هیمالایاوە نارد بۆ هندو پاش چەند هەفتەیەک لەو شوێنانەی کەگرتبووی کشایەوە.

-لەساڵی(1966) ماو شوڕشێکی رۆشنبیری بەرپاکرد.

-خاوەنی (هەشت بەرهەمە) لەساڵەکانی (1957،1956،1942،1941،1940،1936،1927، 1926).

-لە(1976/10/9) کۆچی دوایکرد.

# تیۆره سه‌ربازییه‌كانی
# ماو تسی تۆنگ

ماو تسی تۆنگ
وه‌رگێڕان: مه‌جید مارابی

## تیۆریە سەربازییەکانی ماو تسی تۆنگ
## شەش بەرهەمی سەربازی – بەشی یەکەم
## چۆن خوێندنەوە بۆ جەنگ دەکرێت

### 1 – یاساکانی جەنگی گەشەکردوو

بە پێی یاساکانی جەنگی شۆڕشگێڕانە هەر کەسێک شەڕێکی شۆڕشگێڕانە ڕێبەریبکات، پێویستە سەرەتا خوێندنەوەی وردی بۆ بکات. ئەم بەرهەمە ماو تسی تۆنگ بە مەبەستی کۆبەندی ئەزمونەکانی دووەمین جەنگی شۆرشگێڕانەی ناخۆیی نووسیویەتی و لە ئاکادیمیای سوپای سووردا لە باکوری «شانسی» وتراوەتەوە. بەپێی ئاماژەی دانەر زیاتر لە پێنج بەشی ئەم بەرهەمە نەنووسراوەتەوە و بەهۆی گرفتاربوونییەوە بەشەکانی تایبەت بە پەلاماری ستراتیژی، کاری سیاسی و چەند مەسەلەیەکی تر نەنوسراوە، ئەم بەرهەمە دەرەنجامی مشتومڕێکی فرەلایەن و چڕوپڕە کە لە سەردەمی دووەمین جەنگی شۆڕشگێڕانەی ناوخۆیی حزب لەنێوان دوو ڕێبازی ناکۆک لەسەر مەسەلە سەربازیەکان هاتوەتەئاراوە و دەربڕی بۆچوونەکانی یەکێک لەم ڕێبازانەیە لە دژی ئەویتریان، کۆبوونەوەی

فراوانی مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1935 لە (زۆن ئای) کۆتایی بەو مشتومڕە هێنا کە لەنێوان ئەو دوو ڕێبازەدا هاتبووەئاراوە، راستی بۆچوونەکانی ماو تسی تۆنگی دەسەلماند و ڕێبازی ناڕاستیشی رەتدەکردەوە. لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1935دا کۆمیتەی ناوەندی حزب گوازرایەوە بۆ باکوری شانسی و لە دیسەمبەری هەمان ساڵدا ماو راپۆرتێکی لەژێر ناوی «سەبارەت بە تاکتیکەکانی خەبات لەدژی ئیمپریالیزمی ژاپۆن» پێشکەشکرد و تێیدا مەسەلەکانی تایبەت بە ڕێبازی سیاسی حزبی لە سەردەمی دووەمین جەنگی شۆڕشگێڕانەی ناوخۆیی بەشێوەی ڕێکوپێک چارەسەرکرد. ساڵێک دواتر واتا لە ساڵی 1936دا ئەم بەرهەمەی کە لێکدانەوەیەکی پوختەکراوە لە مەسەلە ستراتیژەکان لە شەڕی شۆڕشگێڕانەی چیندا نووسیوە.

یاساکانی جەنگی شۆڕشگێڕانە مەسەلەیەکە کە هەرکەسێک شەڕێکی شۆڕشگێڕانە ڕێبەری بکات، پێویستە خوێندنەوەی بۆ بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، ئێمە ئێستا لە جەنگداین، جەنگی ئێمە جەنگێکی شۆڕشگێڕانەیە،

جەنگی شۆڕشگێڕانەی ئێمە لە چیندا ڕوودەدات، واتا لە وڵاتێکی نیوەکۆلۆنی و نیوە فیۆدالیدا، لەم ڕووە پێویستە ئێمە نەک هەر دەبێت خوێندنەوە بۆ یاسا گشتییەکانی جەنگ بکەین، بەڵکو دەبێت یاسا تایبەتییەکانی جەنگی شۆڕشگێڕانە و یاسا تایبەتییەکانی کە تەنها تایبەتە بە شەڕی شۆڕشگێڕانەی چین، تاووتوێ بکەین. لە هیچ کەس شاراوە نییە کە هەرکات کارێک کە ئێمە دەیکەین، ئەگەر بارودۆخ و تایبەتمەندی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ دیاردەکاتی تر لێکنەدەینەوە، ناتوانین یاسا جێکەوتوەکانی بناسین و بزانین چۆن بەکاریبهێنین، ناتوانین بە باشترین شێوە ئەنجامیبدەین. شەڕ کە بە پەیدابوونی خاوەندارێتی تایبەت و چینەکان دەستپێکردوە، باشترین شێوازی خەباتە بۆ لەناوبردنی جیاوازیی چینایەتی و نەتەوایەتی و کێشەی لایەنە سیاسیەکان کە گەیشتونەتە قۆناغێکی تایبەتی لە گەشەکردن. ئەگەر ئێمە بارودۆخی جەنگ و تایبەتمەندی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ دیاردەکانی تر تێنەگەین، یاساکانی جەنگ ناناسین، لە شێوازەکانی ڕێبەریکردنی جەنگ تێناگەین و ناتوانین سەرکەوتن بەدەستبهێنین. شەڕی

شۆڕشگێڕانه چ جەنگی شۆڕگێڕانەی چینەکان و چ جەنگی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی بەدەر لە بارودۆخ و تایبەتمەندیی گشتی جەنگ، خاوەنی دۆخ و تایبەتمەندیی خۆشیەتی. بەم پێیەش جەنگی شۆڕشگێڕانە، بەدەر لە یاسا گشتیەکانی جەنگ، خاوەنی یاسای تایبەت بە خۆشیەتی. بەبێ تێگەیشتنی دۆخ و تایبەتمەندیەکانی ئەم جەنگە، بێ تێگەیشتنی یاسا تایبەتەکانی ناتوانرێت جەنگی شۆڕشگێڕانە رێبەری بکرێت و بەرەو سەرکەوتن ببرێت. شەڕی شۆڕشگێڕانەی چین – چ جەنگی ناوخۆیی و چ جەنگی نیشتمانی کە لە ژینگەی تایبەتی چیندا روودەدات و بەم جۆرە بە بەراوردکردنی لەگەڵ جەنگی گشتی یان جەنگی شۆڕشگێڕانە بە گشتی خاوەنی هەلومەرج و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیەتی. لەم رووەوە جەنگی شۆڕشگێڕانەی چین جگە لە یاسا گشتییەکانی جەنگ خاوەنی یاسای تایبەت بە خۆشیەتی. بەبێ تێگەیشتنی ئەم یاسایە گەیشتن بە سەرکەوتن لە جەنگی شۆڕشگێڕانەی چیندا مەحالە. بەم پێیە ئێمە دەبێت یاسا گشتیەکانی جەنگ و هەروەها یاساکانی جەنگی شۆڕشگێڕانە و لەکۆتاییدا یاساکانی شەڕی شۆڕشگێڕانەی

چین بخوێنینەوە. هەندێک بۆچوونی هەڵە هەیە کە لەمێژە لەلایەن ئێمەوە ڕەتکراوەتەوە. ئەوان دەڵێن: تەنها خوێندنەوەی یاساکانی جەنگ بەسە، بە واتایەکی روونتر، تەنها پەیرەویکردن لە ڕێسا سەربازیەکان کە لە چین لەلایەن حکومەتی کۆنەپەرەستەوە بڵاوکراوەتەوە، بەسە. ئەوان تێناگەن کە ئەو ڕێسایانە تەنها یاسای گشتی جەنگ دەخاتەڕوو، جگە لەوەش لە سەرەتاوە تا کۆتایی کۆپیکراوی سەرچاوە دەرەکیەکانە و ئێمە ئەگەر بەو جۆرەی کە هەیە بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە شکڵ و ناوەرۆکدا کۆپیبکەین و بەکاریبهێنین وەکو ئەوە وایە «قاچ ببڕینەوە بۆ ئەوەی لە پێڵاودا جێگەی بێتەوە» ئەم کارەش بە دڵنیایەوە ئێمە تووشی شکست دەکات، ئەو کەسانەش لە پاساوی بۆچوونەکەی خۆیاندا دەڵێن: بۆچی ئێمە دەبێت نارەزایی دەربببڕین لە دژی ئەو شتەی کە لەرابردوودا بە خوێن بەدەستهاتووە؟ ئەوان تێناگەن کە ئێمە ئەگەرچی دەبێت ڕێز بۆ ئەزمونێک دابنێن کە لە رابردوودا بە خوێن بە دەستهاتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ڕێز لە ئەزمونێکیش بگرین کە بە بەهای خوێنی خۆمان بەدەستمانهێناوە، هەندێک بۆچوونێکی

نادروستی دیکەیان هەیە کە دیسان ماوەیەک لەمەوبەر لەلایەن ئێمەوە رەتکراوەتەوە، ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تەنها خوێندنەوەی ئەزمونی جەنگی شۆڕشگێڕانەی روسیا بەسە، بە واتایەکی روونتر، ئەوەندە بەسە کە ئێمە ملکەچی یاسایەک بین کە شەڕی ناوخۆیی یەکێتی سۆڤیەت پەیرەوەی لێکرد و بەدوای ئەو رێسا سەربازیانەدا برۆین کە لەلایەن ئۆرگانە سەربازیەکانی سۆڤیەتەوە بڵاوبووەتەوە. ئەوان تێناگەن کە ئەو یاسا و رێسایانە رەنگدانەوەی تایبەتمەندیەکانی تایبەت بە جەنگی ناوخۆی سۆڤیەت و سوپای سوری سۆڤیەتە و ئەگەر رێگەی هیچ جۆرە دەستوەردان و ئاڵوگۆڕێکی تێدا نەدەن و وەکو خۆی کۆپی بکەین و بەکاریبهێنین، دیسان وەکو ئەوەی لێدێت کە «قاچ ببڕینەوە بۆ ئەوەی ببێتە قیاسی پێڵاوەکە» ئەو کارەش ئێمە تووشی شکست دەکات. ئەو کەسانە لە پاساوی بۆچونەکەیاندا دەڵێن: جەنگی ئێمە وەکو جەنگی یەکێتی سۆڤیەت، جەنگێکی شۆڕشگێڕانەیە و یەکێتی سۆڤیەت لە جەنگەکەیدا سەرکەوتوو بووە، بەم پێیەش چۆن دەکرێت رێگایەکی تر جگە لە بەکارهێنانی نمونەی یەکێتی

سۆڤیەت بوونی هەبێت؟ ئەوان تێناگەن کە ئێمە بۆ ئەزموونی سەربازی یەکێتی سۆڤیەت، لەو ڕووەوە کە ئەزموونی نوێترین جەنگی شۆڕشگێڕانەیە، ئەزموونێکە کە بە ڕێبەرایەتی لینین و ستالین بەدەستهاتووە، ڕێزێکی تایبەتی بۆ دادەنێین، بەڵام لەلایەکی دیکە، پێویستە ڕێزیش بۆ ئەزموونی جەنگی شۆڕشگێڕانەی چین دابنێین، چونکە لێرەدا هۆکارێکی زۆر هەیە کە تایبەتە بە شۆڕشی چین و سوپای سووری چین. هەندێکی دیکە دیسان بۆچوونێکی سێهەمی دیکەیان هەیە کە ماوەیەکی دوورودرێژە لەلایەن ئێمەوە ڕەتکراوەتەوە. ئەوان دەڵێن: بەنرخترین ئەزموون، ئەزموونی لەشکرکێشییە بۆ باکور لە ساڵانی 1926–1927 و ئێمە دەبێت فێری ببین، بە واتایەکی ڕوونتر، ئێمە دەبێت لە لەشکرکێشی بۆ باکور سەبارەت بە پێشڕەوی ڕاستەوخۆ و داگیرکردنی شارە گەورەکان پەیرەوی بکەین. ئەوان تێناگەن کە ئێمە لە هەمان کاتدا دەبێت ئەزموونی بکەین و بە کردەوە دەریبهێنین، چونکە لە جەنگی ئێستای ئێمەدا هەلومەرجەکە گۆڕاوە. ئێمە دەبێت لە ئەزموونی لەشکرکێشیی باکور تەنها ئەو شتانە فێرببین کە لەئەمڕۆدا هێشتا بە

کەڵک دێت. دەبێت هاوتەریب لەگەڵ دۆخی ئێستا داهێنانێک بکەین کە لە خۆمان بێت. بۆیە یاساکانی ڕێنمایی جەنگ بە گوێرەی بارودۆخی جەنگ، واتا بە گوێرەی کات و شوێن و تایبەتمەندیەکانی دەگۆڕدرێت. ئەگەر هۆکاری کات لەبەرچاوبگرین، دەبینین کە جەنگ و یاساکانی ڕێبەری کردنی جەنگ لەگەڵ کاتدا گەشە دەکات، هەر قۆناغێکی مێژوویی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و ناتوانرێت بە شێوەی میکانیکی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بگوازرێتەوە. ئەگەر جەنگ لە بواری خەسلەتەکانییەوە لەبەرچاوبگرین، دەبینین کە وەکو جەنگی شۆڕگێڕانە و دژی شۆڕش هەردووکیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن، یاساکانی زاڵ بەسەر ئەواندا هەرکام تایبەتمەندییەکی هەیە کە ناتوانرێت بە شێوەی میکانیکی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بگوازرێتەوە. ئەگەر هۆکاری شوێن لەبەرچاوبگرین، دەبینین کە وەکو هەر وڵات یان نەتەوەیەک بە تایبەت هەر وڵات و نەتەوەیەکی گەورە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، یاساکانی جەنگیش بۆ هەر نەتەوە یان وڵاتێک زامنی تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیەتی کە بەم جۆرەش ناتوانرێت بە شێوەی

میکانیکی لە یەکێکەوە بۆ ئەویتر بگوازرێتەوە. ئێمە لە خوێندنەوەی یاساکانی هیدایەتکردنی ئەو جەنگانەی کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا روودەدەن و خاوەنی خەسڵەتی جۆراوجۆر بوون و لە سەرزەمینە جۆراوجۆرەکاندا و لەلایەن نەتەوەی جۆراوجۆرەوە بەرپابوون، سەرنجی خۆم لەسەر تایبەتمەندییەکان و گەشەی ئەم یاسایانە چڕدەکەمەوە و بە مامەڵەیەکی میکانیکی بەرامبەر بە مەسەلەی جەنگ خەبات بکەین، ئەمە تەواوی بابەتەکە نییە. ئەگەر فەرماندەیەک کە لەسەرەتادا توانای فەرماندەیی کردنی تیمێکی بچووکی هەبووە، بتوانێت فەرماندەیی یەکەیەکی گەورەتر بکات، نیشانەی گەشە و پێشکەوتنی ئەو دەبێت. لەنێوان فەرماندەی شوێنی دیاریکراو یان چەند شوێنی جۆراوجۆریش جیاوازی و ناکۆکی هەیە. بەم جۆرە ئەگەر فەرماندەیەک توانای ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە شوێنێکی ئاشنادا هەبووە، ئێستا بتوانێت لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا ئەرکەکانی ئەنجامبدات ئەوەش دیسان نیشانەی گەشەیە. بارودۆخیش لە قۆناغە جیاوازەکانی جەنگێکی دیاریکراویشدا بەهۆی گەشەی تەکنیک و ستراتیژی دوژمنی

ئێمەوە دەگۆڕدرێت، ئەگەر فەرماندەیەک لە سەرەتادا توانای فەرماندەیی جەنگی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا هەبووە، ئێستا بتوانێت جەنگەکە لە قۆناغێکی سەرتردا فەرماندەیی بکات، ئەوەش نیشانەی پێشکەوتن و گەشەی زیاتریەتی. ئەگەر فەرماندەیەک توانای فەرماندەیکردنی یەکەیەک بە قەبارەیەکی دیاریکراوەوە لە شوێنێکی دیاریکرا و لە قۆناغی دیاریکراو لە گەشەی جەنگدا بێت، روون و ئاشکرایە کە هیچ گەشەیەکی نەکردوە. هەندێک لایەن بەهۆی ئەوەی لە توانا و لێوەشاوەییەکانیان لە بوارێکدا خۆشحاڵ دەبن و خۆیان بە زانینی بەرتەسکی خۆیانەوە سنوورداری دەکەن، هەرگیز پێشناکەون، ئەوان دەتوانن لە شوێن و کاتی دیاریکراودا رۆڵێکیان لە شۆڕشدا هەبێت، بەڵام بە گشتی رۆڵێکی گرنگ ناگێڕن، ئێمە پێویستمان بەو فەرماندانە هەیە کە بتوانن لە رێبەری کردنی جەنگدا رۆڵی گرنگ بگێڕن. تێکڕای یاساکانی رێبەرایەتیکردنی جەنگ، بە گوێرەی کامڵبوونی مێژوو و کامڵبوونی جەنگ گەشە دەکەن، هیچ شتێک لە جیهاندا بوونی نییە کە گۆڕان هەڵگر نەبێت.

## 2 – ئامانجی جەنگ لەناوبردنی جەنگە

جەنگ، ئەم دێوزمەی کوشتنی مرۆڤەکان بەدەستی یەکتر، سەرەنجام بە هۆی گەشەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە لەناودەچێت و تەنانەت لە داهاتوویەکدا کە ئەوەندە دوور نییە، لەناودەچێت. بەڵام بۆ لەناوبردنی جەنگ تەنها ڕێگایەک هەیە: ئەویش لە ڕێگەی جەنگەوە ڕووبەڕووی جەنگبوونەوەیە. لە ڕێگەی جەنگی شۆڕشگێڕانەوە ڕووبەڕووی جەنگی ناشۆڕشگێڕانە بوونەوە. لە ڕێگەی جەنگی شۆڕشگێڕانەی نیشتمانی لەدژی جەنگی ناشۆڕشگێڕانەی نیشتمانییەوە. مێژوو تەنها دوو جۆر جەنگی بینیووە جەنگی دادپەروەرانە و جەنگی نادادپەروەرانە. ئێمە لەگەڵ جەنگی دادپەروەرانەین و دژی جەنگی نادادپەروەرانەین. سەرجەم جەنگی ناشۆڕشگێڕانەکان نادادپەروەرانە بوون، تێکڕای جەنگە شۆڕشگێڕییەکانیش دادپەروەرانەن. ئێمە سەرەنجام بە دەستی خۆمان کۆتایی بە سەردەمی جەنگەکان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەهێنین، بێگومان جەنگێک کە ئێستا ئێمە گیرۆدەی بووین، بەشێکە لە جەنگی کۆتایی. بەڵام بێگومان جەنگێک کە لە بەرامبەر ئێمەدایە، بەشێکە لە گەورەترین و بێبەزەییانەترین جەنگەکان. گەورەترین و بێبەزەیانەترین جەنگی

نادادپەروەرانە و نایەکسان لە بۆسەی ئێمەدایە، ئەگەر ئێمە بەیداخی جەنگی دادپەوەرانە هەڵنەکەین، بەلایەکی ماڵوێرانەکەر بەرۆکی زۆرینەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. بەیداخی جەنگی دادپەروەرانەی مرۆڤایەتی، بەیداخی رزگاریی مرۆڤایەتییە. بەیداخی جەنگی دادپەروەرانەی چین بەیداخی رزگاریی چینە. جەنگێک کە زۆرینەی هەرەزۆری مرۆڤایەتی و زۆرینەی چینییەکان تێوەیگلاون، بێگومان جەنگێکی دادپەروەرانەیە، هەنگاوێکی پڕبایەخ و جێی شانازیە، هەنگاوێکە کە مرۆڤایەتی و چین رزگاردەکات، پردێکە بەرەو قۆناغێکی نوێی مێژووی جیهان. کاتێک کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگاتە ئەو خالە لە پێشکەوتن کە چینەکان و دەوڵەت لەناوبچن، ئیتر هیچ جەنگێک لەئارادا نابێت. نە جەنگی دژە شۆڕش و نە جەنگی شۆڕشگێڕانە، نە جەنگی نادادپەروەرانە و نە جەنگی دادپەروەرانە – ئەمەش سەردەمی ئاشتی نەبڕاوەی مرۆڤایەتی دەبێت. هۆگری ئێمە بەرامبەر بە خوێندنەوەی یاساکانی جەنگی شۆڕشگێڕانە لە ئاواتی ئێمەوە بۆ لەناوبردنی هەموو جەنگەکان سەرچاوەدەگرێت، راست لێرەدایە کە سیمای جیاکەرەوەی نێوان ئێمە کۆمۆنیستەکان و سەرجەم چینە چەوسێنەرەکان دەردەکەوێت.

**3– ستراتیژی خوێندنەوەی یاسا داسەپاوەکان بەسەر هەلومەرجی گشتیی جەنگدا**

لە هەرکوێ جەنگ روودەدات، دۆخی گشتیی جەنگیش دێتەئاراوە، دۆخی گشتی جەنگ لەوانەیە سەرتاسەری جیهان بگرێتەوە، لەوانەشە سەرتاسەری وڵاتێک بگرێتەوە، لەوانەیە ناوچەیەکی سەربەخۆی پارتیزانی یان بەرەیەکی سەربەخۆ و بەرفراوانی عەمەلیاتی لەخۆبگرێت. هەر دۆخێکی جەنگی کە هەڵسەنگاندنی سەرجەم لایەنەکان و قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پێکبهێنێت، دۆخی گشتی جەنگە. ئەرکی زانستی ستراتیژی خوێندنەوەی ئەو یاسایانەی هیدایەتکردنی جەنگە کە زالە بەسەر دۆخی گشتی جەنگدا، بۆچی دەبێت فەرماندەیەکی ئۆپەراسیۆنی ئەپراتیف یان تاکتیکی تا ئاستێک لە یاسا ستراتیژیەکان تێبگات؟ چونکە بە هۆی تێگەیشتنی گشتەوە باشتر دەتوانێت لە بەشەکاندا بکارێت، چونکە بەش پەیرەوی لەگشت دەکات. ئەو بۆچوونە کە سەرکەوتن تەنها لەرێگای دەگمەنە تاکتیکیەکانەوە بە دەستدێت، بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە ئەو راستیە پشتگوێ دەخات کە

سەرکەوتن یان دۆڕانی جەنگ بە گشتی و لە پلەی یەکەمدا بەندە بە لێکدانەوە و دۆخی گشتی و قۆناغە جۆراوجۆرەکانییەوە. ئەگەر لە بەراورد کردن و لێکدانەوەی دۆخی گشتی و قۆناغە جۆراوجۆرەکانیدا کەموکوڕی و هەڵەی بەرچاو رووبدات، بە دڵنیایەوە جەنگەکە رووبەڕووی شکست دەبێتەوە. کاتێک دەوترێت:»هەنگاوێکی حیساب بۆکراوە، نە ئەو هەنگاوەی کە تەنها تایبەتمەندی لاوەکی هەیە بۆ کۆی دۆخەکە دیاریکەر نییە و ئەوەی کە لە شەترەنجدا راستە، سەبارەت بە جەنگیش هەر وایە، بەڵام دۆخی گشتی ناتوانێت سەربەخۆ و جیاکراوە لەبەشەکانی خۆیبێت، چ دۆخێکی گشتی لەکۆی بەشەکانی خۆی پێکدێت. جاروبار لەوانەیە هەندێک لەبەشەکان بە بێ ئەوەی کاریگەریەکی جیدی لەسەر دۆخی گشتی دابنێن، تووشی دارمان یان شکست ببن، چونکە ئەم بەشانە دیاریکەر نەبوون بۆ دۆخی گشتی. زۆرجار ئەوە روودەدات کە لە کردەی تاکتیکی یان ئەپراتیڤی هەندێک لە شکستەکان یان سەرکەوتوو نەبوون دەبێتە هۆی بشێوی لەدۆخی گشتی جەنگدا، چونکە ئەو شکست و سەرکەوتوو نەبوونانە

خاوەنی بایەخێکی لێبڕاو نەبوون. بەڵام شکست زۆربەی کردەکانی ئەپراتیڤ کە دۆخی گشتی جەنگ پێکدەهێنێت یان شکستی یەک یان دوو تاکتیکی دیاریکەر، دۆخی گشتی دەستبەجێ دەگۆڕێت. لێردا»زۆربەی کردە تاکتیکیەکان« و یان «یەک یان دوو کردوەی تاکتیکی دیاریکەرن. لە مێژووی جەنگەکاندا بینراوە کە دوای زنجیرەیەک سەرکەوتن، شکست لە جەنگێکدا بە تەنهایی بووەتە هۆی لەناوبردنی سەرجەم دەستکەوتەکانی پێشوو، یان دوای چەندین شکستی یەک لە دوای یەک، سەرکەوتن لە جەنگێکدا بە تەنهایی دەتوانێت دۆخێکی نوێ بخولقێنێت.لەو خاڵانەی سەرەوەدا «زنجیرەیەک سەرکەوتن» یان «زنجیرەیەک شکستی یەک لە دوای یەک» تەنها تایبەتمەندی لاوەکی هەیە و هیچ رۆڵێکی دیاریکەری لەکۆبەندی دۆخەکەدا نەگێڕاوە. لەکاتێکدا بە پێچەوانە، «شکست لەجەنگێکدا بە تەنهایی» یان «سەرکەوتن لە جەنگێک بە تەنهایی» رۆڵی دیاریکەریان بوو. هەمووی ئەمانە دەلیلن بۆ لێکدانەوەی تێکڕای دۆخەکە. بۆ کەسێک کە فەرماندەیی گشتی ئۆپەراسیۆنەکەی لە ئەستۆدایە، لە هەموو

شتێک گرنگتر سەرنجدان بە لێکدانەوە و دۆخی گشتی جەنگە. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە ئەو دەبێت سەرجەم مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە ڕێکخستنی یەکەکان و فۆرمە سەربازیەکانی خۆی، پەیوەندی نێوان ئۆپەراسیۆنە تاکتیکیە جیاوازەکان، پەیوەندی نێوان قۆناغە جیاوازەکانی ئۆپەراسیۆنێک، پەیوەندی نێوان کۆی چالاکی بەرەی خۆیی و کۆی چالاکی بەرەی دوژمن بەگوێرەی دۆخی ئێستا لە بەرچاوبگرێت. هەمووی ئەمانە پێویستی بە وردبینی و هەوڵی زیاتری ئەوە، ئەگەر ئەو ئەم مەسەلانە لەبەرچاو نەگرێت و خۆی لەگەڵ مەسەلە لاوەکیەکان سەرقاڵ بکات، بە سەختی دەتوانێت خۆی لەشکست رزگاربکات. پەیوەندی نێوان کۆ و بەش نەک هەر سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ستراتیژی و تەکنیکی ئۆپەراسیۆنی ئەپراتیڤ، بەڵکوو سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تەکنیکی ئۆپەراسیۆنی ئۆپراتیڤ و تاکتیکیش دروستە. نمونە زانستیەکەشی بریتیە لە پەیوەندی نێوان ئۆپەراسیۆنی لەشکرێک و چالاکی فەیلەق و کەتیبەکانی، یان پەیوەندی نێوان ئۆپەراسیۆنی کەتیبەیەک و دەستە و تیمەکانی، فەرماندە لەهەر

پلەیەکدا بێت، دەبێت سەرنجەکانی خۆی لەسەر مەسەلە یان ئەپەراسیۆنێک چڕ بکاتەوە کە بە گشتی دۆخێک کە لەچوارچێوەی بەرپرسیارێتی ئـەودایـە، گرنگترین و لـێبڕاوانـەتریـن ڕۆڵ بگێڕێت، نەک مەسەلە یان ئۆپەراسیۆنی دیکە. بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی کە چ شتێک گرنگ یان دیاریکەرە، نابێت دۆخی گشتی یان تاک لە بەرچاو بگیرێت، بەڵکوو پێویستە دۆخی دیاریکراو بکرێتە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە. لە هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیدا گۆشە و خاڵی هێرش دەبێت بە گوێرەی بارودۆخی دوژمن، دۆخـی زەوی و توانای هێزە خۆیەکان هەر لەو ساتەدا دەستنیشان بکرێت. لەناوچەیەکدا کە خـۆراک زۆرە، دەبێت وریابیت لـەوەی کە سەربازەکان زۆر نەخۆن و لەو ناوچانەی کە خۆراکی پێویست نییە، دەبێت ئاگارداری ئەوە بیت کە سەربازەکان برسیان نەبێت. لە ناوچە سپیەکاندا دزەکـردنـی تۆسقاڵێک زانیاریش لەوانەیە ببێتە هۆی شکستهێنانی هەڵمەتەکانی دواتر. ئەو پرسە لەناوچەی سووردا مەسەلەیەکی ئـەوەنـدە جیدی نییە. لـەهـەنـدێک هەڵمەتدا پێویستە کە فەرماندە پلە بەرزەکان بەشداری

تێدا بکەن، بەڵام لەهەندێکی دیکەیاندا پێویست نییە. لە قوتابخانەیەکی سەربازیدا گرنگترین مەسەلە بریتیە لەهەڵبژاردنی بەڕێوەبەر و مامۆستا و دەستنیشانکردنی ڕێنمایەکانی پەروەردە، لەگردبوونەوەیەکی جەماوەریدا دەبێ زیاتر گرنگی بە ڕێکخستنی جەماوەر بۆ بەشداری کردن تێیدا و دروشمی گونجاوی تێدا بەرزبکرێتەوە، چەندین شتی دیکەی لەو چەشنە، بە کورتی، بنەمای سەرەکی ئەوەیە کە دەبێت سەرەنجەکان لەسەر ئەو بازنە گرنگانە چڕبکرێنەوە کە تێکڕای دۆخەکە بەوانەوە گرێدراوە. لەخوێندنەوەی یاساکانی زاڵ بەسەر دۆخی گشتی جەنگدا تێفکرین و لێوردبوونەوەی پێویست دێت. چونکە ئەوەی کە لەگەڵ کۆبەندی دۆخەکەدا لە پەیوەندیدایە، بە چاونابینرێت و مرۆڤ ناتوانێت دەرکی پێبکات مەگەر ئەوەی کە بە قوڵی تێفکرێت، ڕێگایەکی دیکە بوونی نییە. بەڵام لەو ڕووەوە کە کۆ پێکهاتووە لە بەشەکان، کەسێک کە لەبەشدا ئەزمونی هەیە، لە ئۆپەراسیۆنی ئەپراتیڤ و لە تاکتیکدا ئەزمونی هەیە. دەتوانێت مەسەلەیەکی گەورەتر درک بکات بەو مەرجەی کە بە ڕاستی بیەوێت بە

قوڵی تێفکرینی بۆ بکات. مەسەلە ستراتیژەکان بریتین لە: لە بەرچاوگرتنی پەیوەندی نێوان دوژمن و خۆیی، لە بەرچاوگرتنی پەیوەندیەکانی نێوان ئۆپەراسیۆنەکانی ئەپراتیڤە جۆراوجۆر یان نێوان قۆناغە جیاوازەکانی ئۆپەراسیۆنێک، لەبەرچاوگرتنی ئەو توخمانەی کە لەتێکڕای دۆخەکەدا کاریگەرن (رۆڵێکی دیاریکەریان هەیە)، لەبەرچاوگرتنی رەهەندە تایبەتیەکانی دۆخی گشتی، لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی نێوان جەبهە و پشتی جەبهە، لە بەرچاوگرتنی جیاوازی و پەیوەندی نێوان زیانەکان و ساڕێژەکان، هەڵمەت و پشوو، جێگیرکردن و سەنگەرگرتنی هێزەکان، هێرش و بەرگری، خۆحەشاردان و هاوڕەنگکردن، هێرشی بەرفراوان و هێرشی یارمەتی، هێرش چەسپاندن، چڕبوونەوە و چڕنەبوونەوەی فەرماندەیی جەنگی درێژخایەن و جەنگی کورتخایەن، جەنگی مانەوە لە سەنگەر و جەنگی جوڵەپێکراو، هێزە خۆیەکان و هێزە دۆستەکان، ئەم پلە و ئەو پلە، سەرۆک و ژێردەستەکانی، کادیرەکان و بێپلەکان، سەربازانی پێشینەدار و سەربازە نوێیەکان، کادیرە بەرزەکان و کادیرە پلە نزمەکان، کادیرە

دێرینەکان و کادیرە نوێیەکان، ناوچەی سوور و ناوچەی سپی، ناوچەی سووری کۆن و ناوچەی سووری نوی، ناوەچەی ناوەندی و ناوچەی سنووری، وەرزی گەرما و وەرزی سەرما، سەرکەوتن و شکست، یەکە بچوکەکان و یەکە گەورەکان، سوپای رێک و پێک و یەکەی پارتیزانی، لەناوبردنی دوژمن و راکێشانی جەماوەر، فراوانکردنی ریزەکانی سوپا و پتەوکردنەوەی، کاری سەربازی و کاری سیاسی، ئەرک لە ئەم یان ئەو دۆخدا، بەرەی جێگیر و بەرەی ناجێگیر، جەنگی ناوخۆیی و جەنگی نیشتمانی، ئەم قۆناغی مێژوویی و ئەو قۆناغی مێژووی و هتد.. هیچ کام لەم مەسەلە ستراتژیانە ناتوانرێت بە چاوببینرێت، بەڵام ئەگەر مرۆڤ بە قوڵی بڕوانێت، دەتوانێت هەمووی ئەم مەسەلانە روون بکاتەوە و لێتێبگات و زاڵبێت بە سەریدا. د. بە واتایەکی تر دەتوانرێت تێکڕای مەسەلە گرنگەکانی جەنگ یان ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ ئاستی بەرزتری بنەماکان بەرزبکرێتەوە لەوێدا چارەسەر بکرێت. ئەرکی خوێندنەوەی مەسەلەکانی ستراتیژی بەم ئامانجەوە بەستراوەتەوە.

### 4– گرنگ ئەوەیە کە بتوانین فێرببین

بۆچی ئێمە سوپای سوورمان پێکهێناوە؟ بۆ ئەوەی کە لەو ڕێگایەوە دوژمن تێکبشکێنین؟ بۆ ئەوەی بتوانین لە جەنگدا بەکاریبهێنین. فێربوون سەختە، بەڵام لەوە سەختتر فێربوون و بەکارهێنانییەتی. زۆر کەس لە پۆلەکانی خوێندن و یان لە کتێبەکاندا کاتی قسەکردن سەبارەت بە زانستی سیستم خاوەن بۆچوون و بیرچاک دێنە بەرچاو، بەڵام کاتێک کە جەنگێک ڕوودەدات، هەندێکیان سەرکەوتوو دەبن و هەندێکی دیکەیان شکست دەهێنن. مێژووی جەنگەکان و ئەزمونی ئێمە لەجەنگ سەلمێنەری ئەو بابەتەیە. کەواتە کلیلی چارەسەری ئەم بابەتە لە کوێیە؟ ئێمە لە ژیانی ڕاستەقینەدا ناتوانین چاولەدەست بین بۆ ئەوەی «پلەدارانی هەمیشە سەرکەوتوو» بوونیان هەبێت. مێژوو لەم جۆرە فەرماندانەی زۆر کەم بە خۆیەوە بینیوە. چاوەڕوانی ئێمە لە فەرماندەکانمان کە دلێر و تێگەیشتوو بن و لە شەڕی درێژخایەندا بە تەواوەتی سەرکەوتوو بن – فەرماندەگەلێک کە دانایی و بوێریان لە یەک جیدا هەیە. کەسێک کە دەیەوێت دانایی و بوێری هەبێت، پێویستە شێوازێک بۆ خۆی هەڵبژێرێت – شێوازێک کە پێویستە هەم لە

فێربووندا بەکار ببرێت هـەم لە بەکارهێنانی ئەوەی کە فێری بووە. ئەم شێوازە چییە؟ ئەم شێوازە بریتیە لەئاشنابوون لەگەڵ سەرجەم دۆخەکانی دوژمن و دۆخی خۆییدا، دۆزینەوەی یاساکانی زاڵ بەسەر ئۆپەراسیۆن دوو لایەن و بەکارهێنانی لە ئۆپەراسیۆنە خۆیەکاندا. لە رێسا سەربازیەکاندا زۆربـەی وڵاتـان ئامۆژگاریان سـەبـارەت بـە پێویستی «نـەرمـی نـوانـدن لە بەکارهێنانی بنەماکان بە گوێرەی بارودۆخ» و هەروەها رێنوێنیگەلێک سەبارەت بە گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست لە کاتی شکستدا دەبینرێت. ئامۆژگاریەکان فەرماندەکان لە هەڵەی زەینی کە سەرچاوەگرتووە لە بەکارهێنانی میکانیکیانەی بنەماکان، دەپارێزێت و رێنمایەکان دەریدەخەن کە ئەگەر فەرماندەیەک تووشی هەڵەی زەینی ببێت یان ئەگەر گۆڕانکاری پێشبینی نەکرا و حاشاهەڵنەگر لە دۆخی عەینیدا روویـدا، چۆن دەبێت هەڵسوکەوت بکات. بۆچی هەڵەی زەینی روودەدەن؟ چونکە دامـەزران و فەرماندەیی کردنی هێزەکان لە جەنگێک یان هەڵمەتێکدا لەگەڵ بارودۆخی کات و شوێن هاوتەریب نەکردوە، دۆخی زەینی لەگەڵ دۆخی عەینی هاوتەریب نەبووە و یان جیاوازی لەگەڵ نەبووە.

بەواتایەکی تر چونکە جیاوازییەکانی نێوان عەین و زەین چارەسەر نەبووە. مرۆڤەکان لەهەر کارێکدا کە دەیکەن، بە کەمی دەتوانن لەسەرهەڵدانی وەها دۆخێک رێگری بکەن، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە کە هەندێک بە لێوەشاوەیی زیاترەوە لە ئەستۆی کارەکە بەردێن و هەندێکی کەمتر، بەوجۆرەی کە ئێمە سەبارەت بە هەر کارێک داوای لێوەشایوەیەکی زیاتر دەکەین، لەبواری سەربازیشدا دەمانەوێت سەرکەوتنەکان زیاتر یان بە پیچەوانە شکستەکان کەمتر بن. لێرەدا بابەتەکە لەسەر ئەوەیە کە زەین دەبێت بە شێوەی گونجاو هاوتەریبی عەین بکرێت. نمونەیەک لەبواری تاکتیکدا دەهێنینەوە. ئەگەر خاڵێک بۆ هێرشکردن دەستنیشان بکرێت، یەکێک لە باڵەکانی دوژمن و رێک پشت بەستوو بە خاڵی لاوازی دوژمن بێت لە ئەنجامدا هێرشەکە سەرکەوتن بە دەستبهێنێت، دەردەکەوێت کە دەبێت زەین لەگەڵ عەین هاوتەریب بوبێت، واتا کاری دۆزینەوە داوەری و بڕیارەکانی فەرماندەکان لەگەڵ دۆخی راستەقینەی دوژمن رێکخستن و جێگیرکردنی هێزەکانی هاوتەریب بێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر خاڵێک کە بۆ هێرشکردن

هەڵبژێردراوە، گۆشەیەکی تر یان دڵی دوژمن بێت، دەرەنجام هێرشەکە رووبەڕووی دیوارێکی دڕکاوی بێتەوە و سەرکەوتو نەبێت، دەردەکەوێت کە لەنێوان عەین و زەیندا هاوتەرییبیەک نەهاتوەتە ئـــاراوە، ئـەگـەر سـاتـی هێرشکردنەکە لەکاتی گونجاودا دەستنیشان بکرێت، ئەگەر هێزی یەدەگ لەکاتی گونجاودا بەکاربهێنرێت و تێکڕای چالاکی و کردارێک کە لەکاتی هەڵمەتدا ئەنجام دەدرێت، بە سودی ئێمە و بە زیانی دوژمن بێت، دەردەکەوێت کە بە درێژایی ئۆپەراسیۆنەکە رێنوێنی زەینی لەگەڵ دۆخی عەینیدا هاوتەرییبی تەواوی هەبووە. ئەم جۆرە هاوتەریب بوونە لەکاتی جەنگ یان هەڵمەتدا زۆر ناوازەیە، چونکە لایەنەکانی بەشداری بووی جەنگ یان هەڵمەتەکە لەژمارەیەکی زۆر مرۆڤ پێکهاتووە چەکدارن و نهێنییەکانی خۆیان دەشارنەوە، ئەمەش لەگەڵ تەنە بیرۆحەکان و یان کاروباری رۆژانـە جیاوازی زۆرە. بەڵام ئەگەر فەرماندەیی لەگەڵ هێڵی گشتی واتا توخمێک لەوان کە خاوەنی گرنگی و بایەخی دیاریکەرن، لەگەڵ دۆخی راستەقینەدا بگونجێن، لەو کاتەدا بناغەی سەرکەوتن دانراوە.

جێگیـرکـردن و سـەنـگـەربـەنـدی بـەجـێ و

گونجاوی هێزەکان لە بڕیارە بەجێکانی فەرماندەوە سەرچاوە دەگرێت، بڕیارە بەجێکانی فەرماندە سەرچاوە لەدادیاریە دروستەکانی ئەوەوەدەگرن، داوەریە دروستەکانیشی پشت بە کاری دۆزینەوە و ناسینی ورد و پێویست و گواستنەوەی هەموو زانیاریە جۆراوجۆرەکان کە لەکاری دۆزینەوە و ناسیندا بەدەست هاتووە، دەبەستێت. فەرماندە تەواوی شێوازە مومکین و پێویستەکانی تایبەت بە دۆزینەوە و ناسین بەکاردەهێنێت و سەرجەم ئەو زانیاریانەی کە لەدۆخی دوژمن دەستی کەوتووە هەڵدەسەنگێنێت و کا لە گەنم جیادەکاتەوە، ئەوەی کە دروست نییە دەیسڕێتەوە و ئەوەی دروستە تۆماری دەکات، لە یەکێکەوە بۆ ئەوی تردەچێتە پێش و لەناوەوە بۆ دەرەوە رۆدەچێت، ئەو کات هێزەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێت، خوێندنەوە بۆ هاوسەنگی هێزی هەردوولا دەکات و پەیوەندیەکانی نێوانیان شرۆڤە دەکات و لەکۆتاییدا دەست بۆ داوەری کردن دەبات و بڕیار دەدات و پلانەکانی رێکدەخات. ئەمەیە پرۆسەی تەواو و کامڵی ناسینی دۆخ کە ستراتیژیزانێکی سەربازی دەبێت بەر لە رێکخستنی هەر نەخشەیەکی ستراتیژی،

نەخشەی ئەپراتیڤ یان نەخشەی ئۆپەراسیۆنی تاکتیکی بپێویێت. بەڵام ستراتیژێکی سەربازی ناوشیار لەبری ئەوەەی بەم جۆرە هەڵسوکەوت بکات، پلانە سەربازیەکانی لەسەر بنەمای زەینی خۆی دادەڕێژێت و بەم هۆیەشەوە ئەم جۆرە نەخشانە بەخەیاڵی دێنەبەرچاو لەگەڵ راستیدا ناگونجێن. ستراتیژداڕێژێکی خۆویست کە تەنها پشت بە شەوق و زەوقی خۆی دەبەستێت، دەکەوێتە داوی دوژمنەوە، بەو زانیاریە رواڵەتی و ناتەواوەی کە لەدوژمن بە دەستیهێناوە، لەخۆبایی دەبێت یان دەکەوێتە ژێرکاریگەری پێشنیارە نابەرپرسیارانەکانی ژێردەستانی خۆیەوە کە پشتی بە ناسینی راستەقینەو بیرکردنەوەی قووڵ نەبەستووە، بەم جۆرە بە ناچاری سەری لە بەرد دەدات، چونکە ئەو نازانێت یان نایەوێت بزانێت کە هەر نەخشەیەکی سەربازی دەبێت بە پشت بە دۆزینەوەی پێویست وردبوونەوەی قوڵ لەدۆخی خۆیی و دوژمن هەروەها پەیوەندی بەرامبەر یەکی ئەوان ببەستێت. پرۆسەی ناسینی بارودۆخ نەک هەر بەر لەپرۆژەی نەخشەی سەربازی، بەڵکوو دوای ئەوەش بەردەوام دەبێت. لە جێبەجێکردنی نەخشەیەکی سەربازیدا،

لەهەمان دەستپێکی جێبەجێکردنی پرۆسەکەوە تا کۆتایی، پرۆسەیەکی دیکەی لەناسینی دۆخ لەئارادا دەبێت کە پرۆسەی پراتیکی پێدەوترێت. لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیەدا دەبێت دیسان بکۆڵدرێتەوە کە ئایا نەخشەیەک کە لە پرۆسەی پێشوودا رێکخراوە لەگەڵ راستیەکان دێتەوە یان نا. ئەگەر نەخشەکە لەگەڵ راستیدا نەگونجێت، دەبێت بە پشتبەستن بە زانیاریە نوێیەکان لێکدانەوەی نوێی بۆ بکرێت، بڕیاری تازەی لێبدرێت و دەستکاری نەخشە سەرەکیەکە بکرێتەوە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ دۆخی نویێ هاوتا بکرێت. گۆڕین و راستکردنەوەی نەخشەکە لەهەموو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیدا ئەنجام دەدرێت تەنانەت هەندێک جار پلانەکە لە بنەڕەتەوە دەگۆڕدرێت. ئەو کەسەی کە لە پێویستی وەها گۆڕینێک تێنەگات یان خواستی وەها گۆڕینێکی نەبێت تەنها کوێرانە دەجوڵێتەوە. دیسان سەری لە بەرد دەداتەوە. ئەوەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، هەم بۆ ئۆپەراسیۆنی ستراتیژی پیویستە هەم بۆ ئۆپەراسیۆنی تاکتیکی و ئەپراتیڤ. سەربازیەکی بە ئەزمون، بەو مەرجەی بە هێمنی و لەسەرخۆیی فێرببێت، دەتوانێت

تایبەتمەندیەکانی هێزەکانی خۆی (فەرماندەکان، تاکەکان، چەک، خۆراک و هتد و کۆی ئەم هۆکارانە و هەروەها تایبەتمەندیەکانی هێزەکانی دوژمن (فەرماندەکان، تاکەکان، چەک، خۆراک و هتد و کۆی ئەم هۆکارانە) و ئەو هەلومەرجانەی کە پەیوەندیدارە بە جەنگەوە – وەکو بارودۆخی سیاسی، ئابوری، جۆگرافی، کەش و هەوا و ...هتد بە باشی بناسێت، وەها کەسێکی سەربازی بە دڵنیابوونێکی زیاترەوە جەنگ یان ئۆپەراسیۆنی سەربازی رێبەری دەکات لێوەشاوەییەکی زیاتر بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن دەبێت. ئەو ئەم سودە لەو رووەوە بە دەست دێنێت کە لەماوەیەکی دوور درێژدا بارودۆخی هێزەخۆیەکان و هێزەکانی دوژمنی ناسیوە، یاساکانی کرداری دۆزیوەتەوە و ناکۆکیەکانی نێوان زەین و عەینی چارەسەرکردوە. ئەم پرۆسەی ناسینە زۆر گرنگە، بە بێ ئەم ئەزمونە کە لە ماوەیەکی دورودرێژدا بەدەستهاتووە، بە سەختی دەتوانرێت یاساکانی زاڵ بەسەرتاسەری جەنگ فێر ببیت و لێی تێبگەیت. ئەو کەسانەی کە تەنها لە سەر کتێب جەنگ دەناسن، ناتوانن فەرماندەیەکی پلە بەرز و بە راستی توانا بن، تەنها ئەو کەسەی کە

له گۆڕەپانی جەنگدا پـەروەردە بـووە، شیاوی وەها پلەیەکە. تێکڕای یاساکانی جەنگ و تیۆریە سەربازیەکان کە ڕەهـەنـدی بنەڕەتیان هـەیە، بیلانی ئەزمونی ئەو جەنگانەن کە پێشینیانی ئێمە یان هاوچەرخەکانی ئێمە دایانڕشتووە. دەبێت ئەو وانانەی کە لەجەنگەکانی ڕابردووەوە بە ئێمە گەیشتووە و بە بەهای خوێن کۆتایی هاتووە، بە وردی بکۆڵینەوە. ئەمە یەکێک لەئەرکەکانی ئێمەیە. بـەڵام ئێمە ئەرکێکی دیکەشمان هەیە ئەویش ئەوەیە کە بە هاوکاری ئەزمونەکانی خۆمان دەرەنجامەکان تاقی بکەینەوەو ئەوەی کـە سـودمـەنـدە وەریـبـگـریـن و ئـەوەشـی کە بێکەڵکە دووریبخەینەوە و ئەوەشی کە تایبەتە بە خۆمان بخرێتە سـەری. ئەم ئەرکە دووەمە گرنگیەکی گەورەی هەیە، ئەگەر ئێمە بەم جۆرە هەڵسوکەوت نەکەین، توانانیی کۆنترۆڵکردنی جەنگمان نابێت. کتێب خوێندنەوە فێربوونە، بەڵام خستنەکاری فێربوونیش دیسان فێربوونە، تەنانەت جۆری باشترەکەشی. شێوازی سەرەکی ئێمە فێربوونی جەنگە لە کاتی جەنگدا.

تەنانەت کەسێکیش کە نەخوێندەوار بێت توانای فێربوونی جەنگی هەیە، ئەو دەتوانێت لەڕێگەی

جەنگەوە فێری جەنگ بێت. جەنگی شۆڕشگێڕانە کاری جەماوەرەو بە زۆری لەو بابەتانە نییە کە لەسەرەتادا بکرێتە کردار و دواتر فێری ببیت، چونکە پراتیککردن خۆی فێربوونە، لەنێوان کەسێکی سەربازی و ناسەربازیدا جیاوازی هەیە، بەڵام ئەو جیاوازیە دیواری گەورەی چین نییە و دەتوانرێت بە خێرایی لەناو بچێت، رێگەچارەی لە ناوبردنیشی بەشداریکردنە لە شۆڕش و جەنگدا. کاتێک ئێمە دەڵێن فێربوون و بەکارهێنان پرسێکی ئاسان نییە، مەبەستمان ئەوەیە کە فێربوون و بەکارهێنانی لێهاتوانە کارێکی سەخت و ئەستەمە. کاتێک ئێمە دەڵێین کەسێکی ناسەربازی دەتوانێت ببێتە سەربازی، مەبەستمان ئەوەیە تێپەڕین لەو رێڕەوەوە کارێکی سەخت نییە.

لە وەسفکردنی یەکگرتنی ئەو دوو حوکمەدا لێرەدا وتەیەکی پێشینیانی چین دەهێنینەوە کە دەڵێت: «لە جیهاندا هیچ گرفتێک ناتوانێت لەبەرامبەر مرۆڤی بە ئیرادەدا بەرگە بگرێت». تێپەڕین لە دەروازەوە گرفت نییە، لێهاتویی و شارەزاییش پرسێکی مومکینە، بە مەرجێک مرۆڤ ئیرادە بکات و توانای فێربوونی هەبێت. یاسای جەنگیش هاوشێوەی یاساکانی زاڵ بە سەر تەن و دیاردەکانی تر،

ڕەنگدانەوەی ڕاستیە عەینییەکانە لەزەینی ئێمەدا، هەور شتێک لەدەرەوەی زەینی ئێمەدایە، ڕاستی عەینی نییە. کەواتە بابەتی جێی لێکۆڵینەوە و ناسینی ئێمەش دۆخی دوژمنیش لەخۆدەگرێت و هەم دۆخی خۆمانیش لە خۆدەگرێت، ئەو دوو جیهەتە دەبێت بابەتی جێی خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێمە بێت. لەحالەتێکدا کە خوێندنەوە و تاتوێکەر تەنها زەینی ئێمەیە. کەسانێک هەن کە دەتوانن خۆیان باش بناسن، بەڵام توانای ناسینی دوژمنیان نییە و کەسانێکیش هەن کە دەتوانن دوژمن بەباشی بناسن، بەڵام توانای ناسینی خۆیانیان نییە، نە ئەمانە و نە ئەوانی تر هیچیان توانای چارەسەری کێشەی پەروەردە و بەکارهێنانی یاساکانی جەنگ نین. قسەگێڕانەوەیەک لە کتێبی سۆن ئۆزی، تیوری داڕێژی سەربازی بەناوبانگی چینی دێریندا دەڵێت: »ئەگەر خۆت و دوژمن بناسیت، سەد جار دەجنگیت و ناکەویتە مەترسیەوە«. ناوەرۆکی ئەو ڕستەیە دوو قۆناغ لەخۆدەگرێت – قۆناغی فێربوون و بەکارهێنان، واتا ناسینی یاساکانی کامڵبوونی ڕاستیە عەینییەکان و دیاریکردنی کردەکانی خۆمان بە گوێرەی ئەو یاسایە بە مەبەستی زاڵبوونە بەسەر دوژمنێکدا کە لە بەرامبەرماندایە. ئێمە نابێت بایەخی کەم بەم وتەیەی پێشینیان

بدەین. جەنگ، بەرزترین شێوازی خەبات لە نێوان نەتەوەکان و دەولەتەکان، لە نێوان چینەکان و گروپە سیاسیەکاندا، نەتەوەکان، دەولەتەکان، چین و گروپە سیاسیەکان کە لە جەنگدان، سەرجەم یاساکانی جەنگ بە مەبەستی بە دەستهێنانی سەرکەوتن بەکاردەهێنن. بێگومان سەرکەوتن یان دۆڕان لەجەنگدا بە زۆری بارودۆخی سەربازی، سیاسی، ئابوری و سروشتی دوو لایەنی شەڕکەر دیاریدەکات. بەڵام ئەمە تێکڕای بابەتەکە نییە. توانای زەینی لایەنەکان لەکۆنترۆڵکردنی ئۆپەراسیۆنی جەنگیدا لەدیاریکردنی ئەنجامی جەنگدا کاریگەرە. ستراتیژدانەیکی سەربازی لەهەولەکانیدا بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن ناتوانێت لەو کۆسپانەی کە دۆخی مادی پێکیهێناوە، ئەو لاتر بچێت، بەڵام دەتوانێت و پێویستە بە بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەو چوارچێوە دیاریکراوەدا هەوڵبدات. شانۆی چالاکی ستراتیژ دانەرێکی سەربازی لەسەر بنەمای مادی عەینی دروست دەکرێت، بەڵام ئەو دەتوانێت لەسەر ئەو شانۆیە رێبەرایەتی حەماسەیەکی پڕشکۆ بکات کە لێوان لێوە لەرەنگەکان و ئاهەنگە پڕ لە هێزەکان. لەو رووەوە فەرماندەکانی سوپای سووری ئێمە دەبێت لەسەر بنەمای عەینی ئێستا، واتا لەسەر بنەمای

دۆخی سەربازی، سیاسی، ئابوری و سروشتی هێزی بێباک و لێوەشاوەیی خۆی گەشە پێبدات، سەرجەم ئەو هێزانەی کە لەژێر کۆنترۆڵیدایە، بۆ تێکشاندنی دوژمنانی نەتەوەیی و چینایەتیمان بخەینە گەڕ و ئەم جیهانە گەندەڵە ژێروروبکەین. لێرەدایە کە توانا زەینییەکانی ئێمە دەتوانێت و دەبێت لەکۆنترۆڵکردنی جەنگدا بکەوێتەکار. ئێمە رێگە بە هیچ فەرماندەیەکی سوپای سوور نادەین کە وەکو مرۆڤێکی بێمێشک و سەرکێشی لێبێت کە بە شێوەی شەلم کوێرم ناپارێزم چەپ و راستی خۆی دەکاتە ئامانج، ئێمە دەبێت فەرماندەکانی سوپای سوور هان بدەین بۆ ئەوەی کە بە شێوەی قارەمانانی دلێر و تێگەیشتوویان لێبێت و نەک هەر بوێری زاڵبوون بە سەرهەموو کۆسپەکانیان بێت، بەڵکوو بتوانن جەنگەکە لەدەستپێکەوە تا کۆتایی لەسەرجەم ئاڵوگۆڕ و هەڵکشان و داکشانەکاندا کۆنترۆڵ بکەن. فەرماندەی سەربازی کە لە زەریی بێ ئەوپەڕی جەنگدا مەلە دەکات، نەک هەر پێویستە خۆی لە نوقمبوون بپارێزێت، بەڵکوو دەبێت توانای ئەوە تێدا بێت بە هەنگاوی هاوسەنگ و دڵنیاوە خۆی بگەیەنێتە کەنارەکانی سەرکەوتن. یاساکانی رێنوێنی کردنی جەنگ، تەکنیکی مەلەوانییە لەزەریای جەنگدا. ئەمەیە شێوازەکانی ئێمە.

## حزبی کۆمۆنیستی چین و
## جەنگی شۆڕگێڕانەی چین

**بەشی دووەم**

جەنگی شۆڕشگێڕانەی چین کە لە ساڵی 1924ـەوە دەستیپێکردوە تا ئێستا بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە: قۆناغی یەکەم لە ساڵی 1924ـەوە بۆ ساڵی 1927 و قۆناغی دووەمیش لەساڵی 1927ـەوە بۆ 1936 بەردەوام بووە و لە ئێستادا قۆناغی جەنگی شۆڕشگێڕانەی نیشتمانی لە دژی چین دەکرێتەوە. جەنگی شۆڕشگێڕانەی چین لەم سێ قۆناغەدا لەلایەن پرۆلیتاریای چین و پارتەکەی و پارتی کۆمۆنیستی چینەوە ڕێبەرایەتی دەکرێت. دوژمنانی سەرەکی ئێمە لە لە جەنگی شۆڕشگێڕانەی چیندا ئیمپریالیزم و هێزە فیوداڵییەکانن. ئەگەرچی بۆرژوازیی چین لەوانەیە لە ساتەوەختی مێژوویی دیاریکراودا بەشداریی جەنگی شۆڕشگێڕانە بکات، بەڵام بەهۆی خۆویستی و نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری نە دەتوانێت و نە دەیهەوێت ڕێبەرایەتی جەنگی شۆڕشگێڕانەی چین تا کۆتایی بکات.

جوتیاران و هێزە وردەبـۆرژوا شاریەکان دەیـانـەوێـت چـالاکـانـی بـەشـداریـی جەنگی شۆڕشگێڕانە بکەن و بە سەرکەوتنی کۆتایی بگەیەنن. ئـەوان هـێزە سەرکیەکانی جەنگی شۆڕشگێڕانەن، بەڵام لەو ڕووەوە کە خاوەنی تایبەتمەندیی وردە بەرهەمهێنیان هەیە، ئاسۆی روانینی سیاسی ئەوان بەرتەسکە (و بەشێک لە سوپای بێکارانیش خاوەنی باوەڕی ئەنارشیستین) و بەو هۆیەشەوە ناتوانن جەنگ بە دروستی ڕێبەری بکەن. بۆیە لەو کاتەوە کە پڕۆلیتاریا پێی ناوەتە گۆڕەپانی سیاسیەوە، بەرپرسیارێتی ڕێبەرایەتی جەنگی چین دەکەوێتە ئەستۆی پارتی کۆمۆنیستی چینەوە. لەوەها سەردەمێکدا هەر جەنگێکی شۆڕشگێڕانە کە لەلایەن چینی کرێکاران و پارتی کۆمۆنیستەوە ڕێبەرایەتی نەکرێت یان لە قەڵمڕەو ڕێبەرایەتی ئەو دەربێت، مەحکومە بە شکست. چونکە لە سەرجەم توێژە کۆمەڵایەتیەتی و دەستە سیاسیەکان چینی نیوەکۆڵۆنی تەنها پڕۆلیتاریا و پارتی کۆمۆنیستن کە لە تەسکبیری و خۆویستی بەدوورن و خاوەنی بەربڵاوترین ئاسۆی سیاسی و بەرزترین پلەی ڕێکخراوبوونن و زیاتر لە

هەموان توانای ئەوەیان هەیە کە لە ئەزمونەکانی پڕۆلیتاریای پێشەنگی جیهان و پارتە سیاسیەکانی بە بەوپەڕی سەرخۆیی و بێ لوتبەرزی فێریان بکات و ئەوان لەپێناو پێشخستنی پرسەکانیدا بەکاربهێنێت. بەم هۆکارانە تەنها پڕۆلیتاریا و پارتی کۆمۆنیستن کە دەتوانن جوتیاران، وردە بۆرژوازی شار ڕێبەری بکەن و زاڵبن بەسەر بیرتەسکی جوتیاران و وردەبۆرژواکاندا، هەر وەها زاڵبن بە سەر داگەڕانی هۆزی بێکاراندا بۆ خراپەکاری و هەڵبەزدابەزەکانی بۆرژوازی ( هەڵبەت بەو مەرجەی کە لەسیاسەتەکانی خۆیاندا تووشی هەڵە نەبن) و داهاتوو شۆڕش و جەنگ بەرەو سەرکەوتن ببەن.. بە گشتی دەتوانرێت بوترێت کە جەنگی شۆڕگێڕانەی ساڵەکانی 1924 – 1927 لە دۆخێکدا هاتەئاراوە کە پڕۆلیتاریای نێودەوڵەتی و پڕۆلیتاریای چین و پارتەکەی لە بۆرژوازی نیشتمانی چین و پارتەکەی هەوڵی سەپاندنی هەژمونی سیاسیان دەدا لەگەڵیان هاوکاری سیاسیان هەبوو. بەڵام لە ساتەوەختی هەستیاری شۆڕش و جەنگدا، لە پلەی یەکەمدا بە هۆی خیانەتی بۆرژوازی گەورە و هەروەها بەهۆی هەلپەرەستانی ناوخۆوە ریزەکانی

شۆڕشگێڕانی خۆبەخش پشتیان لە رابەرانی شـۆڕش کـرد و ئـەو جەنگە شۆڕشگێڕانەیە رووبـەڕووی شکست بووەوە. جەنگی شۆڕشی زەوی و زار کە لە ساڵی 1927ـەوە تائێستا بەردەوامە، لە هەلومەرجێکی نوێدا روودەدات. دوژمـن لـەم جەنگەدا تەنها ئیمپریالیزم نییە، بەڵکو یەکێتی بۆرژوازی گەورە و خاوەن موڵکە گەورەکانیش لەخۆدەگرێت. بۆرژوازی نیشتمانی بووەتە شوێنکەوتووی بۆرژوازیی گەورە. تەنها پارتی کۆمۆنیستە کە ئەم جەنگە شۆڕشگێڕانەیە رابەری دەکات و لە ئێستاوە هەژمونی رەهای خـۆی بـەسـەریـدا زاڵـکـردووە. ئـەم هەژمونە رەهایەی پارتی کۆمۆنیست جێی پێشبینی نەبوو کـە جەنگی شۆڕشگێڕانە بتوانێت بـەم جۆرە بەردەوام بێت. پارتی کۆمۆنیستی چین دلێرانە و پایەدار لە سەرکردایەتی جەنگی شۆڕشگێڕانەی چیندایە و لە مـاوەی 15 سالٚی بـەردەوامـدا بە تێکڕای گەلی نیشانداوە کە دۆست و لایەنگری خەڵکە و بە بـەردەوامـی لـەبـەرەی پێشەوەی شۆڕش بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندیەکانی خەڵک و ئازادیو رزگاری خەبات دەکات. پارتی کۆمۆنیستی چین خەباتی سەخت و دژواری

خۆی بەبەهای خوێن و گیانی سەدان هەزار لە کادیرە ئازا و دلێر و دەیان هەزار لە کادیرە قارەمانەکانی، ڕۆڵێکی پەروەردەیی گەورەی لە نێوان جەماوەری سەدان ملیۆنی خەڵکدا گێڕا. ئەو سەرکەوتنە مێژووییە گەورانەی کە پارتی کۆمۆنیست بە درێژایی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی بەدەستیهێناوە، مەرجی پێویستی بۆ مانەوە و رزگاری چین لەم ساتەوەختە هەستیارەدا کە ڕووبەڕووی دەستدرێژی دوژمنی نیشتمان بووەتەوە، دەستەبەر کردوە، ئەم دۆخە بریتیە لە بوونی رێبەریەکی سیاسیە کە جێی متمانەی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکە و لە لایەن ئەوانەوە بە درێژایی ساڵانێکی دووردرێژ تاقی کراوەتەوە. ئەمڕۆ ئەوەی کە پارتی کۆمۆنیست دەیڵێت ئاسانتر لەهەر پارتێکی سیاسی دیکە وەریدەگرن. بە بێ خەباتی دژواری پارتی کۆمۆنیست بە درێژایی پانزە ساڵی رابردوو، رزگاری نیشتمان لە مەترسی دیلبوونێکی نوی مەحاڵ بووە. پارتیکۆمۆنیستی چین بە درێژایی جەنگی شۆڕشگێڕانە، جگە لە دوو هەڵەی ئۆپۆرتۆنیزمی راست چن دۆ سیڤ و ئۆپۆرتۆنیزمی چەپ لی لی سان، تووشی دوو هەڵەی دیکەش بووە: هەڵەی یەکەم ئۆپۆرتۆنیزمی

چەپ لەساڵەکانی 1931 – 1934 تووشی زیانێکی یەکجار گەورە بەدرێژایی جەنگی شۆڕشگێڕانەی زەوی زار بووەوە، بە جۆرێک کە ئێمە لە بەری بەرپەرچدانەوەی پێنجەمین ئۆپەراسیۆنی «گەمارۆ و سەرکوت»ی دوژمن، ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆمان لە دەستدا و سوپای سوور لاواز بوو. ئەم هەڵەیە لە کانوونی دووەمی 1935دا لە گردبوونەوەی بەربڵاوی بۆروی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیدا لە زۆن ئەیدا هەموار کرا. هەڵەی دووەمی ئۆپۆرتۆنیزمی راست جۆن گۆ تاو لە ساڵانی 1935 – 1936 بوو وەها پەرەیسەند کە دیسیپلین و رێک و پێکی پارت و سوپای سووری تێکدا و کە زیانێکی قورسی بە بەشێکی هێزە سەرەکیەکانی سوپای سوور گەیاند. بەڵام لەبەر رۆشنایی رێبەرایەتی دروست و بەئەزمونی کۆمیتەی ناوەندی و هۆشیاری سیاسی ئەندامانی حزب فەرماندەکان و جەنگاوەرانی سوپای سوور ئەم هەڵەیەش هەموار کرایەوە. هەموو ئەم هەڵانەش جگە لە ئێمە زیانی لە شۆڕش و جەنگدا، بەڵام ئێمە سەرەنجام هەموویمان راستکردەوە، لەکاتی زاڵبوون بە سەر ئەم هەڵەیانەدا بوو کە کە پات

و سوپای سووری ئێمە دیسانەوە کارامەتر و بەهێزتر بوو. پارتی کۆمۆنیستی چین ڕێبەرایەتی ئـەم جەنگە شۆڕشگێڕانەیە خـرۆشـان و پڕ شانازیەی بە بـەردەوامـی بەدەستەوە بـووە و ئێستاش ڕێبەرایەتی دەکات. ئەم جەنگی نەک هەر بەیداخی ئازادی چینی هەڵداوە، بەڵکو بایەخێکی شۆڕشگێڕانەی نێودەوڵەتیشی هەیە. خەڵکانی شۆڕشگێڕی جیهان چاوی هیوایان تێبڕیوین، ئێمە لەم قۆناغە نوێیەدا، واتـا قۆناغی جەنگی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی لە دژی ژاپۆن، شۆڕشی چین بە ئەنجامی کۆتایی دەگەیەنین و ئەم دوو شـۆڕشـە خـۆرهـەڵاتـی زەوی و سـەرتاسـەری جیهان دەخەنە ژێر کاریگەری قوڵەوە. شەڕی شۆڕشگێڕانەی ئێمە تا ئێستا نیشانیداوە کە ئێمە نەک هەر پێویستمان بە ڕێبازێکی دروستی مارکسیستی بەڵکوو پێویستمان بە ڕێبازێکی سەربازی دروستی مارکسیستی هەیە. شۆڕش و جەنگ لە ماوەی پانزە ساڵدا ئەم ڕێبازە سیاسی و سەربازیەی پوختەو تەیار کردوە. ئێمە دڵنیاین کە لێرە بەدواوە، لە قۆناغی جەنگی نوێدا، ئەم ڕێباە بە گوێرەی دۆخی نوێ گەشەیەکی زیاتر دەکات ناوەرۆکەکەی کامڵتر و دەوڵەمەندتر دەبێت و

ئێمە لە ئامانجەکانی خۆی واتا زاڵبوون بە سەر دوژمنی نیشتمانیدا نزیک دەکاتەوە. مێژوو بە ئێمە دەڵێت ڕێبازی سیاسی و سەربازی دروست بە خۆڕایی و لەهێمنی خۆیدا پێکنەهاتووە و گەشە ناکات لە لایەک لـەدژی ئۆپۆرتۆنیزمی «چەپ» و لەلایەکی دیکە لەدژی ئۆپۆرتۆنیزمی «راست» خەبات دەکات. بە بی خەباتو زاڵبوونی تەواو بەسەر ئەم چەواشەو بەلارێداچوونانەدا کە لەریشەی شۆڕش و جەنگی شۆرشگێڕانە دەدات، دارشتنی ڕێبازێکی دروست و گەیشتن بە سەرکەوتن لە جەنگی شۆڕشگێڕانەدا مەحاڵە. هەر بەم هۆیەشە کە من لەم نامیلکەیەدا زیاتر ئاماژە بە بۆچوونە نادروستەکان دەدەم.

# ماو تسی تۆنگ
# «دەسەڵاتی سیاسی لە لولەی تفەنگەوە سەرچاوەی گرتووە»

**وەرگێڕانی: شاسوار کەمال مەحمود**

ژمارەیەکی کەم خەڵک هەن لە مێژوودا شانازی ئەویان بەربکەوێت، کە بەتەنیا چارەنووسی نەتەوەیەکیان گۆڕیبێت، یەکێک لەوانە ماو تسی تۆنگە، ئەو کەسەی لە جوتیارییەوە پێگەیشت و بووە تیۆریستێکی شۆڕشگێڕ، سەرکردەیەکی سیاسی، پیاوی دەوڵەتی چینی کۆمۆنیستی.

کاریگەریەکانی ماو بۆ زیاتر لە (10) ساڵ درێژەی کێشا، لە ڕۆیشتنی مەزنەوە لە ساڵانی سییەکاندا تا سەرکەوتنی سوپای سور لە ساڵی (1949)، ماو تسی تۆنگ تا مردنی لە ساڵی (1976)دا لە تەمەنی (83) ساڵیدا وەک رابەری حزب ماوەتەوە.

دوای مەرگی ماو تسی تۆنگ، مێژوو بەرەحم نەبووە بەرامبەر یادکردنەوەی، بەوەی دەسەڵاتی ماویزم لەسەر بڕیاردان و مۆدێلی کراوە دوای ساڵی (1976) کەمیکردووە، بەڵام بەپێی بڵاوکراوەیەکی رەسمی کە ساڵی 1981 بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە کراوە کە ژیانی سیاسی ماو تا ساڵی (1957) بە شێوەیەکی راستبووە و دوای ئەو ماوەیە خەباتەکەی نایەکسان بووە و جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە.

## سەرەتاکانی ژیانی

ماو لە گوندی Shaoshan لە خێزانێکی جوتیار لەدایکبووە. باوکی بە جوتیاری پێگەیشتوە تا دەوڵەمەند بووە و بوەتە بەڵێندەری دەغڵودان، ماو هەرزەکارێکی یاخی بوو، باوکی ویستویەتی ببێت بە جوتیار، بەڵام ماو دەیوست خوێندنی زیاتر لەوەی لە خۆیندنگەکەیان هەبوو بەدەست بهێنێت. لە تەمەنی (13) ساڵیدا ماو ماڵەوە بەجێدەهێڵێت و لە ناوچەیەکی نزیک گوندەکەیان داخڵی خوێندنگەیەکی پێشکەوتوتر دەبێت. لەساڵی 1911 دەگاتە Changsha کە پایتەختێکی ناوچەیی بووە و دەچێتە خۆیندنگەی ئامادەیی.

لە کۆتاییەکانی تەمەنی هەرزەکاریدا بوو، ئەو کاتەی نائارامیی گەورە لە چین سەریهەڵدا، بنەماڵەی چینگ بە تەواوی هەرەسی هێنابوو و شۆڕشی «یات سێن» دەستپێکردبوو. ماو پەیوەندی دەکات بە یەکەی شۆڕشەوە لە ناوچەکە. لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەی تەنها (6) مانگ لە خزمەتدا بوو، ئەو ئەزمونە ببووە رازیکەری حەزە گەنجانەییەکانی و ئیلهامی پاڵەوانی سەربازی لە جۆرج واشنتۆن و ناپلیۆن و جەنگاوەرە چینییەکانەوە وەردەگرت.

دوای گەڕانەوەی بۆ Changsha ماو بڕیاری نەدابوو کە چی بخوێنێت، زۆربەی هاوتەمەنەکانیشی بەو شێوەیە بوون لەو کاتە ئاڵۆزەدا، بۆیە بوارەکانی یاسا و بازرگانی و مێژووی تاقیکردەوە پێشئەوەی لە بواری پەروەردە جێگیربێت و لە ساڵی (1918)دا خوێندنگەی راهێنانی مامۆستایان تەواودەکات، دواتر دەچێتە پەکین بۆ پەیوەندیکردن بە زانکۆوە. لەبەر نەبوونی پارەی پێویست بۆ خوێندنەکەی، ناچاردەبێت وەک یاریدەدەری کتێبخانە کاربکات، دوای (شەش) مانگ دەگەڕێتەوە بۆ Changsha بۆ سەرلەنوێ وانە وتنەوە، ساڵی (1920) ژیانی خێزانی لەگەڵ Yang Kaihui پێکدەهێنێت.

## لەدایکبوونی کۆمۆنیستێك

لە ساڵانی بیستی سەدەی رابردوودا، وڵاتی چین بەدەست هەمان ئەوگرفتانەوە دەیناڵاند، کە ماوەی چەند دەیەیەک بوو ئالودەی ببوو: هەژارییەکی تاقەت پڕوکێن، گەندەڵیی حوکمیی فراوان، دەستوەردانی گەورەی بیانی لە وڵات. هەر لەوکاتەوە خوێندکار بوو لە شانگشا و

پەکین کاریگەر بوو بە فەلسەفەی مارکسی-لینینی، هەروەها پەیوەندیکرد بەو کەسە شۆڕشگێڕانەی وەک خۆی بوون، کە پێیانوابوو سۆسیالیزم چارەسەری گرفتەکانی چین دەکات.

لە ساڵی (1920)دا بووە بەڕێوبەری خۆیندنگە لە شانگشا. لە دەرەوەی کاتی دەوامی رەسمی، خوێندکاران و کرێکاران و بازرگانانی کۆدەکردەوە و هانیدەدان دژی دەستبەسەرداگرتنی ژاپۆن بۆ ناوچەی شاندۆنگ بوەستنەوە. کە بەپێی رێکەوتنامەی ڤێرسای دوای جەنگی جیهانی یەکەم ئیمتیازی چین بوو. ئەم دەستوەردانەی ژاپۆن وەک ئیهانەیەک وابوو بۆ سەروەری دەسەڵاتی چین، هاوکات هاندەرێکیش بوو بۆ کۆمۆنیست و کۆمارییەکان تا گیانی دژە ئیمپریالیزم لە چیندا گەشە پێبدەن. ساڵی (1921) ماو تسی تۆنگ نوێنەری هونان بوو بۆ کۆبوونەوەی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی چینی لە شانگهای.

لە ساڵی (1923)دا کۆمۆنیستی جیهانی (کومێنترن) کۆمۆنیستەکانی چینی ئاڕاستەکرد، کە کار لەگەڵ پارتی نەتەوەیی سەن یات-سێن (کۆمێنتانگ) بکەن. کومنترن بەڵێنی بە

سەن یات دابوو، ئەگەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی چیندا بکات، ئەوا یەکێتی سۆڤیەت یارمەتی دەدات لە دابینکردنی چەک و راوێژکاری سەربازی بۆ دروستکردنی سوپایەکی بەهێز کە بتوانێت دوبارە وڵات یەکبخاتەوە و میرەکانی جەنگ لەناوبەرێت، کە دەستیان بەسەر ناوچەیەکی زۆری چیندا گرتبوو، هەروەها نائارامیشیان لە وڵاتدا دروستکردبوو.

سالّی (1924) ماو لەگەڵ خێزانەکەی دەڕوات بۆ شانگهای وەک بەڕێوبەری یەکێک لە کۆمێنتانگەکان. لە ماوەی ساڵێکدا گەڕایەوە و دەستیکرد بە رێکخستنی نارەزایی جوتیاران، ئەمەش دەبێتە هۆی تورەبوونی دەسەڵاتدارانی سەربازی و ناچار دەبێت هەڵبێت بۆ کانتۆن، شوێنی سەرکردایەتی سەن یات-سێن.

لە مارسی (1925) سەن یات-سێن بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەمرێت و سەرکردایەتی پارتی کۆمینتانگ دەگوازرێتەوە بۆ چینک کای-شێک کە هاوسەری خوشکی سەرۆکی کۆچکردو بوو، ئەمەش پێگەی لەناو

حزبدا بەهێز کردبوو. یەکێک لە کارەکانی چینک بریتیبوو لە دورخستنەوەی کۆمۆنیستەکان لە پۆستەکانی سەرکردایەتیدا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی هاوپەیمانی نێوان نەتەوەییەکان و کۆمۆنیستەکان لە ساڵی (1927)دا هەرەسبهێنێت. دوای ئەوە کۆمۆنیستەکانە گەڕانەوە بۆ گوندەکان ئەو شوێنانەی ناڕەزایی جوتیاران لەگەشەکردندا بوو، هەروەها شوێنێکی گونجاویش بوو بۆ پەیداکردنی پشتیوانی بۆ خۆیان.

## ساڵانێك لە دەرەوە

لە ئۆکتۆبەری ساڵی (1927)دا، ماو سەرکردایەتی گروپێکی بچوک لە جوتیارانی هونان دەکات بەرەو چیاکانی ناوچەی (جیانگشی). لەوێ لەگەڵ ئەندامانی دیکەی پارتەکەیدا حکومەتێک لە شێوەی یەکێتی سۆڤیەت دروستدەکەن و دەستدەکەن بە دروستکردنی سوپا بە شێوەی گەریلا. بەهۆی دابەشکردنی زەویەوە پشتیوانی جوتیارانیان بەدەستهێنا. سوپای تازە دروست بوو بەهۆی تاکتیکەکانیەوە بووە مەترسی بۆ سەر نەتەوەپەرستەکان (22)

ساڵ دواتر. فراوانبوونی پشتیوانیی جوتیارانی گوندەکان لە کۆمۆنیستەکان، بووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی نەتەوەپەرستەکان لە شارەکاندا سنووردار بکرێت. لە ماوەی سی ساڵدا حکومەتی شێوە سۆڤیەتی (جیانگشی)، بووە هۆی ئەوەی کۆنترۆڵی ملیۆنان خەڵک بکات لە گوندەکاندا، هەروەها سوپای سور بووە خاوەنی (200,000) پیاو.

ماوەی سی ساڵ بەس بوو بۆ ئەوەی نەتەوەپەرستەکان شکست بە میرەکانی جەنگ بهێنن و سەرلەنوی وڵات یەکبخەنەوە، دوای ئەوەش لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستدا، نەتەوەپەرستەکان هەڵمەتی لەناوبردنی کۆمۆنیستەکانیان دەستپێکرد و چەندان کەسیان لەناوبرد، یەکێک لەوانە هاوسەری ماو تسی تۆنگ بوو. دوای ئەوە ماو ئافرەتێکی دیکەی کردە هاوسەری خۆی.

لە ساڵی (1934)دا نەتەوەپەرستەکان باشترین کەسانی خۆیان خستەکار بۆ دژایەتیکردنی کۆمۆنیستەکان، ئەمەش کۆمۆنیستەکانی ناچارکرد هەڵبێن. دوای ئەمە

ڕێپێوانی ئەفسانەیی مەزن دەستیپکرد (جەنگی 60,000میل). لەو جەنگەدا کە (80,000) گەریلا بەشدارییان کرد، ژمارەیەکی زۆر کەم رزگاریان بوو. لەم قۆناغەوە ماو تسی تۆنگ بەبێ گومان بووە باشترین سەرکردەی کۆمۆنیستی چین، تەنانەت لە بوارەکانی سیاسی و سەربازیشدا.

لە ماوەی ژیانی ماودا حکومەتی چین هەمیشە وێنەیەکی باشی دەربارەی ماو و هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی پیشاندەدات. لە ئێستادا مێژوونوسان پێیانوایە ماو تسی تۆنگ زۆر بە وەحشیانە بەرامبەر رکابەرەکانی دەسەڵاتی بەکارهێناوە لە ماوەی حوکمکردنیدا. ماو گرنگی بە شیعرنووسین، کۆکردنەوەی بۆچونەکانی دەربارەی تیۆرەکانی مارکسی-لینینی دەدا، بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ جەماوەری جوتیاری چیندا- ئێستا ئەو تێگەیشتنە لە سۆسیالیزم پێیدەوترێت ماویزم.

خوێندنەوەی بیروبۆچونەکانە ماو تسی تۆنگ ببوونە پێداویستیەکی کۆمۆنیستی، هاوکات دۆزینەوەی هەر کەموکوڕییەک لەو بۆچوونانەدا وەک عەیبەیەکی شەخسی و

پاشخان بۆرژوازی سەیردەکرا، کە دەبووە هۆی ناڕازی بوونی سەرکردەکانی حیزب و پێویست بوو لەبەردەم رای گشتیدا داوای لێبوردن بکرێت.

دوای ئەوەی ماو تسی تۆنگ سالّی (1939) لە هاوسەری دووەمی جیادەبێتەوە، هاوسەرگیری لەگەڵ جیانگ چینگ یەکێک لە ئەکتەرە ناودارەکانی ئەوکاتدا دەکات. دواتر جیانگ چینگ لە ناوەڕاستی شەستەکاندا رۆڵێکی کاریگەری دەبێت لە شۆڕشی کلتوری چین.

دوای ئەوەی ژاپۆن سالّی (1937) چین داگیردەکات، لەسەر داوای کۆمارییەکان و بەتایبەتیش لەسەر داوای کۆمۆنیستی جیهانی (کومێنترن) هەردوولا، هاوپەیمانی نێوانیان نوێدەکەنەوە، لەپێناو شەڕکردن لەگەڵ دوژمنی هاوبەشدا. ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ماو 100 ملیۆن کەسی لەخۆدەگرت و سوپای سور لە نێوان (500,000) بۆ ملیۆنێک سەرباز دەبوو. دوای تەسلیمبوونی ژاپۆن بە ساڵێک، دوبارە وڵاتی چین دوچاری شەڕی ناوخۆ دەبێتەوە.

لەگەڵ هاتنی ئۆکتۆبەری سالّی (1949)دا، کۆمۆنیستەکان نەتەوە پەرستەکانیان لە تەواوی

چین دورخستەوە بۆ دورگەی تایوان. ئیتر ماو بووە سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی چینی، سەرۆکی کۆماری میللی چین، سەرۆکی هێزە چەکدارەکان.

### فێربوون بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت

ماو تسی تۆنگ و بازنەی دەسەڵات لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزب زۆر بەخێرایی پلانی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی خاوەن زۆرترین دانیشتوانیان لەرووی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە دانا. لە سەرەتادا پلانێکی پێنج ساڵەیان لەسەر شێوەی یەکێتی سۆڤیەت دانا بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی.

پلان و سیاسەتەکان راگەیەنران و لەکاتی جێبەجێکردنیشدا پلان و سیاسەتی نوێی خرایە سەر. سیاسەتی ماو بریتی بوو لە «لێگەڕێن با سەد گوڵەکان بکرێنەوە»، بۆ بەدەستهێنانی نوخبەی وڵاتیش، ماو تسی تۆنگ رێگەی بە ئازادیی رادەربڕین دا، کە لە هەندێک حاڵەتدا رەخنە لە پارتی کۆمۆنیست دەگیرا و ماو تسی تۆنگ ئەو رۆشنبیرانەی دوردەخستەوە بۆ گوندەکان، بۆ ئەوەی «دوبارە پەروەردە بکرێنەوە».

ساڵی (1958) ماو هەنگاوێکی گەورەتری هەڵگرت بەرەو مۆدێرنکردنی توانای پیشەسازی چین لەپێناو زۆرکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیدا. گرفتی سەرەکی ئەو پلانانە ئەوە بوو لەسەر بناغەی سیاسی دارێژرابوون، نەوەک لەسەر بناغەیەکی عەمەلی، هەروەها کارەساتە سروشتیەکان و نەمانی یارمەتییەکانی یەکێتی سۆڤیەت بارودۆخەکەی قورستر کردبوو.

بە بۆچوونی مێژوونوس پاتریسیا باکلی ئێبرێی - Patricia Buckley Ebrey- سیاسەتە ئابوورییە هەڵەکانی ماو تسی تۆنگ، بوونە هۆی دروستکردنی برسێتیەکی کوشندە لە چیندا و (30) ملیۆن هاوڵاتی لەماوەی ساڵانی (1959-1962) بەهۆی برسێتیەوە گیانیان لەدەستدا. ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی ماو تسی تۆنگ هەندێک لە کاریگەرییەکانی لەدەستبدات.

لە ساڵی (1966)دا بە پاڵپشتیی سوپا شۆڕشی کلتوری ڕاگەیاند و دژی هەموو ئەوانەش وەستایەوە کە گومانیان لێدەکرا دژی ئەم پرۆسەیە بن. ملیۆنان هاوڵاتی چینی توشی نارەحەتی بوون، یاخود گیانیان لەدەستدا بەتایبەتی

مامۆستایان و نوسەران و هونەرمەندان و سەرکردەکانی حیزب... هەر کەسێک کاردانەوەی هەبوایە بە کۆنەپەرست لەقەڵەم دەدرا.

هاوکات ماکینەی ئیعلامیی چین لە پڕوپاگەندەی بەردەوامدا بوو بۆ ماو تسی تۆنگ، هەروەها هاووڵاتیانی هۆشیاردەکردەوە لەوەی لەسەر هەموو کەسێک، ئەگەر بتوانێت بخوێنێتەوە یاخود نا، پێویستە « کتێبی سور»ی هەبێت، کە وتەکانی ماو تسی تۆنگی لەخۆگرتبوو. ماو تسی تۆنگ ساڵی (1976) کۆچی دواییکرد و کاردانەوەی توند لە چین دروستبوو دەربارەی پەرستن و بەرزراگرتنی کەسەکان.

ساڵی (1981) وڵاتی چین هەڵسەنگاندنی رەسمی دەربارەی ماو تسی تۆنگ بڵاوکردەوە. لە بڵاوکراوەکەدا هاتووە سەرکردایەتیکردن و بۆچوونەکانی ماو تسی تۆنگ تا ساڵی (1957) جێگای شانازین، بۆکارەکانی دیکەشی کە لەماوەی دوو دەیەی دواتردا ئەنجامیداون و هەڵەبوون رەخنەی لێگیراوە.

**سەرچاوە:**

سایتی CNN، بەم ناونیشانەی خوارەوە:

http://www.cnn.com/SPECIALS/1999/

/china.50/inside.china/profiles/mao.tsetung

# (ماو، کاسترۆ، گیڤارا) و بزوتنەوە نیشتیمانییەکان

## *شۆڕشی بەردەوامی بەلارێدابراو*

سێ بۆچون دەربارەی شۆڕش

**تۆنی کلیف**

**لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئارمان**

ترۆتسکی لە پشتی پەردەوە تیۆرەکەی خۆی دەربارەی شۆڕشی (1905) پەرەپێدەدا. هەمو مارکسیستێکی ئەم سەردەمەش، هەر لە کاوتسکی و بلیخانۆفەوە بیگرە تا لینین، دەرکیان بەوە کردووە کە تەنها وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانن ئامادەن بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، ڕاشکاوانەتریش بیڵێین... ئەوان ڕایانگەیاندوە کە ئەو وڵاتانە بە ناچاری هێزی کرێکاران بەرەو پێشەوە دەبەن، وەکو بەرئەنجامێک بۆ گەشە و پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکانیان. وڵاتە دواکەوتوەکانیش دەتوانن لە ئاوێنەی وڵاتە پێشکەوتوەکانەوە سبەینێی خۆیان ببینن. چینی کرێکار تەنها لەدوای پرۆسەیەکی دور و درێژی گەشەی پیشەسازی و تێپەڕبوون بە ڕژێمی پەرلەمانتاری بۆرژوازیدا، بەو ڕادەیە گەشە دەکات، کە لەگەڵیدا بتوانێت پرسی شۆڕشی سۆسیالیستی بهێنێتە ئاراوە.

سەرجەم سۆسیال دیموکراتەکانی ڕوسیا -بە مەنشەفیک و بەلشەفیکییەوە- ئەوەیان لەلا ئاشکرا بوو کە روسیا لە شۆڕشی بۆرژوازی نزیک دەبێتەوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ململانێیەوە

سەریهەڵدابوو کە لەنێوان هێزە بەرهەمهێنەرەکانی سەرمایەداری لەلایەکەوە و ئۆتۆکراسی و زەویداری و پاشماوەی دەرەبەگایەتی لەلایەکی ترەوە لە ئارادابوو. مەنشەفیکەکان لەلای خۆیانەوە بەو ئەنجامگیرییە گەیشتن کە بەپێی پێویستی قۆناغەکە، بۆرژوازی ڕابەرایەتی شۆڕش دەکات و دەسەڵات دەگرێتە دەست. وایان بیردەکردەوە کە دەبێ سۆسیال دیموکراتەکان پشتگیری لە بۆرژوازی لیبرال بکەن لە شۆڕشەکەدا، لە هەمان کاتیشدا و لە هەناوی سەرمایەداریدا دەبێ بەرگری لە بەرژەوەندیی تایبەتی کرێکاران بکەن لە ڕێگای خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی هەشت سەعات کار لە ڕۆژێکدا و هەندێک چاکسازی کۆمەڵایەتی تر. بەلشەفیکەکانیش لایان وابوو کە شۆڕش لە شوناسەکەیدا بۆرژوازی دەبێت و ئامانجەکەشی سنورە دیاریکراوەکانی شۆڕش بۆرژوازی نابەزێنێت.

لینین لەساڵی (1905)دا وتویەتی: «شۆڕشی دیموکراتی لە هیچ کاتێکدا لە سنوری پەیوەندییە کۆمەڵایەتی – ئابورییەکانی بۆرژوازی دەرناچێت...»، هەروەها وتویەتی: «شۆڕشی دیموکراسی لە روسیا هەرگیز نابێتە

هۆی لاوازکردنی هەژمونی بۆرژوازی، بەڵکو پتەوتری دەکات». بەردەوام لینین ئەم قسانەی دوپاتکردوەتەوە.

تا ڕۆژانێک دوای شۆڕشی شوباتی 1917ش لینین دەستبەرداری ئەو تێڕوانینانەی سەرەوە نەبووە. بۆ نمونە لە ئەیلولی (1914) بەردەوام بوو لەسەر ئەو بۆچونەی کە دەبێت شۆڕشی روسیا خۆی تەرخانبکات بۆ سێ ئەرک سەرەکی: یەکەم، دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی کە تیایدا مافی یەکسان و ئەوپەڕی ئازادی تێدا مسۆگەر بکرێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان بەگشتی. دووەم: دەستبەسەرداگرتنی هەموو زەویوزارێک کە موڵکی دەرەبەگەکان بێت. سێیەم: جێبەجێکردنی خواستی هەشت سەعات کار لە ڕۆژێکدا.

ئەوەی لینینی بەشێوەیەکی ڕیشەیی لە مەنشەفیکەکان جیادەکرەوە، سوربوونی بوو لەسەر سەربەخۆیی بزوتنەوەی کرێکاریی لە بۆرژوازی لیبرال، بەتایبەت لە بارەی بەسەرکەوتن گەیاندنی شۆڕشە بۆرژوازییەکە سەرەڕای هەر جۆرە ڕێگریکردنێک کە دەشێت لەلایەن خودی بۆرژوازییەوە بێتە ئاراوە.

ترۆتسکیش هەر وەکو لینین بڕوای بەوە بووە کە بۆرژوازی لیبڕال ناتوانێت هیچ ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە تا سەر جێبەجێبکات و بەسەرکەوتن بگەیەنێت، شۆڕش بۆ بەدەستهێنانی زەوی کە بەندێکی سەرەکی پێکدەهێنا لە شۆڕشی بۆرژوازیدا، تەنها لە ڕێگەی هاوپەیمانێتیی نێوان کرێکاران و جوتیارانەوە دێتەدی، بەڵام ئەوەی ترۆتسکیی لە لینین جیادەکردەوە، ئەو بڕوایە بوو کە، هاتنەکایەوەی حزبێکی سەربەخۆی جوتیاری کارێکی مەحاڵە و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە جوتیاران بەڕادەیەکی وا لەنێوان خۆیاندا بەسەر کەسانی هەژار و دەوڵەمەندا دابەشبوون، کە ناتوانن یەکێتییەک و حزبێکی سەربەخۆی خۆیان پێکبهێنن.

لەم بارەیەوە ترۆتسکی دەنوسێت کە: (سەرجەم ئەزمونەکانی مێژوو ئەوە نیشاندەدەن، کە جوتیاران توانایەکی ئەوتۆیان نییە ڕۆڵێکی سەربەخۆ بگێڕن). ئەگەر لە هەمو شۆڕشەکاندا -لە ڕیفۆرمەکانی ئەڵمانیا بەدواوە- جوتیاران لایەنگری ئەم بەشە یان ئەو بەشە لە بۆرژوازی بووبن... ئەوا لە ڕوسیا

بە هۆی گەشەکردنی هێزی چینی کرێکار و خۆپارێزی بۆرژوازییەوە، جوتیاران ناچاردەبن کە پشتگیری لە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بکەن. خودی شۆڕشەکەش بە جێبەجێیکردنی ئەرکەکانی بۆرژوازیی دیموکراتیک ناوەستێتەوە، بەڵکو هەنگاویش دەنێ بەرەو بابەتە سۆسیالیستییەکانی پڕۆلیتاریا. ئەوەتا ترۆتسکی دەنوسێت: پڕۆلیتاریا لەگەڵ بەرەوپێشچونی سەرمایەداری گەشە دەکات و بەهێزدەبێت. لەم بوارەشدا چونەپێشەوەی سەرمایەداری برەو بە پێشکەوتنی پڕۆلیتاریا دەدات ڕووەو دیکتاتوریەتی پڕۆلیتاریا.

بەڵام ئەو ڕۆژ و ساتەی کە لەگەڵیدا دەسەڵات دەکەوێتە دەستی پڕۆلیتاریاوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پابەند نییە بەو هەلومەرجەی هێزە بەرهەمێنەرەکانی تیایە، بەڵکو بەو ئاستەی کە خەباتی چینایەتی و بارودۆخە نێونەتەوەییەکەی تیایە، هەروەها پابەندە بە زنجیرەیەک هۆکاری تایبەتییەوە: خوونەریت، دەستپێشخەری و ئامادەبوون بۆ خەبات.

لە وڵاتێکدا کە لە ڕووی ئابورییەوە دواکەوتوە، پڕۆلیتاریا دەتوانێ زوتر بگاتە

دەسەڵات، وەک لەوەی لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا. لە ساڵی (1871)دا پرۆلیتاریا لە پاریسی وردە بۆرژوازیدا توانی بە شێوەیەکی ژیرانە کاروباری کۆمەڵایەتی بگرێتەدەست – ئەگەرچی تەنها بۆ دوو مانگیش بێ، بەڵام تەنانەت بۆ یەک سەعاتیش نەیتوانی لە مەڵبەندە گەشەسەندوەکانی سەرمایەداری لە بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتوەکاندا دەسەڵات بگرێتەدەست. ئەو بۆچونەی کە لەبارەی هەندێ شێوەی پابەندبوونی ئۆتۆماتیکیانەی پرۆلیتاریاوە هەیە، بە هێزە تەکنیکی و سەرچاوەکانی ئابوری وڵاتەوە، تەنها پێشبینییەکە و لە سادەکردنەوەی ماتریالیزمی ئابورییەوە سەرچاوەی گرتوە و ئەم بیرکردنەوەیە هیچ پەیوەندی بە مارکسیزمەوە نییە.

لە دیدی ئێمەوە، شۆڕشی ڕوسیا ئەو هەلومەرجە بابەتیانەی خوڵقاند کە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن پرۆلیتاریاوە پێویستە و وایکرد سەرکەوتنی شۆڕش لە توانادا بێت، تەنانەت پێش ئەوەی سیاسەتەکانی لیبرالیزمی بۆرژوازی ئەگەری بەرپاکردنی حکومەتی عەقڵانی خۆی بێنێتە ئاراوە.

توخمێکی تری گرنگ لەو تیۆرەدا بریتییە لەو تایبەتمەندییە نێونەتەوەییەی کە شۆڕشی چاوەڕوانکراوی روسیا هەیبووە. ئەو شۆڕشەی کە دەشێ لە چوارچێوەیەکی نیشتمانیدا هەڵگیرسێت، بەڵام تەنها ئەو کاتە دەگاتە ترۆپکی خۆی کە شۆڕشی وڵاتە پێشکەوتوەکانیش سەربکەوێت.

لەگەڵ ئەمەشدا ئایا تا چ ڕادەیەک سیاسەتی سۆسیالیستی چینی کرێکار، لەگەڵ هەلومەرجە ئابوریەکانی ڕوسیادا دێتەوە؟ تەنها شتێک کە لەم باریەوە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بیڵێین ئەوەیە: کە ڕووبەڕووی چەندین ڕێگری سیاسی دەبێتەوە پێش ئەوەی بەهۆی دواکەوتوی تەکنیکی وڵاتەکەوە هەنگاوەکانی ببەسترێت. بەبێ پشتگیری ڕاستەوخۆی پڕۆلیتاریای ئەوروپا، چینی کرێکاری ڕوسیا ناتوانێت بەردەوام لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و ناتوانێت دەسەڵاتداریێتیەکەی خۆی بگۆڕێت بە دیکتاتۆریەتێکی سۆسیالیستی بەردەوام.

توخمە سەرەکییەکانی تیۆرییەکەی ترۆتسکی دەکرێ لە شەش خاڵدا کۆبکرێنەوە:

- بۆرژوازییەک دوای شۆڕش دێتە

گۆڕەپانەکەوە، کە بە شێوەیەکی ریشەیی جیاوازە لەگەڵ پێشوی خۆیدا و لە ڕووی پێشکەوتنەوە دوو سەدە لە پێشترە، بەڵام بێتوانایە لە خستنەڕووی چارەسەرێکی ریشەیی و دیموکراتی و شۆڕشگێڕانە بۆ ئەو زۆر و ستەمەی دەرەبەگایەتی و ئیمپریالیزم ناویانەتەوە. بێتوانایە لە بارەی تێکشکاندنی سەرتاپای رژێمی دەرەبەگایەتی و بەدیهێنانی سەربەخۆییەکی نیشتمانی راستەقینە و بەرپاکردنی دیموکراتیەتێکی سیاسی. ئەوان لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا بن، یاخود لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا بە شۆرشگێڕ لە قەڵەم دراون، بەڵام بە شێوەیەکی رەها هێزێکی خۆپارێزن.

• ئەرکی سەرەکی بینینی رۆڵی شۆڕشگێرانە دەکەوێتە ئەستۆی پرۆلیتاریاوە، هەرچەندە ئەو پرۆلیتاریایە لاوازبێت یاخود ژمارەکەی کەم بێت.

• جوتیاران لەبەرئەوەی ناتوانن کرداری سەربەخۆ بنوێنن بە ناچاری دوای ئەو بزوتنەوانە دەکەون کە لە شارەکاندا سەرهەڵدەدەن، لەبەرئەوە پێویستە پەیوەست بن بە رابەرایەتیی پرۆلیتاریای پیشەسازییەوە.

• چارەسەرە بنەڕەتییەکانی مەسەلەی وەک:

(چاكسازيى زەوى، نيشتمان و كۆتايهێنان بە ئەو كۆتوبەندە كۆمەڵايەتى و دەرونيانەى كە رێگرى لە پێشكەوتنى ئابورى دەكەن)، بەناچارى پێويستى تێپەڕاندنى سنورەكانى خاوەندارێى تايبەتى بۆرژوازى دێنێە ئاراوە. شۆڕشى ديموكراتى بەرەبەرە گەشەدەكات، بەرەو شۆڕشێكى سۆسياليستى، بەمەش دەبێتە شۆڕشێكى بەردەوام.

• تەواوكردنى شۆڕشى سۆسياليستى (كە هەرگيز لە سنورەكانى نيشتمانێكدا نايەتەدى و بەمەش شۆڕشى سۆسياليستى لە ئاستێكى تازە و فراوانترى وشەكەدا دەبێتە شۆڕشێكى بەردەوام و تەنها بە سەركەوتنى يەكجارەكى و بەديهێنانى كۆمەڵگەيەكى نوێ لە سەرتاسەرى زەميندا بە كامڵبوونى خۆى دەگات). ئەوپەڕى دواكەوتويى و بيرتەسكييە هەوڵى بەديهێنانى (سۆسياليزم لەيەك ولاتدا) بدرێت.

• لە كۆتاييدا، شۆڕشى وڵاتە دواكەوتوەكان، دەبێتە هۆى بەگوڕخستنى شۆڕش لە وڵاتە پێشكەوتوەكاندا.

**گەیشتنی ماو بە دەسەڵات**

چینی کرێکار رۆڵێکی ئەوتۆی نەگێڕاوە لە سەرکەوتنی ماودا. تەنانەت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی حزبی کۆمۆنیستیش بەتەواوی لە چینی کرێکار پێکنەهاتبوو. هەتاکو خودی ماویش ئەوکاتە لە حزبدا وەک رابەرێک دەرکەوت کە پێگەی حزب دور لە چینی کرێکارەوە گوازرایەوە. هەتا ساڵی (1926) یش بەلای کەمەوە لە (66%)ی ئەندامانی حزب لە کرێکاران پێکهاتبوو (22%)ی تری رۆشنبیران، جوتیارانیش (5%)یان پێکدەهێنا. لە تشرینی دوەمی (1928)ـەوە ژمارەی کرێکاران بە رێژەی (5/4) دابەزی و راپۆرتێکی رەسمی رایگەیاند کە حزب (لەنێو کرێکارانی پیشەسازیدا، تاکە ناوەندێک حزبی ساغ نییە) حزبیش رایگەیاند کەوا رێژە کرێکاران لە ساڵی (1928) تەنها (10%) ئەندامانیان پێکهێناوە و لە ساڵی (1929) (3%) و لە ئاداری (1930) (2.5 %) و لە ئەیلولی هەمان ساڵدا گەیشتە (1.6 %)، بەم شێوەیەش هەتا کۆتایی ساڵ حزب هیچ ئەندامێکی کرێکاری نەما. لەوکاتەوە تا سەرکەوتنی یەکجارەکی ماو کرێکارێکی

پیشەسازی لە حزبدا نەبوون تا قسەیان لەبارەوە بکرێت.

جێگەو ڕێگای کرێکاران لە ستراتیژی حزبی کۆمۆنیستدا لە ماوەی هێزپەیداکردنی ماودا، ئەوەندە بێ بایەخ بوو بەڕادەیەک حزب هیچ بە پێویستی نەدەزانی لە ماوەی ئەو (19) ساڵەدا، کە بە سەر دوایین کۆنگرەدا -کە لە ساڵی (1929)دا ئەنجامدرا- تێپەڕیبوو کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ سەندیکاکان سازبکات، یاخود باکی بە پشتگیری کرێکاران نەبوو لە حزب، هەروەکو لەو بڕیارەی حزبدا دەردەکەوێت، کە نیاز نییە هیچ ڕێکخراوێکی لەو ناوچانەدا بهێڵێتەوە کە کۆمینتانگ دەسەڵاتی هەبوو بەسەریاندا لە ساڵانی (1937-1945) شەڕی ناوخۆدا. کاتێک حکومەتی کۆمینتانگ *لە کانونی یەکەمی (1937) بڕیاریدا سزای مەرگ بەسەر ئەو کرێکارانەدا* جێبەجێ *بکات کە ماندەگرن، یاخود بانگەشە بۆ مانگرتن دەکەن لە کاتی جەنگدا*، وتەبێژێکی حزبی کۆمۆنسیت بە یەکێک لە پەیامنێرەکانی ڕاگەیاندبوو کە حزب «تەواو قەناعەتی هەبوو بەو مامەڵەیەی حکومەت لە شەڕدا گرتویەتیەبەر». دوای ئەوە لە کاتی

شەڕی ناوخۆی نێوان حزبی کۆمۆنیست و کۆمینتانگ بە دەگمەن لە ناوچەکانی کۆمینتانگدا کە بەشی زۆربەی کرێکارانی پیشەسازی وڵاتی لەخۆگرتبوو - ڕێکخراوەیەکی حزبی کۆمۆنیست بەدیدەکرا.

دەست بەسەرداگرتنی شارەکان لەلایەن ماوەوە، زیاد لە هەر شێکی تر دابڕانی تەواوی حزبی کۆمۆنیستی دەرخستووە لە چینی کرێکارانی پیشەسازی. سەرکردە کۆمۆنیستەکان تەواوی هەوڵیانداوە ڕێگری لە هەر جۆرە ڕاپەڕینێکی کرێکاران لە شارەکاندا بکەن لەسەروبەندی گرتنی شارەکانی پەکیندا. بۆ نمونە بەر لە دەستبەسەراگرتنی هەردوو شاری تیانسینان و پەکین، جەنەڕاڵ لین پیاو (Lin Piao)ی سەرکردەی بەرەی جەنگ ئەم جاڕنامەیەی بڵاوکردەوە:

بانگەوازێک بۆ جەماوەر: بۆئەوەی یاسا بپارێزن، بەردەوامبن لە کارەکانیاندا. هەموو کارمەندەکانی کۆمینتانگ یان بەرپرسانی پۆلیس، بەرپرسی هەرێمەکان، شارەکان و شارۆچکەکان و هەر کەسێکی تر کە لە دامەزراوەیەکی حکومەتدان لە شارۆچکە و

لادێکان، یاخود بەرپرسانی پاو چیا (pao chia)، هەمویان سەرپشک کراون کە لە پۆستەکانیاندا بمێننەوە).

لەو کاتەی کە هێزەکان لە روباری یانگ تازە (Yangtze River) دەپەرینەوە، پێش ئەوەی شارە گەورەکانی ناوەڕاست و باشوری چین، شانگهای، هانکور، کانتۆن بکەونە دەستیان، ماو و جوتی بانگەوازێکی تریان بڵاوکردەوە:

هیوادارین کرێکاران و خاوەن کارەکان لە هەمو پیشەکاندا بەردەوام بن لەسەر کاری خۆیان و کارەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بچنە پێشەوە و بەرپرسانی حکومەتی کۆمینتانگ پارێزگارەکان و بەڕێوەبەرانی شارەوانی و هەمو ئاستەکان تری بەڕێوەبردن، یان پاڵێوراوانی (ئەنجومەنی نیشتمانی) و ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان و کۆنترۆڵی یوان و ئەنجومەنی سیاسی خەڵک و بەرپرسانی پۆلیس و سەرکردەی ڕێکخراوەکانی پاو چیا pao chia دەتوانن لە پۆستەکانی خۆیان بمێننەوە و لەژێر فەرمانی سوپادا ڕزگاریبەخشی خەڵک و حکومەتی خەڵک بن.

چینی کرێکار نەچار بە جوڵەنەکردن کرا. ڕاپۆرتێک کە لە (22)ی نیسانی (1949)دا –

واتە دوو ڕۆژ پێش گیرانی شارەکە لەلایەن سوپای ڕزگاریخوازی خەڵکەوە- لە شاری نانکینگەوە بەرزکرابووەوە، بەم شێوەیە باس لە بارودۆخەکە دەکات:

جەماوەری شاری نانکینگ هیچ جۆرە خۆشحاڵییەک نیشان نادەن. ئاپۆرایەک لە کەسانی خۆهەڵقورتێنەر ئەم بەیانییە لە قەراغی ئەوبەری روبارەکەوە بینراون، کە بە مەبەستی بینینی ئەو شەڕە چوبوون کە لەو بەرەوە لەئارادابوو... کارەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەچونەپێشەوە. چەند دوکانێک داخراون، ئەمەش بەهۆی بێبازاڕییەوە نەوەک شەڕ. سینەماکان وەکو جاران قەرەباڵغن.

مانگێک دوای ئەمە هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) لە شەنگەهایەوە ئەم ڕاپۆرتە دەنوسێت:

هێزەکانی سوپای سوور دەستیانکردووە بە هەڵواسینی پۆستەری چینی زمان کە جەماوەر ڕێنمایی دەکات بۆ ئەوەی هێمنی نیشانبدەن و دڵنیای دەکردنەوە کە هیچ جۆرە مەترسییەکیان لەسەرنییە.

لە کانتۆن: دوای ئەوەی کۆمۆنیستەکان

هاتنە ناو شارەوە چونە ناو بنکەکانی پۆلیسەوە و ڕێنمایی ئەفسەرەکانیان دەکرد تا لە پۆستەکانیاندا بمێننەوە، بۆ ئەوەی ئاسایش بپارێزن.

## شۆرشی کاسترۆ

شۆڕشێک کە نە چینی کرێکار و نە جوتیاران ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە تیایدا و تەنها ڕۆشنبیرانی چینی ناوەڕاست بەشی هەرە زۆری ململانێکەیان تیادا پێکهێنابوو... گەیشتنی فیدل کاسترۆیە بە دەسەڵات. پەرتوکەکەی ڕایت میلز (Wright Mills) –کە مۆنۆلۆگێکی ڕاستەقینەی دەرونیی سەرکردە کوبییەکانە– بە پلەی یەکەم باس لەو شتانە دەکات کە لە شۆڕشدا بوونیان نەبووە:

شۆڕش خۆی لە خۆیدا جەنگێک نەبووە لەنێوان سەرمایەداران و ئەو کرێکارانەی بە ڕۆژانە کاردەکەن. شۆڕشەکەمان کاری سەندیکاکان و کرێکارانی شار، یان حزبە کرێکارییەکان، یاخود شتێکی لەو بابەتە نەبووە. کرێکاران لە شاردا لە بارەی شۆڕشەوە هیچ جۆرە هۆشیارییەکیان نەبوو.

چینی جوتیاران ئامادبوونێکی ئەوتۆیان نەبووە لە شۆڕشەکەی کاسترۆدا. لە کۆتایی نیسانی (1958)دا کۆی ژمارەی ئەو چەکدارانەی لە گەڵ کاسترۆدا بوون گەیشتە (180) چەکدار و لە سەردەمی هەرەسی «باتیستا»دا ژمارەیان گەیشتە (805) چەکدار.

بزوتنەوەکەی کاسترۆ بزوتنەوەی چینی ناوەڕاست بوو، ئەو (82) چەکدارەی لەژێر فەرمانی کاسترۆدا بوون و لە مەکسیکەوە هاتبوون و لە کانونی یەکەمی (1956) کوبایان داگیرکرد، هەروەها ئەو دوانزە چەکدارەی کە لە (سییێرا مایسترا) مانەوە و بەرەنگارییان دەکرد، هەر هەموویان سەر بە چینی ناوەڕاست بوون.

لە سەرەتادا بەرنامەکەی کاسترۆ لە چاکسازییەکی لیبرڕاڵی بەرفراوان، کە بەلای چینی ناوەڕاستەوە پەسەندبێت، تێپەڕی نەدەکرد. لە شوباتی (1958، کاسترۆ لە وتارێکدا بۆ گۆڤاری کۆرۆنێت (Coronet) ڕایگەیاند کە ئەو لەپلانیدا نییە وەبەرهێنانی بیانی هەڵوەشێنێتەوە یان خۆماڵییان بکات:

من هەستدەکەم خۆماڵییکردن، ئەگەر گەورەترین ئەنجامیش بخاتەوە، بارگرانییەک

پێکدەهێنێت. لەو باوەڕەدا نیم دەوڵەت بەهێزتر بکات، بەڵکو دامەزراوە تایبەتەکان لاوازدەکات و لەوەش گرنگتر، هەر هەوڵێک بۆ خۆماڵییکردنی کۆفرۆشی گشتی دەبێتە هۆی کۆسپدانان لەبەردەم ئامانجی سەرەکی پلاتفۆرمی نیشتمانیمان واتە (خۆماڵیکردن لە گونجاوترین هەلدا)، بۆیە هەمیشە وەبەرهێنانی بیانی پێشوازی لێدەکرێت و پارێزراو دەبێت.

لە ئایاری ساڵی (1958)دا دوبۆس ژیاننامەی کاسترۆی دەنوسێتەوە، کە دەڵێت:

جوڵانەوەی (26)ی تەمموز، هەرگیز باسی لە بە سۆسیالیزم کردن، یان خۆماڵییکردنی پیشەسازییەکان نەکردوە. ئەمەش بەسادەیی ترسێکی دەبەنگانەی شۆڕشەکەمان پێکدەهێنێت. ئێمە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ڕامانگەیاندوە، کە لەپێناو بەهێزکردنی ئەوتۆی (یاساکانی 1940) دەجەنگین، کە بنەماکانی دڵنیایی و ماف و ئەرکەکان دابیندەکات بۆ هەمو ئەو هێزانەی بەشداری لە بەرهەمهێناندا دەکەن. ئەو پێکهاتەیەی سەرەوە دامەزراوەیەکی ئازادە و زۆر لە مافەکانی سەرمایەی وەبەرهێنراو، هەروەها مافە سیاسی و شارستانی و ئابورییەکانی تریش.

لە (2ی ئایاری 1959 ) کاسترۆ بە ئەنجومەنی ئابوری ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکا لە بۆینس ئایرسی ڕاگەیاند: «ئێمە دژی وەبەرهێنانی تایبەت نین... ئێمە باوەڕمان بە کەڵک و ئەزمون و گەرموگوڕی وەبەرهێنەرە تایبەتەکان هەیە... کۆمپانیاکان و وەبەرهێنەرە تایبەتەکان، هەمان دڵنیایی و مافەکانی دامەزراوە نیشتمانیەکانیان دەبێت».

بێتوانایی چینە کۆمەڵایەتیە تێکهەڵچووەکان، کرێکاران و سەرمایەداران، جوتیاران و خاوەن زەوییەکان، لاوازیی مێژوویی نەگۆڕی چینی ناوەڕاست و هێزی لەبننەهاتوی دەستە نوێیەکەی کاسترۆ -کە پابەندنەبوون بە هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی ڕێکخراو و یەکگرتووەوە- ئەوە ڕووندەکاتەوە چۆن پرۆگرامە میانڕەوییەکەی کاسترۆ لە ساڵانی 1953-1958دا، کە لەسەر بنەمای دامەزراوەی تایبەت دانرابوو، بەئاسانی وەلاوەدەنرێت و بەرنامەیەکی ڕادیکاڵانەی خاوەنداریێتی و پلاندانانی دەوڵەتی جێیدەگرێتەوە. کاسترۆ تا 16ی نیسانی 1961) ئەوەی ڕانەگەیاندبوو کە شۆڕش سۆسیالیستییە. بەپێی قسەکانی

سەرەک کۆمار، دوکتۆر ئۆسڤالدۆ دۆرتیکۆس تـۆرادۆ: «رۆژێـک لـە رۆژان خەڵکی بۆیان دەردەکـەوێـت یـان دڵنیا دەبـن، کـە ئـەوەی چەپڵـەیـان بۆ لـێـداوە و بـەباشـیـان زانـیـوە شۆڕشێکی سۆسیالیستی بووە» -گوزارشتێکی تـەواوە بۆ چەوساندنەوەیەکی بۆناپارتیانەی خەڵک، بەو پێیەی کە خەڵک لە مێژودا بابەتن نەوەک ئامرازی هۆشیاری!

## هەڵەی تیۆرییەکە لەکوێدایە؟

لـەکـاتـێـکـدا هـــــەروەک خـاڵـی یـەکـەمـی ئەنجامگیرییەکان ترۆتسکییش ئاماژەی پێدەکات، وەکو یاسایەکی ڕەها بۆرژوازی تازەپێگەیشتوو خاوەنی سروشتێکی خۆپارێز و ترسنۆکانەیە، کەسایەتی شۆڕشگێڕانەی چینی تازە دەرکەوتوی کرێکاران هـەروەک لە خاڵی دوەمدا هاتووە نە رەهایە و نە لە چارەنەهاتوشە. هەڵسانگاندنی هۆکارەکانیش کارێکی گران نییە. ئایدیۆلۆژیای بەربڵاو لەنێو کۆمەڵگەیەکدا کە چینی کرێکار بەشێکی پێکدێنی ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدارە، لە زۆر بـاردا بوونی زۆرینەیەکی بێ قـەوارە لە کرێکارە نوێیەکان کە لە دەرەوەی شارن و

پێگەیەکیان لەدەستداوە گیروگرفتێکی زۆر بۆ ڕێکخراوە پرۆلیتارییە سەربەخۆکان دەخولقێنێت، ئەمە سەرباری ناشارەزایی و نەخوێندەواری و لاوازییان. کە ئەمەش بەرەو ڕووی لاوازییەکی ترمان دەکاتەوە؛ ئەویش پشتبەستنە بە خەڵکانێک لە دەرەوەی کرێکاران بۆ رابەرایەتیکردنیان. زۆربەی سەندیکاکان لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا لەلایەن کەسانی دەرەوەی خۆیان « outsider» بەڕێوەدەبرێن. راپۆرتەکان لە هیندستانەوە دەڵێن: گشت یەکێتییەکان لە هیندستان بەکردەوە کەسانێک بەڕێوەی دەبەن، کە هیچ پێشینەیەکی پیشەییان نییە واتە «بێگانە»ن... زۆربەی ئەم بێگانانەش تێکەڵاوییان لەگەڵ پتر لە یەکێتییەک هەیە. رابەرێکی نیشتمانی بە هەیبەت وتویەتی، کە ئەو سەرۆکی نزیکەی (30) یەکێتی بووە، بە ڕاشکاویش ڕایگەیاندوە کە ئەزمونێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ بەرێوەبردنی کارەکەی!

لاوازی و پشت بەستن بە بێگانە رێ بۆ پابەندبوون بە تاکە کەسەوە خۆشدەکات. زۆر لە یەکێتییەکان هێشتا خوی گەڕان بە دوای (کەسایەتی)یەکدا بەسەریاندا زاڵە. کەسایەتییەکی بەهێز دەتوانێت دەست بەسەر

یەکێتییەکەدا بگرێت، بەسەر هەموو سیاسەت و کردارەکانییەوە. یەکێتییەکەش وەک بەوە دەناسرێتەوە، کە موڵکی ئەو کەسایەتییە بێت. کرێکارەکان بەدوایدا دەگەڕێن تا گیروگرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات و گشت داواکانیان زامن بکات. وەک بەرگریکەر و پاڵەوانێک پشتی پێ دەبەستن و بۆ هەر شوێنێکیان بەرێت ئامادەن بەدوایدابچن. توخمێکی فراوان لە پاڵەوانپەرستی بەم هەڵوێستەوە دیارە. ژمارەیەکی باش لەم پاڵەوانانە لە بزوتنەوەی کرێکاریدا هەن. ئەمان تەنها لە بەدەستهێنانی هەندێ داواکاریدا یارمەتیی کرێکاران دەدەن، نەوەک لە گەشەپێدانی ڕێکخراوە دیموکراتییە پشتبەخۆ-بەستووەکاندا. ئەم ڕێکخراوانە بەو ئاراستەیەدا گەشە ناکەن، تا کرێکاران فێر ببن پشت بە خۆیان ببەستن نەک بە بەزەیی کەسایەتییە دیارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

خاڵێکی تری لاوازیی بزوتنەوەی کرێکاران لە زۆربەی وڵاتە دواکەوتوەکاندا، پشتبەستنە بە دەوڵەت. ڕاپۆرتەکان لە هیندستانەوە دەڵێن: دەوڵەت زۆربەی ئەو ئەرکانەی گرتوەتە دەست، کە لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا ئەرکی یەکێتییە

پیشەییەکانە. هـەروەک چۆن ئێستا دەوڵـەت
-نـەوەکـو سـازشـی دەسـتـەیـی نـێوان خـاوەن
کار و کرێکاران- رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە
دیاریکردنی کرێ و مەرجەکانی تری کارکردن.
ئەمەش تاڕادەیەک لەچارەنەهاتوبووە بەهۆی
باری ئابوری و لاوازی کرێکاران و یەکێتییە
پیشەییەکانیانەوە.

لە ئەفریقیای رۆژئـاوای سەر بە فەڕەنسا
ڕاپۆرتەکان دەڵێن: هەوڵە راستەوخۆکانی ئەم
یەکێتییە دژ بە خاوەنکار بە دەگمەن زیادکردنی
راستەقینەی کرێی بۆ کرێکارە ئەفریقییەکان
لێکەوتوەتەوە؛ لەم سالانەی دواییدا دابونەریتە
کـۆمـەلایـەتـی و کـاریـگـەرییـە سیاسیەکانی
بزووتنەوە کرێکاریەکان بەرپرسیار بوون لە
زۆربەی زیادکردنەکانی کرێی راستەقینە.

گرنگترین فاکتەر کـە ئـەوە دیـاریـدەکـات
ئایا چینی کرێکار لە ولاتـە دواکەوتووەکاندا
بـە ڕاسـتـی شـۆڕشـگێڕن یـان نـا، فاکتەرێکی
خۆییە. چالاکیی حزبەکان و بە تایبەتی حزبە
کۆمۆنیستەکان کاریگەرییان لەسەر ئەمە هەیە.
باسکردنی رۆڵی دژە شۆڕشگێڕانەی ستالینیزم
لە ولاتە دواکەوتوەکاندا -کە پێشتر ئاماژەی

پێکراوە– لێرەدا پێویستیان بە دوبارەکردنەوەیە.

زنجیرەیەک لە بارودۆخە یەک لەدوای یەکە نیشتمانی و نێونەتەوەییەکان شکاندنی کۆتوبەندەکانی فیوداڵیزم و ئیمپریاڵیزم دەکاتە ناچارییەک بۆ هێزەکانی بەرهەمهێنان. یاخیبوونەکانی چینی جوتیاران ڕاماڵینێکی قوڵترو فراوانتری لەوانی پێشتر بەخۆیەوەبینی. هەر لەو یاخیبوونە نیشتمانییانەشدا ڕەگوڕیشەی ئەو یاخیبوونە نیشتمانیانە داکوترابوو لە دژی داتەپینی ئەو ئابورییەی ئیمپریالیزم لەگەل خۆیدا هێنابووی، هەروەها لەپێناوی باشترکردنی باری ژیان کە داواکارییەکی دەستبەجێ بوو.

پێداویستیی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و هەستی یاخیبوون لەنێو چینی جوتیاراندا بەسنەبوون بۆ شکاندنی تەوقی موڵکایەتی دەرەبەگایەتی Landlordism و ئیمپریالیزم. *سێ فاکتەری تریش یاریدەدەر بوون:*

- لاوازبوونی ئیمپریالیزمی جیهانی لە ئەنجامی گەشەی ناکۆکییەکانی نێوان هێزەکان، و ئیفلیجییەک کە جومگەکانی دەستێوەردانە هەمەلایەنەکانی ئیمپریالیزم بە هۆی دروستکردنی بۆمبی هایدرۆجینییەوە هێناویەتییە کایەوە.

• گرنگی ڕوولەزیادبووی حکومەت لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا. یەکێک لە داوە مێژوییەکان ئەوەیە کاتێک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی رووبەرووی کۆمەڵگە دەبێتەوە، ئەو چینەی کە بە ناچاری لەسەریەتی بە ئەنجامی بگەیەنێت ئامادە نەبێت، چەند گروپێک لە خەڵک، کە زۆرجار هێزێکی سەر بە دەوڵەتن جێبەجێی دەکەن، لەم هەلومەرجەدا هێزە دەوڵەتییەکە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. ئەمەش تەنها لە ژێرخانی ئابوری نیشتمانیدا رەنگناداتەوە -کە بەپێی ئەو گەشە دەکات- بەڵکو لەسەر کارەکتەری سەرونیشتمانیی ئەمڕۆی ئابوری جیهانیش!

• رۆڵی گەشەکردووی چینی بیرمەندان وەک ڕابەر و یەکالاکەرەوەی نەتەوە و لەسەرو ئەمانەشەوە بەگەڕخەری جەماوەر. ئەم خاڵەش پێویستی بە درێژەپێدانێکی تایبەتی هەیە.

**شۆڕشی ڕۆشنبیری**

چینی بیرمەندانی شۆڕشگێڕ خۆی وەک فاکتەرێکی یەکگرتوو سەلماند لەو نەتەوانەی لەم دواییەدا بە دەرکەوتن پتر لەوانەی روسیای قەیسەری. ئاشکرایە کە موڵکایەتیی تایبەتی

بـۆرژوازی ڕوو لە ئیفلاس و لەرزۆکبوونی پایەکانی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریی دەوڵەتییە بە هۆی بێهێزبوونی ئیمپریالیزم، هەروەها گرنگی ڕوولەزیادبووی پلاندانانی دەوڵەتی، هەروەها ئەزمونەکەی روسیا و کاری ڕێکخراوەیی حزبە کۆمۆنیستەکان، هەستێکی نوێی پێکەوەگرێدان بەو بیرمەندانە دەبەخشێت. وەک تاکە بەشێکی پەیوەستنەبوو بە هیچ بوارێکی تایبەتی نێو کۆمەڵگەوە، چینی ئەندێشەمەندان سەرچاوەیەکی ڕوونی دەستەبژێرێکی شۆڕشگێڕی پسپۆڕن کە وادەردەکەوێت نوێنەری بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەیان بن دژ بە بەرژەوەندییە چینایەتی و دەستەییە تێکهەڵچوەکان. سەرەڕای ئەوەی تەنها بەشێکیشن لە کۆمەڵگەکە ئیلهام لە کولتوری نیشتمانییەوە وەردەگـرن، لەکاتێکدا چینی جوتیاران و کرێکاران نە کاتی ئەو پشوەیان هەیە و نە ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆشیان هەیە.

هـەروەهـا چینی بـیرمـەندان بـەئـاگـان لە دواکەوتویی وڵاتەکەیان لەڕووی تەکنولۆژییەوە. کاتێک بـەشـداردەبـن لە جیهانی تەکنەلۆژیی و زانستیی سـەدەی بیستدا، دواکـەوتـویـی

نەتەوەکەیان دایاندەمرکێنێتەوە. ئەم هەستەش لەلای ئەو رۆشنبیرانە زەقترە کە بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنن. ئەم دواکەوتوییە ئابوورییە گشتییە وەها دەکات کە تاکە هیوای خوێندکاران ئەوە بێت کارێکی حکومییان دەستبکەوێت، بەڵام ئەمەش بەشیان ناکات.

ئەوان زۆر باوەڕیان بە لێهاتویی هەیە، تەنانەت لە بواری ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیشدا. هیوایان وایە چاکسازی لە سەرەوە دەستپێبکات و پێیانخۆشە ئەم دونیا نوێیە بدرێتە دەست خەڵکانێک کە بەمە بزانن، وەک لەوەی ئەوە ببینن کە خەباتی لیبراڵانەی تاکە هوشیارەکان و خەڵکانی ئازادیخواز لە ئەنجامدا جیهانێکی نوێ بۆخۆیان وەدەستدێنن. ئەوان زۆر دەربەستی پێوانەکانیانن بۆ رزگارکردنی نەتەوەکەیان لە چەقبەستویی، بەڵام کەمتر دەربەستی دیموکراسین. گەشتێک بەرجەستە دەکەن بەرەو بەپیشەسازیکردن، بەرەو کەڵەکەبوونی سەرمایە، بەرەو ژیانەوەی نیشتمانی. دەسەڵات پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە لاوازیی چینەکانی تر و نابوتبوونی سیاسیانەوە هەیە.

ئەمانە هەمویان وەها دەکەن سەرمایەداریی دەوڵەتی تۆتالیتار ئامانجێکی سەرنجراکێش بێت بۆ رۆشنبیران. لەراستیشدا ئەوان ئاڵاهەڵگری سەرەکی کۆمۆنیزمن لە نەتەوە تازەپێگەیشتوەکاندا. هەروەک پسپۆڕێک لە ئەمریکای لاتین دەنوسێت: «کۆمۆنیزم رەزامەندییەکی زۆر گەورەی بەدەستهێنا لە ئەمریکای لاتین لەنێو خوێندکاران و چینی ناوەڕاستدا». لە هیندستان، لە کۆنگرەی حزبی کۆمۆنیست لە ئەمریتسار (ئازار و نیسانی1958) نزیکەی (67%)ی نوێنەرەکان سەر بە چینی پرۆلیتاریا و جوتیاران نەبوون، بەڵکو لە (چینی ناوەڕاست، خاوەن زەوییەکان، بازرگانانی بچوک)؛ لە (72%)ی لە پلەی زانکۆدا بوون.

**شۆڕشی بەردەوامی بەلاڕێدابراو**

بەپێی تیۆرییەکەی ترۆتسکی ئەو هێزانەی پێویستە رابەرایەتیی شۆڕشە کرێکارییە سۆسیالیستییەکان بکەن، لەکاتی ئامادەنەبوونی خودی شۆڕشگێڕدا، دەشێت پرۆلیتاریا بە پێچەوانەوە ئاراستە بکەن، واتە بەرەو

سەرمایەداریی دەوڵەتیی ببەن. بە بەکارهێنانی ئەوەی لەجیهاندا بەکارە لە تیۆرییەکە و ئەوەی جێی گومانە (سەبارەت بەچالاکی خودی پرۆلیتاریا)، دەگەینە دەستەواژەیەکی بگۆڕ، کە لەبەر نەبوونی ناوێکی گونجاو، دەکرێت پێیبڵێین «شۆڕشێکی بەردەوامی سەرمایەداریی دەوڵەتیی بەلاڕێدابراو».

هەرەسهێنانی رژێمی ستالینیستی لە روسیا و ئەوروپای رۆژهەڵات، گوزەری (چین)ـەکەی ماوی بەرەو کۆت و بەندەکانی سەرمایەداریی بازاڕ کێشکرد، پەرتبوونی نێودەوڵەتیی بزوتنەوە ماویست و ستالینستیەکان رێیان بۆ گەشەکردنی شۆڕشێکی بەردەوام و راستەقینە، هەروەک ترۆتسکی وەسفی کردوە، خۆش کرد.

ئێمە لەنێو بەئاگاهاتنەوەیەکی لەسەرخۆ و دورودرێژی بزوتنەوەی چینی کرێکارین لە جیهانی سێهەمدا.

ئەوەمان بینیوە چۆن چینی کرێکاران لە ئێران سەرقاڵی مانگرتنێکی گشتی بوون کە شوراکانی کرێکاران رێکیانخستبوو، لەئەنجامیشدا لەسەرکارلابردنی شای لێکەوتەوە. بینیومانە چۆن چینی کرێکارانی ئەفریقای باشور رژێمی

ئاپارتایدیان لەناوبرد، هەروەها سەرهەڵدانی چینی کرێکارانی چەکدار لە کۆریای باشورمان بینیوە، هەروەها بەفراوانترین و جەماوەریترین مانگرتنی گشتیمان لە بەرازیل بەخۆوەدیوە.

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ستەمکارییەی کە دەیەکانی کۆنەپەرستی و ستالینیزم و فاشیزم بەجێیانهێشتووە، پێویستمان بە ماوەیەکی دورودرێـژە، بـەڵام ڕێگا لـەبـەردەم شۆڕشی بـەردەوام و ڕاستەقینە والآیـە تا ئامانجەکانی خۆی بێنێتەدی.

**دەربارەی نوسەر:**

«تۆنی کلیف» ساڵی (1917) هەمان ساڵ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیای تیا بەرپابوو، لە فەلەستین لەدایکبووە. ساڵی (1930) بووە بە سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕ و یەکێک بووە لە پەیڕەوکەرانی لیۆن ترۆتسکی. دوابـەدوای ئەوەی لە فەلەستیندا کاریکردوە بۆ پێکهێنانی گرۆپێکی بچوکی شۆڕشگێڕ، لە کۆتایی جەنگی جیهانی دوەمـدا هاتوەتە بەریتانیا. بـەدوای خوێندنەوەیەکی چڕ و تێبینیکردنی بارودۆخی وڵاتەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات، کە لە فەلەکی

یەکێتیی سۆڤیەت دا دەخولانەوە، دەستبەرداری ترۆتسکیزمی ئەرتەدۆکس بووە.

«کلیف» گروپی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی لە ساڵی (1950)دا دامەزراند، کە بووە زەمینەیەک بۆ پێکهێنانی »سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالەکان» لە شەستەکان دا، هەروەها «حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست» لە حەفتاکاندا.

خاوەنی دەیان پەرتوک و نامیلکە و سەدان وتاری جۆراوجۆرە. لەوانە پەرتوکی «سەرمایەداریی دەوڵەتی لە روسیا»، لە ساڵی (1947) نوسیویەتی و وەرگێردراوە بۆ (16) زمانی دونیا. سێ بەرگ دەربارەی کار و ژیانی لینین و چوار بەرگیش دەربارەی ترۆتسکی، هەروەها پەرتوکی خەباتی چینایەتی و رزگاریی ژنان، ترۆتسکیزم دوای ترۆتسکی، تیوری شۆرشی بەردەوامی بەلارێدابراو، مارکیسزم لە هەزارەی سێیەمدا و ...هتد. ماوەیەکی کەم دوای دەرچونی پەرتوکێک لەبارەی ژیانی خۆیەوە، کە بە ناونیشانی (ژیانێک بۆ بردنەوە: بەسەرهاتی شۆڕشگێڕێک) لە نیسانی (2000)دا

کۆچی دوایی کرد. بۆ ئاشنابوون بە بیر و هرز و بەرهەمەکانی تۆنی کلیف دەتوانن سەردانی «ئەرشیفی ئەنتەرنێتی مارکسیستەکان» بکەن بەم ناونیشانەی خوارەوە:

http://www.marxists.org/archive/cliff/index.htm

# ماو تسی تۆنگ و ماویستەکان

کیت ویندشاتل

لە فارسیەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

هاوینی ساڵی 1936 (ئێدگار سنۆو Edgar snow) ڕۆژنامەنوسی ئەمریکی لە پەکینەوە بەرەو باکوری چین بەڕێکەوت و چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ماو تسی تۆنگ ئەنجامدا و ماوەیەک دوای ئەوە بە ناوی (ژیاننامەی خۆنوسی ماو تسی تۆنگ) بڵاویکردەوە، هەروەها لە کتێبێکی تریدا بەناوی (ئەستێرەی سور بەئاسمانی چینەوە) چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ ڕێبەرە کۆمۆنیستەکان و سەرجەم بابەت و زانیارییە کۆکراوەکانی بڵاوکردەوە. ئەو ماو تسی و لایەنگرانی وەک پاڵەوانێک وێناکردووە کە ژیانی خۆیان بۆ ئازادی وڵاتەکەیان تەرخانکردوە، سنۆو بەپلەی یەکەم ئەوان نەک وەک شۆڕشگێڕانی سۆسیالیست، بەڵکو زۆرتر ئەوانی وەک بەرگریکارانی چاکسازی زەویـــوزار بۆ تێکشکاندنی کۆتوبەندەکانی فیودالێزم و ئازادیی جوتیاران دەناسێنێت. بەپێی نوسینەکانی ئـەو، کۆمۆنیستەکان لایەنگری یەکێتی سۆڤێتی جاران نەبوون و خوازیاری دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکا بوون. لەو (80) هەزار کەسەی کە لەو پیادەڕەویە مەزنەدا بەشداربوون تەنها (26) هەزار کەس لە ژیاندا مانەوە. ئەوان ڕێڕۆیشتنی (75) هەزار میلیی خۆیان درێژەپێدا

و ماویش لەگەڵ سەربازەکانیدا پیادەڕەوی کرد. کتێبەکەی سنۆو کاریگەریی باشی لەسەر رای گشتیی ئەمریکا و ئەوروپا دروستکرد و لە چینیش کاریگەری لەسەر هاووڵاتیان دروستکرد و هاووڵاتیان چونە ریزی پارتی کۆمۆنیستەوە. ساڵی (1941) بەهۆی ئەو ناوبانگەی ماو تسی تۆنگ بەهۆی پیادەڕەویەکەیەوە بەدەستیهێنابوو ژمارەی ئەندامانی پارتەکەی گەیشتنە (700) هەزار کەس، پارتی کۆمۆنیست پێویستی بە گەنجانی خوێندەوار بوو.

بەڵام ژیاننامەی نوێی (ماو تسی: چیرۆکێکی نەزانراو) لە نوسینی (یانگ چانگ و جۆن هالیدی) دەریدەخات کە سەرجەم پڕوپاگەندەکانی سنۆو دورن لە راستیەوە. لەجیاتی ئەوەی ماو تسی دژی ژاپۆنیەکان بوەستێتەوە، پێشوازی لێکردن. ئەو ئومێدەواربوو ژاپۆنیەکان لەگەڵ (چیانگ چایشک) شەڕ بکەن و لەکۆتاییدا لەناویبەرن و ببنە هۆی راکێشانی هێزی یەکێتیی سۆڤێت بۆ چین. لەجیاتی ئەوەی ماو تسی پاڵەوانی سەربەخۆیی وڵاتەکەی بێت لە دەیەی (1920) ـەوە داردەستی یەکێتی سۆڤێت بووە و چەک و پارەی لێوەرگرتون. ئەو دەیزانی تاکە هیوای ئەو

بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە چین بەدەستهێنانی پشتیوانیی یەکێتیی سۆڤیێتە، بڕوایەک لەکۆتاییدا و ساڵی (1949) دوای بەدەستهێنانی دەسەڵات هاتەدی. ماو تسی خوازیاری چاکسازی زەویوزار نەبوو، هیچ زەویەکی لەنێوان جوتیاراندا دابەش نەکرد و ئازادی نەکردن. (پێگەی سور) لە رویجین (Ruijin) لە جیانکسی (Jiangxi) لەباشوری چین نەک لەڕێگەی شۆڕشی جەماوەریەوە، بەڵکو بە هێرشی سەربازی سوپای سور و چەکی یەکێتی سۆڤێت داگیرکرا. زۆربەی گێڕانەوەکانی سنۆو لەبارەی پیادەڕەویە مەزنەکەوە راست نەبوون. مەبەست لەو پیادەرەویە جێگیرکردنی بنکەیەکی نوێ بوو لە باکور نزیک سنوری مەغۆلستان بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانن چەک و جبەخانەیان لە یەکێتی سۆڤێتەوە بەدەستبگات. ژمارەیەک لە شەڕەکان لەو پیادەڕەوییەدا هەرگیز رویاننەداوە. لە بەشی زۆری ئەو پیادەڕەوییەدا ماو تسی لەسەر شانی سەربازەکانی بووە. لە راستیدا ماو تسی لە کۆتایی پیادەڕەویەکەیدا لەو (80) هەزار کەسە تەنها 4 هەزار کەسی لەگەڵدا مابوو. لەڕاستیدا نوسینی ئەو کتێبە لەلایەن سنۆوە خواستەی ماو تسی بووە، ساڵی

(1936) بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە پێویستی بە رۆژنامەنوسێکی بیانی و دۆستە بۆ ئەوەی وێنەیەکی ئیجابی بخاتە بەردیدی رایگشتی. هەرچییەک سنۆو نوسیویەتی لەلایەن (ماو)ەوە کۆنترۆڵ کراوە و گۆڕانکاری تێدا ئەنجامدراوە. چانگ و هالیدی لە کتێبەکەیاندا بەپشت بەستن بە ئەرشیفی یەکێتی سۆڤێتی جاران باس لە چۆنێتی پشتیوانی (ستالین) بۆ گەیشتنە دەسەڵاتی ماو تسی دەکەن. بەپێی سەرژمێریەکانی چانگ و هالیدی، ماو تسی لە ڕێڕەوی سیاسی خۆیدا لە ساڵی (1920 تا 1976) بەرپرسیارە لە مردنی (70) ملیۆن هاوڵاتیی چین. بەرزترین ژمارەی قوربانیان (38) ملیۆن کەس بووە لە چوار ساڵ قەیرانی (1958 تا 1961). رۆژئاواییەکان دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی (گیانە برسییەکان: برسێتی نهێنی لە چین) کە ساڵی (1966) (جاسپێر بیکر Jasper Becker) نوسی، پەیان بەم روداوە برد. بیکر ئەم روداوە بە نەزانی ئایدۆلۆژیی ماو لە ڕێنوێنیکردنی ئەزمونێکی دیکتاتۆرانە، بەڵام ناکام لە چین لێکدەداتەوە، بەڵام چانگ و هالیدی بەڵگەی نوێ دەدەن بەدەستەوە کە خراپتر لەوە بووە. رژێمی ماو تسی لەو ساڵانەدا بەرهەمە

کشتوکاڵییەکانی وڵاتی بۆ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات هەناردەکردوە، کە لەژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکاندا بوون و لەبەرامبەردا چەک و پشتیوانی سیاسی وەردەگرت. لە ساڵی یەکەمی قەیرانەکەدا واتە (1958 تا 1959)چین (7) ملیۆن تەن دانەوێڵە کە دەیتوانی (38) ملیۆن مرۆڤ تێربکات هەناردەی دەرەوە کردوە. ساڵی (1960 کە 22) ملیۆن هاوڵاتی چین بەهۆی برسێتیەوە مردون چین گەورەترین بەخشەری یارمەتی نێودەوڵەتی بووە لەسەر بنەمای بەرهەمی نەتەوەیی.

ماو ساڵی (1958) لە کۆنگرەی پارتەکەیدا رایگەیاندوە ئەوان نابێت لە مردنی مرۆڤەکان لە ئەنجامی بەرنامەکانی پارتەکەیاندا بترسن، بەڵکو دەبێت پێشوازی لێبکەن! ساڵی 1957 لە مۆسکۆش وتبووی: (ئێمە خۆمان بۆ قوربانیکردنی (300) ملیۆن چینی لە شۆڕشی جیهانیدا ئامادەکردوە). ئەو لەبارەی ئومێدەواری بۆ روودانی شەڕێکی تری جیهانی ساڵی (1958) وتویەتی: (گرفت چیە ئەگەر نیوەی دانیشتوان لەناوبچن، بەڵام نیوەکەی تر یان یەک لەسەر سێیان بمێننەوە؟)! لەبەرئەوە ئەو (70) ملیۆن

مرۆڤەی کە بوونە قوربانیی سەرکەوتنە سیاسیەکانی ماو تسی زۆر لە پێشبینیەکانی ئەو کەمتر بوون. زۆربەی قوربانیەکانی ماو تسی لایەنگرانی خۆی بوون نەک دوژمنەکانی. ماو تسی ستراتیژی درێژخایەنی خۆی لەسەر بنەمای تیرۆرکردنی هاوڕێ کۆمۆنیستەکانی دانابوو. هەرکەسێک گومانی لە بیروڕاکان بکردایە بە دوژمن لەقەڵەم دەدرا و ماڵ و سامانەکەی دەستی بەسەردا دەگیرا و بەزۆر کاری پێدەکرا، یان لەسێدارەدەدرا. ئەو کەسانەی لە سەرەتادا تۆمەتبارکران ئەفسەرە سەربازییەکانی سوپای سور و رکابەرەکانی ماو تسی بۆ بوونە ڕێبەری پارتەکە بوون و زۆربەی ئەو کەسانەی کوژراون ئەندامی پارتەکە بوون. بەپێی سەرژمێریەکانی چانگ و هالیدی لە ساڵانی (1931 تا 1934) نزیکەی (700) هەزار مرۆڤ لە بنکەی سور لە رویجین کوژراون، کە نیوەیان وەک دوژمنی چینایەتی ناسێنراون و ئەوانەی تریش تا مردن کاریان پێکراوە یان بەهۆکاری تر لەناوبراون. ئەو پیاو و ژنە خوێندەوارانەی چینی ناوەند، کە چووبوونە ریزی ئەم پارتەوە بەخێرایی لەوە تێگەیشتن کە کەوتونەتە داوی ڕژێمێکەوە،

کە تەنها بە مردن لێی قوتار دەبن. ساڵی (1942) ماو تسی سەرجەم ئەو خۆبەخشانەی لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ناسیۆنالیستەکانەوە هاتبوون بە سیخوڕ لەقەڵەمی دان و فەرمانی دەستبەسەرکردن و ئەشکەنجەدانیانی دەرکرد. لەژێر دەسەڵاتی ماودا بەکارهێنانی بڵاوکراوە و رادیۆ بێگانەکان و ناردن و وەرگرتنی نامە یاساغ بوو، چونکە وەک سیخوڕی لێکدەدرایەوە. ئەو کەسەی سەردەمانێک گەنجێکی خۆبەخشی چالاک بوو دوای دوو ساڵ مانەوە لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕژێمەدا دەگۆڕا بۆ مرۆڤێکی کۆنترۆڵکراو کە نەیدەتوانی هیچ شتێک بڵێت بێجگە لەوەی پارتەکە دەیڵێت. رۆژنامەنوسێک دەگێڕێتەوە: (ئەگەر پرسیارت لە (20 یا 30) کەس بکردایە، لە رۆشنبیرەوە تا کرێکار بەنزیکەیی هەموو وەڵامەکان وەک یەک بوون، مایەی سەرسوڕمانیش نییە ئەوان یەک دڵ و زمان رەتی دەکەنەوە کە پارتەکەیان چاودێری راستەوخۆی بەسەر کارەکانیانەوە هەبێت).

مانگی (ئایاری1966) ماو تسی شۆڕشی فەرهەنگی راگەیاند کە لەلایەن (5) پیاو و ژنێکەوە (هاوسەری ماو تسی) بەڕێوەدەچوو، ماویش

لەسەرو هەمویانەوە بوو. وێنەی ماو تسی لەسەر هەر راپۆرتێکی رۆژنامەی People›s Daily دانرا و پێویست بوو هەمو تاکێک وێنەی ئەو لە سینەی بدات. سەرجەم هاووڵاتیانی چین کتێبی سوری بچوک کە وتەکانی ماو تسی تێدا تۆمار کرابوو پێیاندرا و پێوست بوو ئەو کتێبەیان لەسەرجەم بۆنە گشتیەکاندا پێبێت و بەرەو ئاسمان بەرزی بکەنەوە: ئیتر ماوتسیزم بوو بە ئاینی زۆرەکی حکومەت.

یەکێک لە کارەکانی ماو تسی ساڵی (1966) بۆ ترساندنی کۆمەڵگەی چین سودوەرگرتن بوو لە گەنجانی زانکۆ و خوێندنگەکان. ئەو سەرجەم خوێندنگە و زانکۆکانی بە شێوەیەکی کاتی داخست و داوای لە خوێندکاران کرد بەهۆی ژەهراویکردنی هزری ئەوان بە ئایدیای بۆرژوازی رەخنە لە مامۆستاکانیان بگرن. گەنجە خوێنگەرمەکانیش هێرشیان کردە سەر مامۆستاکانیان و ئازاریان دان و زۆربەی مامۆستاکان لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا گیانیان لەدەستدا یان نێردران بۆ ئۆروگاکانی کارکردن، چانگ و هالیدی ئەم دۆخەیان بە (تاقگەی خۆکوژی) ناوبردوە.

سوپای سور رەخنەی کردبووە کۆمەڵگەی چینەوە و هەر نیشانەیەکیان لە فەرهەنگی رەسەنی چین بەرچاو بکەوتایە لەناویان دەبرد، کتێبی کتێبخانەکانی پەکین سوتێنران و نوسەرە بەرجەستەکان و گۆرانیبێژ و هونەرمەندان ناچار دەکران چۆک دابدەن. سوپا لەماڵەکان بۆ کتێب و هەرشتێکی پەیوەندیدار بە فەرهەنگەوە دەگەڕان و لەناویان دەبردن. ئامانج لەم کارانەش لەناوبردنی یادەوەرییە دێرینە مێژوویی و فەرهەنگیەکانی چین بوو. تا ساڵی (1958) 6483 تەلاری دێرین لە پەکین مابوونەوە، بەڵام سوپای سور نزیکەی (4922) تەلاریانی وێران کرد.

چانگ و هالیدی نوسیویانە ستالین لەڕێگەی پۆلیسی نهێنیەوە، بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکات قوربانیەکانیان لە بەندیخانەکان توند دەکرد، بەڵام ماو تسی لەبەرچاوی رای گشتی ئەم کارانەی ئەنجامدەدا. ساڵی (1966) حکومەتی کۆمۆنیستی چین ژمارەیەکی زۆر لەو مرۆڤە برسیانەی بەرهەمهێنا کە تینوی تۆڵەسەندنەوە و دەسەڵات بوون. لە ماوەی شۆڕشی فەرهەنگیدا چین لە تاریکیدا بەسەری برد و لە کۆتاییدا بوو بە هۆی گیان لەدەستدانی زیاتر لە (3) ملیۆن مرۆڤ.

کتێبەکەی چانگ و هالیدی تەنها چیرۆکی کـارە شەیتانییەکانی مـرۆڤـێـک نـیـیـە، بەڵکو شیکردنەوەیەکی کاریگەری دۆخی مرۆڤایەتیە.

سـاڵـی (1960) (پـیـێـر تـرودیـۆ Pierre Trudeau) کە دواتر بوو بە سەرۆک وەزیرانی کەنەدا سەردانی چینی کرد و لە گەڕانەوەیدا کتێبێکی بەناوی (دوو بێتاوانی چینی) نوسی، کە باسی ئەو برسێتیەی نەدەکرد. (مونتێگومری) فەرماندەی هێزی پیادەی بەریتانیا ساڵانی (1960 و 1961) دوو جار سـەردانـی چینی کـردوە رایگەیاندوە لـەوێ هیچ قەیران و برسێتییەک بوونی نییە، بەڵکو هەندێک ناوچە خواردنیان کەم بووە و ئەمەشی بە تاوانی ماو لەقەڵەم نەداوە و وتویەتی: (چین پێویستی بە سەرۆکە و تۆ نابێت لەم کەشتییە دابەزیت). نەتەوە یەککگرتوەکانیش بـەتـەواوی بێتوانا بـوو. ڕێکخراوی فـاو ساڵی 1959 چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامداوە و رایگەیاندوە بەرهەمهێنانی خواردەمەنی لە چین لە پێنج ساڵی رابـردودا لە (50% بۆ 100%) زیـادیـکـردوە. کاتێک ڕێـبـەری سۆسیالیستی فـەرەنـسـا (فـرانـسـوا مـیـتـران) سـاڵـی (1961) رۆیشتوە بۆ چین، ماو پێیگوتووە: (من دووبارەی

دەکەمەوە بۆ ئەوەی پەیامەکە بەباشی ببیسرێت، لە چین قەیران و برسێتی نییە). لەو کاتەشدا ماو (3) نوسەری متمانەپێکراو (ئێدگار سنۆو، هان سوین Han Suyin، فلیکس گرین Felix Green)ی بانگهێشتکرد، بۆ ئەوەی پەیامەکەی لە ڕێگەی راپۆرت یان کتێب یان چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ بی بی سی بڵاوبکاتەوە.

لەنێوان رۆشنبیرانی رۆژئـاوا چەپەکانی فەرەنسا پشتیوانییان دەکرد. سیمون دیبوڤوار ساڵی (1955) سەردانی چینی کرد و رایگەیاند: (دەسەڵاتێک کە ماو بەکاریدێنێت لە دەسەڵاتی رۆزڤێلت دیکتاتۆرانەتر نییە. چینی نوێ دەسەڵاتی لە دەستی تاکە کەسێکدا مەحاڵ کردوە).

لە دەیەی (1950)دا ماو تسی بۆ ئەوەی یەکێتی سۆڤێت رازی بکات، کە چەکی ناوەکی بدات بە چین، دوو جار لەگەڵ تایوان گرژیی دروستکرد بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە مەترسی هێرشی ناوەکی ئەمریکا بۆ سەر چین بخاتەڕوو. ساڵی (1972 تا 1973) ئەم کارەی بەپێچەوانەوە ئەنجامدا بۆ ئەوەی ئەمریکا ڕازیبکات چەکی ناوەکی بدات بە چین. لەو سەردەمەدا کیسەنجەر بە چینییەکانی وت گروپێکی ئامادەی نهێنی دروست دەکات بۆ

ئەوەی لە چەکە ناوەکییەکان و فڕۆکە تاکتیکیە هەڵگرەکانی بۆمبی ناوەکی بکۆڵنەوە، هەروەها کیسەنجەر داوای لە فەرەنسییەکان کرد کۆتایی بە گەمارۆی سەر چین بهێنن و فڕۆکەیان پێبفرۆشن، هەروەها بەنهێنی هانی بەریتانیا و فەرەنسای دا تەکنەلۆژیای ناوەکی بە چین بفرۆشن. تاکتیکی کیسەنجەر بۆ دورخستنەوەی چین لە یەکێتیی سۆڤێت سەرکەوتو بوو، بەڵام نەک بەو شێوەیەی خۆی دەیویست. ساڵی 1973 (برژنۆف)، نیکسۆن و کیسەنجەری ئاگادارکردەوە ئەگەر لەنێوان ئەمریکا و چین ڕێککەوتننامەی سەربازی ئەنجامبدرێت مەترسیدارترین کاردانەوەی دەبێت و یەکێتی سۆڤێت ناچاردەکات هەڵوێستی تر وەربگرێت.

چانگ و هالیدی کتێبەکەی خۆیان بە یادەوەرییەکی ناو ئومێدەوارانە کۆتایی پێدێنن. ئەمڕۆ وێنەی گەورەی ماو و جەنازەکەی هێشتا لە مەیدانی (تیان ئان من) لە ناوجەرگەی پایتەختی چین حکومەت دەکەن. ڕژێمی کۆمۆنیستی ئێستا خۆی بە میراتگری ماو تسی و درێژەپێدەری ئەفسانەکەی ئەو دەزانێت. لە رابردودا چەندین کتێب لەبارەی چینەوە نوسراون، کە رۆڵی

گرنگیان لە گۆڕانکاری سیاسەتەکانی ئەم وڵاتەدا گێڕاوە. کتێبەکەی ئێدگار سنۆو (ئەستێرەی سور بە ئاسمانی چینەوە) رۆڵی گرنگی لە بەدەستهێنانی پشتیوانی ناوخۆیی بۆ پارتی کۆمۆنیستی چین هەبوو، بەڵام لەبەرچاونەگرتنی کتێبەکەی چانگ و هالیدیش ئەستەمە. ئەو رووداوانەی کە نوسەرەکانی ئەم کتێبە باسیدەکەن، ئەوەندە مەترسیدارن کە هاووڵاتیانی چین دەهەژێنێت. ماو لەجیاتی ئەوەی ئەو پیاوە بێت کە پاشایەتی دێرینی چین دوبارە زیندوبکاتەوە، ئەو ئەوکەسە بوو خستیە سەر چۆک. ئەم کتێبە مێژویەکی بەهێزە کە میراتگرانی ماو بۆ بەدرۆخستنەوە و کوژاندنەوەی رێگەیەکی دورودرێژیان لەبەرە. بەو شێوەیەی کە کتێبەکەی سنۆو یارمەتی دامەزراندنی رژێمی کۆمۆنیستی داوە، کتێبەکەی چانگ و هالیدیش دەتوانێت یارمەتی رووخانی بدات. ئەگەر بڕیارە لە سەردەمی ئێمەدا کتێبێک بەتەنهایی بتوانێت رێڕەوی مێژوو بگۆڕێت ئەوا ئەم کتێبەیە.

**سەرچاوە:**

ئیران ئێمروز، ویکی پیدیا

# کاروانی خەباتی
# ماو تسی تۆنگ (1893_1976)

**محەمەد چیا**

(مـاو تـسـی تـۆنـگ Mao tse Tung)
سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی و سەرکردەیەکی کۆمۆنیستی دیار، سەرکردەی جەنگی رزگاریی لە چین و دامەزرێنەری کۆماری چینی میللی.

ماو لـە (1893/12/26)دا لـە خێزانێکی جوتیاری هـەژار لـە گـونـدی شـاو شـان لە ناوچـەی هۆنان لەدایکبووە. لە خوێندنگەی گوندەکە خوێندویەتی و پاشان پەیوەندی کـردوە بە قوتابخانەیەکی سـەرەتاییـەوە لە ناوچەی شیانگ، لەوێوە گواستویەتییەوە بۆ قوتابخانەیەکی ناوەندی لە پایتەختی ناوچەکە. دوای شۆڕشی (1911-1912)، کە سەرکردەی نیشتمانی سەن یات سن سەرکردایەتیکرد بۆ کۆتاییهێنان بە حوکمی دەرەبەگایەتی خێزانی مانشۆ، ماو لە سوپای شۆڕشدا بۆ ماوەیەکی کورت خزمەتیکرد. لە ساڵی (1913)دا چووە پەیمانگای مامۆستایانی چوارەم لە هۆنان و لە ساڵی (1918)دا تەواویکرد. لەو ماوەیەدا مـێژوی کـۆن و کلـتوری رۆشـنبیری چینی خوێندەوە، هـەروەک چۆن بیرۆکە نوێیەکانی خـۆرئـاوای تـاوتـوێـکـرد و لـێـیان شـارەزا بـوو، هـەروەهـا کاریگەربوو بە نوسینەکانی

کۆنفۆشیوس و سەن یات سن و تۆڵستۆی و کانت و دیالەکتیکی هیگڵ و زۆر بایەخی دەدا بە شۆڕشی سۆسیالیستی لە روسیادا (1917) و بەو بیرۆکانەی لەگەڵ خۆی هێنانی.

لە نیسانی (1918) »رێکخراوی میلیی نوێ«ی دامەزراند لە ناوچەی چانگ شا بە ئامانجی دۆزینەوەی رێگایەکی نوێ بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە چیندا. لە ساڵی 1919دا پەیوەندیکرد بە زانکۆی پەکینەوە وەک ئەمینداری کتێبخانە کاری تێدا کرد، وێڕای ئەوەی کە خوێندکاریش بوو تێیدا. لەکاتی خوێندنی زانکۆییدا لەگەڵ (کای هو) دا هاوسەرگیری کرد، کەوا کچی یەکێک لە مامۆستاکانی بوو. لە زانکۆدا زۆر کاریگەر بوو بە بیرۆکەکانی مامۆستاکەی (چین) لە بواری ئابوریدا، کەوا کەسێکی کۆمۆنیست بوو.

لە هەمان ساڵدا بەشداریکرد لە رێکخستنی ڕاپەڕینی 4 ئایار/مایۆی لاواندا لە دژی پەیماننامەی فرسای دەربارەی ڕادەستکردنی زەوییە چینییەکان کە ئەڵمانیا داگیریکردبوون بە ژاپۆن.

لە ساڵی (1920)دا ماو لە پەکین چاوی کەوت بە نوێنەری شۆڕشی سۆڤیەتی ئەدۆلۆف جۆف، لە رێگەی چینی مامۆستایەوە، لەو دیدارەوە ئەوەی هەستپێکرد کە سۆڤیەت دەیەوێت پەیوەندییەکی هاوتا و چوونیەک لەگەڵ وڵاتەکەیدا ببەستێت. سازشی حکومەتی سۆڤیەتیش لە باکوری مەنشوریا بۆ چین -کە ئەوکات حکومەتی قەیسەریی داگیریکردبوو- ئەمەش رۆڵی هەبوو لە قەناعەتپێکردنی ماو بە شاردنەوەی نەزعەی داگیرکاریانەی روسیای نوێ و زیاتر نزیکبوونەوەی لە بیرۆکە «بەلشەفیەکان»، چوونە ناو پێگە مارکسییەکانەوە.

ماو هەر لەساڵی (1920)ـەوە دەستیکرد بە پێکهێنانی شانە کۆمۆنیستییەکان. لە تەمموز/ یۆلیۆی (1921) لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی چیندا بەشداریکرد و بووە ئەمینداری لیژنەی حزب لە ناوچەی هۆنان. لە کۆنگرەی سێیەمی حزبدا ماو هەڵبژێردرا وەک ئەندام لە لیژنەی ناوەندیی حزبدا، هەروەها کرا بە سەرنوسەری گۆڤاری حزبی سیاسی

هەفتانە. حزب لەم کۆنگرەیەدا بڕیاریدا لەبارەی سیاسەتی هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی نیشتمانی (کۆمنتانگ) بە سەرکردایەتی سەن یات سن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی لەپێناو رزگارکردنی چین و یەکخستنەوەیدا.

لە ساڵی (1926)دا دانرا وەک ئەمینداری لیژنەی جوتیارانی سەر بە لیژنەی ناوەندی حزب، لە ساڵی (1927)دا دوو کتێبی بڵاوکردەوە: «شیکارێک بۆ چینەکانی کۆمەڵگەی چینی» و »راپۆرتێک لەبارەی لێکۆڵینەوەکان لە بزوتنەوەی جوتیاران لە هۆنان» تێیاندا بیرۆکەکانی روونکردەوە لەبارەی شۆڕشی دیموکراسیەتی نوێوە لە چین، هەروەها دەربارەی پێگەی گرنگی کێشەی جوتیارییەوە و گرنگی ئۆرگانی ئەوەی شۆڕشی جوتیاران بچێتە سایەی سەرکردایەتی چینی کرێکارانەوە. لە هەمان ساڵدا هەڵبژێردرا بە ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی حزبدا.

لەساڵی (1925)دا سەرکردەی نیشتمانی سەن یات سن کۆچی دوایی کرد، کۆمنتانگ

چانگ کای –شیک جێگەی گرتەوە، کە ئەم بڕوای بە هاریکاریی نەبوو لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستیدا، بۆیە لەساڵی (1930)دا هەڵمەتێکی سەربازی کردە سەر ناوچەی کیانگسی کە پێگە و بارەگای حزبی کۆمۆنستی بوو، سەربازەکانی قەسابخانەی گەورەیان ئەنجامدا لە دژی ئەندامانی حزب و جوتیارانی لایەنگرانی ئەو حزبە، ماوتسی تۆنگ دەستگیرکرا، بەڵام توانی دوای چەند کاتژمێرێک هەڵبێت، ئەمەش بە یارمەتی چەند ئەفسەرێک لە سەرکردایەتی کۆمنتانگ، بۆیە چانگ کای شیک هاوسەرەکەی تۆنگ (کای هوی) لەسێدارەدا. ماو دوای ئەم دوو جار هاوسەرگیری کردووە و دوو کچ و دوو کوڕی لێیان بووە.

لە پەناگەکەیەوە لە چیاکان ماو بە یارمەتی هەریەک لە «چوان لای» و »تشوتە» دەستیکرد بە دروستکردنی سوپای رزگارکردنی میلليی چین، لە تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ساڵی (1931) لە کیانگسی ئەوەی بەرپاکرد کە پێیدەوترێت کۆماری سۆڤیەتی چینی، کە دەسەڵاتێکی میللی بوو بۆ رێکخستنی

ناوچەکە و بەڕێوەبردنی. ماو دەرکی بەوە کرد سوپاکەی کە لە سەد هەزار تێپەڕی نەدەکرد لەژێر هەڕەشەی لەناوچووندایە، بۆیە بڕیاریدا بکشێتەوە بۆ هەرێمی چانسی لەباکوری چین، کە ناوبرا بە ڕێپێوانی هەرە گەورە، کە سوپای لە میانەیدا بەپێ (9000) کیلۆمەتری بڕی، نزیکەی نیوەی ژمارەکەیان گیانی لەدەستدا. ماو شاری (یینان)ی کردە پایتەختی خۆی، لەم ماوەیەدا ژاپۆن دەستیکرد بە هێرشکردنە سەر ژاپۆن (1937/7/7)، بۆیە سەرلەنوێ حزبی کۆمۆنیستی دروشمی یەکێتی نیشتمانی و هاوپەیمانی لەگەڵ کۆمنتانگدا بەرزکردەوە بۆ روبەڕوبوونەوەی هێرشی داگیرکاری ژاپۆن لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی نیشتمانی گشتی، بۆیە چانگ کای شیک ناچاربوو جارێکی تر هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستیدا بکاتەوە لەترسی روودانی یاخیبوون لەناو سوپاکەیدا.

جەنگ لەگەڵ ژاپۆندا بەردەوام بوو، هەتا لە جەنگی جیهانی دووەمدا ساڵی (1945) شکستیخوارد. کۆمۆنیستەکان لەو بەشەدا ئازادیان کردبوو لە مەنشوریا و لەو هەرێمانەدا

که دەسەڵاتیان بەسەریدا گرتبوو، حکومەتی میللی ناوچەییان دامەزراند، هەروەها هەستان بە دابەشکردنی زەوی دەرەبەگەکان بەسەر جوتیارەکاندا. لەگەڵ چانگ کای شیکدا لە (10/10/1945)دا ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی و بونیادنانەوەیان ئیمزاکرد، بەڵام چانگ هێندەی نەبرد –بەهاندانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا– ڕێکەوتننامەکەی شکاند، فەرمانیدا بە کاربەدەستەکانی هەستن بە لەناوبردنی ئەو حکومەتە هەرێمیانەی کۆمۆنیستەکان دروستیانکردبوو، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی ئەهلی و بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بوو، کە لە میانەیدا سوپای ڕزگارکردنی میللی چینی –بەسەرکردایەتی ماوتسی تۆنگ– توانی هێزەکانی کای شیک بکاتە دەرەوە و لە (ئۆکتۆبەری 1949)دا بچێتە ناو پەکینەوە و کۆماری چینی میللی رابگەیەنێت، چانگ کای شیک ناچاربوو چین بەجێبهێڵێت و پەنابەرێتە بەر دورگەی فۆرمۆزا.

لە سێ ساڵی یەکەمی بەرپابوونی چینی نوێدا، دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی دەستیکرد

بە دانانی بەرنامەیەکی پێنج ڕەهەندانە بۆ بونیادنانی وڵات لەسەر بنەمای سۆسیالیستی. (لەکانونی یەکەم/ دیسەمبەری 1949) ماوتسی تۆنگ بەسەرۆکایەتی شاندێکی حزبی و حکومی گەورە سەردانی مۆسکۆی کرد، لەوێ «ڕێکەوتننامەی دۆستایەتی و هاوپەیمانی و هاریکاری هاوبەرامبەری لەنێوان چین و یەکێتی سۆڤیەت»دا ئیمزا کرد، بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە یەکێتی سۆڤیەت یارمەتیگەلێکی زۆر گەورەی لە هەموو بوارەکاندا پێشکەشکرد، بەتایبەتی لە بواری دروستکردن و پیشەسازیدا، بەڵام ماو دەرئەنجامی گەورە و خێرای دەویست لەبواری بەرهەمهێناندا، بۆیە لەساڵی (1958) دا پێشنیاری بازدانی مەزنی کرد بۆ پێشەوە، کە ئامانجی بەدەستهێنانی بەرهەمهێنانێکی گەورە بوو بە کاتێکی کەمتر لە ڕێگەی ڕێکخستنی «کۆمۆنە» میللییەکانەوە، کە ئەمانە یەکەی کارگێڕی فراوان بوون و شار و گوندی دەگرتەوە، بە سێ ئەرکی بنەڕەتی هەڵدەستا: بەرهەمهێنان و بەرگری و فێرکردن.

بەڵام ئەزمونەکە شکستیهێنا و بووە هۆی

کارەساتێکی ئابوری راستەقینە، هەروەک چۆن ئەزمونەکە رووبەڕووی رەخنەی هەندێک لە سەرکردە حزبیەکان بووەوە، بەتایبەتی لەلایەن وەزیری بەرگری «بنگ تی هوای»وە، کە بەهۆی ئەو رەخنانەیەوە لە هەموو پۆستەکانی دورخرایەوە.

لە ساڵی (1960)دا، بە پشتبەستن بە وەزیری بەرگری نوێ لین بیاو، ماو دەستیکرد بە ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی رێکخستنی لەناو سوپای رزگاریی چیندا. لە هەمان کاتیشدا هەڵمەتێک دەستیپێکرد لە دژی ئەوەی پێیدەوترێت بیرۆکراسیەتی حزبی و رەگەزە بۆرژوازییەکان کە خەریک بوو لەناو حزب و دەوڵەتدا سەریانهەڵدەدا. هەڵمەتەکە دەستەی رۆشنبیران و هونەرمەندانی گرتەوە ئەوانەی تۆمەتبارکران بە کاریگەربوون بە رۆشنبیری خۆرئاوایی. ئەو دروشمەش کێشرایەوە کە دەماودەمی دەکرد و ماو لە سەرەتای پەنجاکاندا ڕایگەیاندبوو «بهێڵە با سەد گوڵ بکرێنەوە و بهێڵە با سەد قوتابخانەی فکریی ململانێ بکەن».

سەرکردایەتی حزب لەم ماوەیەدا «کتێبی

سور»ی بڵاوکردەوە، کە ژمارەیەک لە وتار و گوتار لەخۆدەگرێت کە ماوتسی تۆنگ پێشکەشی کردبوون، بۆ ئەوەی ببێتە بەرنامەیەک بۆ رۆشنبیرکردنی هەموو «کادیر»ە حزبیەکان، بەتایبەتی لەناو ڕیزەکانی سوپا و لاواندا.

لەساڵی (1959)دا ماو وازی لە پۆستی سەرۆک کۆمار هێنا و هاوڕێی ریگای «لیوچاو شی» شوێنی گرتەوە.

لە سەرەتای شەستەکاندا ناکۆکی ڕوویدا لەنێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتدا، دەکرێت هۆکارەکانی کورت بکەینەوە لە نەیاریی چین بۆ ئیدانەکردنی ئاشکرای قۆناغی ستالینیی و نەیاریی سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتیانە کە خرۆشۆف لە بەرامبەر خۆرئاوادا پیادەی دەکرد، دواجاریش ئیمزاکردنی پەیماننامەی تاقیکردنەوەی ئەتۆمی لەنێوان سۆڤیەت و هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و بەریتانیادا لە ساڵی (1963)دا. چین پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا بچڕاند و پسپۆر و شارەزا سۆڤیەتیەکان لە چین دەرکران، ئەو دابڕانە تا ساڵی (1989)

بەردەوام بوو، بووە هۆی لەتبونێکی گەورە لەناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانیدا و هەتا لەناو خودی ژمارەیەک لە حزبە کۆمۆنیستیەکان لە جیهاندا.

لە سەرەتای حەفتاکاندا پەیوەندییەکان لەگەڵ خۆرئاوادا دەستیپێکرد، کە بە دبلۆماسیەتی «تۆپی سەرمێز»، ناسرا کە هینری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێشەوایەتی دەکرد. دوای بڕینی پەیوەندیەکان لەنێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە هەڵوێستی نەیاریی خۆی کشایەوە لە ئەندامێتی چین لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا، دانی نا بەهەریەک لە پەکین و تایواندا. لەساڵی (1972) دا پەیوەندیەکانی چین لەگەڵ خۆرئاوادا گەیشتە لوتکە، ئەویش بەسەردانی نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا بۆ چین و ئیمزاکردنی پەیماننامەی شەنگەهای بۆ هاریکاری ئابوری و رۆشنبیری لەنێوان هەردوو وڵاتدا.

شکتسخواردنی کۆمۆنە میللیەکان و وەستانی یارمەتیە سۆڤیەتیەکان و رودانی ژمارەیەک کارەساتی سروشتی بوونە هۆی ئاڵۆزبوونێکی

گەورە لەرەوشی ئابوریدا، ئەمەش وایکرد پسپۆڕە ئابوریەکان ناچاربوون- بەپشتیوانی لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە لیوچاوشی- واز لەکۆمۆنەکان بێنن و سەرلەنوێ دەست بە بونیادنانی ئابوری بکەنەوە لەسەر بنەمای هاندانی پاڵنەرە کەسیەکان و پشتیوانیکردن لەئابوری خێزانیی لەکشتوکاڵدا.

بەڵام ماو لێبوردو نەبوو لەگەڵ ئەو رەخنانەدا کە ئاراستەی «کۆمۆنەکان» دەکران، بۆیە سەرلەنوێ لەساڵی (1966) دا جارێکی تر پێشنیاری پێویستی وڵاتی کرد بۆ «شۆڕشێکی رۆشنبیری پرۆلیتاری گەورە» ئامانجی گێڕانەوەی رۆحی چینایەتی دروستبوو بۆ حزب و دەوڵەت و رزگاربوون لە هەموو دەردەکانی بورژوازیەت، ئەویش بە چوون بۆ جەماوەر و فێربوون لێیەوە پشتبەستن بە لاوەکان کە بیرۆکەکانی بورژوازیەت پیسی نەکردون، بۆیە دەستکرا بەهەڵمەتێک داوای لەلاوان دەکرد بۆ یاخیبوون بەسەر دەسەڵاتداو دەستگرتن بەسەر سامان و داهاتەکانی وڵاتدا. بۆ ئەمەش فەیلەقی پاسەوانی سوری چەکدار پێکهێنران و

دەسەڵاتی فراوانیان پێدرا بۆ لەناوبردنی ئەو رەگەزانەی کە دژ بە حزب و سۆسیالیزمن. لەم ماوەیەدا –کە دە ساڵی خایاند، واتە هەتا کۆچی دوایی ماو لە نۆی ئەیلولی (1976)دا، دەیان هەزار کەس لە سەرکردەکانی حزبی و حکومی لە پۆستەکانیان دورخرانەوە و نێردرانەوە بۆ گوند بۆ سەرلەنویێ راهێنانەوەیان. زانکۆکان داخـران، مامۆستاکانی چەوسێنرانەوە، ئەو کتێبانەی دەستاودەستیان دەکرد، بە تۆمەتی رەواجدان بە بیرۆکە بورژوازیەکان سوتێنران ، ئـەم فـەوزایـە هـەمـوو بـوارەکـانـی ژیـانـی گرتەوە. سەرۆک «لیوچاوشی» لە پێشەنگی قوربانیەکانەوە بوو، دوای ئەوەی بە هەلپەرستی و لادان تۆمەتبارکرا لە پۆستەکەی دورخرایەوە. هەتا «لین بیاو» –وەزیری بەرگری نزیک لەماو خۆشیـەوە– کـە کۆنگرەی نۆیەمی حزب بە جێگری ئەویان هەڵبژاردبوو لەساڵی (1969) دا، لەم هەڵمەتە دەربازی نەبوو، تۆمەتبارکرا بە تۆمەتی هـەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی مـاو لە روداوێکی ئاڵۆزی فرۆکەدا کوژرا.

دوای کـۆچـی دوایـــی مـــاو هـــاوســـەری

سێیەمی «جیانگ چینگ» ویستی جڵەوی کاروبارەکان بگرێتەدەست و بەردەوام بێت لەسەر سیاسەتەکەی لەگەڵ سێ کەس لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حزبدا، بەڵام سەرکردایەتی نوێی حزب رووبەڕوویان بووەوە، دەستگیریکردن و دادگایی کردن. دوای ئەمە چین چووە ناو قۆناغێکی نوێوە، ئەویش قۆناغی چاکسازیی و کرانەوەیە بەسەر جیهانی دەرەکیدا. ئەم قۆناغە گۆڕانکاری گەورە و قوڵی بەخۆیەوەبینی لە رەوشی چیندا، ئابوورییەکەی بە شێوەیەکی خێرا و سەیر پەرەیسەند، ئاستی بژێوی و ژیان بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، چین بووە یەکێک لە هێزە هەرە مەزنەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئابوریەکەشی چوارەم ئابورییە لەجیهاندا.

ماوتسی تۆنگ سەرکردەیەکی مێژوویی کارامە و لێهاتوو بوو لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی جیهانیی، رۆڵێکی زۆر گرنگی گێڕا لەمێژووی چیندا. کەلتورێکی گرنگی بەجێهێشت لەسەر هەردوو ئاستی فیکری و کرداریی کە ناکرێت لەبیر

بکرێت، هەروەها شاعیرێک کە زۆرێک لە هۆنراوەی هەبوو کە هەندێکیان وەرگێڕاون بۆ زمانە بیانیەکان. سەرەڕای ئەنجامدانی هەندێک هەڵە لەخەباتی سیاسیدا، بەڵام مەزنی ماو وەک سەرکردەیەکی سیاسی و میللی گەورە وەک خاڵێکی درەوشاوە لەمێژووی چیندا دەمێنێتەوە.

**سەرچاوە:** أحمد مكی

الموسوعه العربیه http://www.arab-ency.com

# ماو و شوێنکەوتووانی

کیت ویند شاتڵ
وەرگێڕانی: عەلی بیروەندی

لە هاوینی ساڵی (1936)دا، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی «ئیدگار سنۆ»، پەکینی بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتی چین بەجێهێشت تا ئەو ناوچە تازەیە ببینێت کە کەوتبووە ژێر دەستی پارتی کۆمۆنیستی چینەوە. ئەو لەوێ چەندین چاوپێکەوتنی دوورودرێژی لەگەڵ رابەری حزب «ماوتسی تۆنگ» ئەنجامدابوو. سنۆ پاش ماوەیەک ئەو راپۆرتانەی ڕێکخست و دایڕشتەوە و لەژێر ناوی «ژیاننامەی ماوتسی تۆنگ بە دەستنووسی خۆی« بڵاویکردنەوە، واتا یەکەم و تەنها چیرۆکێکی هەمەلایەنە لەسەر ژیانی ماو کە ئەو خستبوویەڕوو. سنۆ لەگەڵ سەرانی تری حزبی کۆمۆنیست چاوپێکەوتنی ئەنجامدابوو، پاشان هەموو ئەم بابەت و زانیارییانەی لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی «ئەستێرەیەکی سوور بەسەر ئاسمانی چینەوە« وە لە ساڵی (1937)دا بڵاوکردەوە.

سنۆ لەو کاتەدا لاوێکی تەمەن (32) ساڵ بوو. ئەو کە لە «کانزاس سیتی» لەدایکببوو، بەزوویی لەدوای تەواوکردنی زانکۆی میسوری رەوانەی چین کرا. ئەو لەوێ بوو بە پەیامنێرێکی تاڕادەیەک سەرکەوتووی ڕۆژنامەکانی

«نیۆیۆرک هیراڵد تریبیۆن، ساتردەی ئۆنینگ پۆست« و رۆژنامەکانی تر. کتێبەکەی ئەو لەپڕ بوو بە پڕفرۆشترین کتێب و سنۆ بوو بە نووسەرێکی ناودار و خاوەن کەسایەتی نێودەوڵەتی.

«ئەستێرەیەکی سوور بەسەر ئاسمانی چینەوە»، چیرۆکێکە باس لە جەنگە ناوخۆییەکانی چین دەکات لەنێوان کۆمۆنیستەکان و ناسیۆنالیستەکانی سەر بە «چیانگ چایشک»، ئەم کتێبە کاردانەوەکانی ئەوان سەبارەت بە هێرشی ژاپۆنییەکان لە ساڵی (1931)، و داگیرکردنی چین لەلایەن ژاپۆنەوە تاووتوێدەکات و چیرۆکی «بەپێ رۆیشتنە دوورودرێژەکەی ماوتسی تۆنگ و سوپاکەی» لە ساڵی (1934) دا، لە بنکەکانی خۆیان لە باشوورەوە بەرەو بارەگا نوێکەیان لە باکور دەگێڕێتەوە. تا ئەو کاتە خەڵکی جیهان کۆمۆنیستەکانی چینی بەهۆی لۆمە و سەرکۆنەی دوژمنانی ئەوانەوە دەناسییەوە، بەڵام ڕاپۆرتەکانی سنۆ تێڕوانینی ئەوانی گۆڕی. ئەو ماو تسی تۆنگ و لایەنگرانی وەک پاڵەوانەکان وێناکردبوو، کە ژیانی خۆیان تەرخانکردووە بۆ ئازادیی

وڵاتەکەیان هەم لە دەستدرێژیی بێگانەکان و هەمیش ئەو ناسیۆنالیستانەی کە بە شێوەیەکی زۆرماڵوێرانکەر نووقمی گەندەڵی ببوون. سنۆ ئەوانی بەپلەی یەکەم نەک وەکو شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەکان، بەڵکو زیاتر وەکو پارێزەرانی چاکسازی زەوی کە بۆ تێکشکاندنی کۆت و زنجیری دەرەبەگە فیوداڵەکان و ئازادکردنی جووتیاران خەبات دەکەن ستایش کردبوو. ئەو دەنووسێت، کۆمۆنیستەکان وابەستە نەبوون بە یەکێتی سۆڤییەت و خوازیاری دۆستایەتی بوون لەگەڵ ئەمریکا. لەو (80) هەزار کەسەی کە لەو بەپێ ڕۆیشتنە بەشدارییانکرد، تەنها (26) هەزار کەسیان بە سەلامەتی رزگاریان بوو، ئەوان (75) هەزار میلیان بڕی کە لە توانای هەر مرۆڤێکی ئاسایی بەدەرە، ماو شانبەشانی سەربازەکانی هەموو ڕێگاکەی بەپیادە بڕی.

کتێبەکەی سنۆ، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی گێڕا لە گۆڕینی بیروڕای گشتی چی لە ئەمریکا و چی لە ئەوروپا بەرامبەر بە ماو تسی تۆنگ و باشتر سەیرکردنی. هەرچەند کە کاریگەری سەرەکی ئەم کتێبە لە خودی چیندا بوو، ئەو شوێنەی کە کاریگەرییەکی گـەورەی لەسەر

لاوە توندڕەووەکان دروستکرد. «ئەستێرەیەکی سوور بەسەر ئاسمانی چین« و ژیاننامەی دەستنووسی ماو تسی تۆنگ، بێ یەک و دوو وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی چینی و لە سنوورێکی فراواندا بڵاوکرایەوە. زۆر لە پیاوان و ژنانی لاوی چینی کە لە شارەکان دەژیان و لە چینی ناوەند بوون، کە کتێبەکەی سنۆیان خوێندەوە بیروڕای خۆیان گۆڕی. ئەوان مووی سەریان کورتکردەوە کە لەو کاتەدا نیشانەی مەردایەتی بوو، کە وابەستە بە حزبی کۆمۆنیست بوو. نزیکی ساڵی (1941) بوو، بەهۆی ئەو ناوبانگەی کە ماو تسی تۆنگ لەو بەپێ ڕۆیشتنە بەدەستیهێنا، ژمارەی ئەندامانی حزب گەیشتە (700) هەزار کەس.

دەستنیشانکردنی خۆبەخشە ئازاکان لەنێو لاوانی شارەکان، ئامانجێکی گەورەی ماو تسی تۆنگ بوو. ئەوانی تر کە دەمانەوە زیاتر سەربازە نەخوێندەوارەکان بوون، کە لە ڕێگەی خاوەن زەوییەکانەوە هێنرابوونە ناو حزبەوە. حزبی کۆمۆنیست پێویستی بەپێشکەشکارە لاو وخوێندەوارەکان بوو. لەساڵی (1937)، لاوان لە «یەنان»، واتە پایتەختە نوێیەکەی ماو تسی

تۆنگ لە پارێزگای «شانکسی» کۆبوونەوە بە تاسەی بینینی جوامێری سەردار و سەربازە کۆنەکانەوە بوون.

هەرچەند ئەو چیرۆکەی کە رووداوەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە بەتەواوی ساختە بوو، ژیاننامە نوێیەکەی ماو تسی تۆنگ بەناوی «چیرۆکێکی نەناسراو»، لە نووسینی «یانگ چانگ و جۆن هۆلیدی»، ئەوە دەردەخات هەموو ئەو پڕوپاگەندە گرنگانەی کە سنۆ باسی لێوەکردبوو هیچیان راست نەبوون. ماو تسی تۆنگ لەبری ئەوەی رووبەڕووی هێرشی ژاپۆنیەکان ببێتەوە، کەچی پێشوازیی لێکردن. ئەو ئومێدەوار بوو کە ژاپۆنییەکان هەلکوتنە سەر رکابەرەکەی «چیانگ چایشک» و لەناوییبەرن و ببنە هۆی هاتنە ناوەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤییەت بۆناو خاکی چین. ماو تسی تۆنگ جەنگی چەکداری لەگەڵ ژاپۆنییەکان نەکرد، هەروەها لەگەڵ ناسیۆنالیستەکانیش خۆی دەدزییەوە. ماو تسی تۆنگ لەجیاتی ئەوەی ببێتە پاڵەوانی سەربەخۆیی وڵاتەکەی، لە دەیەی (1920)دا، دەستکەلای یەکێتی سۆڤییەت بوو کە چەک و پارەی لەوان وەردەگرت. ماو تسی

تۆنگ پەیڕەوی فەرمانەکانی یەکێتیی سۆڤییەتی دەکرد و چاودێریکردنی ئەوانی بەسەر حزبی کۆمۆنیستەوە قبوڵکرد. ئەو دەیزانی کە تەنها مایەی ئومێدەواری بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە چیندا بە پشتیوانیکردنی یەکێتی سۆڤییەت ئەنجامدەدرێت، بڕوایەک کە لە کۆتاییدا بووە هۆی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئەوەوە لە ساڵی (1949). ماو تسی تۆنگ خوازیاری چاکسازی زەوی نەبوو و زەوی لەنێو جووتیاراندا دابەشنەکرد و ئەوانی ئازادکرد. قەڵای سوور (بارەگا)ی یەکەمجاری ئەو لە «رویجین» لە جیانکسی، لە باشووری چین نەک لەرێگەی بەرپابوونی شۆڕشی چینەکانەوە، بەڵکو لەلایەن کردەوەی سەربازی سوپای سوور کەلەلایەن مۆسکۆوە پڕچەک کرابوون دەستی بەسەردا گیرایەوە. حکومەتەکەی ئەو لەسەرەتادا تەواو هاوشێوەی حکومەت وسوپایەکی داگیرکەر بوو، کەسەروەت وسامانی ناوخۆیی تاڵان دەکرد وهەر کەسێک بەرەنگاری بکردنایە دەیانکوشت.

پێشتریش چیرۆکەکەی سنۆ لەبارەی «بەپێ ڕۆیشتنە دوورودرێژەکەوە» هیچی راست

نەبوو. ئامانج لەم بەپێ ڕۆیشتنە جێگیرکردنی بارەگایەکی نوێ بوو لەباکوور لە نزیکی سنووری مەنگۆلیا، تا بەشێوەیەکی خێراتر چەک وپێداویستی جەنگی لەرێگەی سۆڤییەتەوە دابین بکرێت. زۆرێک لە ئەفسانەکانی سنۆ سەبارەت بە ژمارەی کەمتری هێزە کۆمۆنیستەکان کە هێزەکانی ناسیۆنالیستەکانیان تێکشکاندبوو خەیاڵێک زیاتر هیچی تر نەبوو. لەراستیدا « چیانک چایشک»، تا ئەندازەیەکی زۆر ڕێگاکەی ماو خۆی دیاریکرد، ئەویش بەدابینکردنی ڕێڕەوێکی ئازاد بۆ ئەو لەنێوان ئەو شوێنانەدا کەبۆی دیاریکرابوو، لەکاتێک کە ڕێگاکانی تری دادەخست. ئامانجی چیانگ چایشک ئەوەبوو، کە سوود لە هاتنی سوپای سوور ببینێت لەناوچەکانی دەوروبەر وتەنیشت، کە پێکهاتبوون لەفەرماندە سەربازییە ناوخۆییە سەرکێشەکان وئەوان ناچار بکات کە پەیوەندی پێوە بکەن وبەم شێوەیەش لەبوونی کۆمۆنیستەکان بۆ یەکێتی خاک و وڵات لەژێر فەرمانڕەوایی ناسیۆنالیستەکان بەهرەمەند بێت. هەندێک لەدیارترین نەبەردەکان لە ڕێپێوانە گەورەکە هەر ڕووینەدابوو. بۆ نموونە پەڕینەوە

گەورەکەی سەر پردە هەڵواسراوەکەی سەر رووبـاری (دادو) لـە « لۆدینگ»، بەراستی لەبەرامبەر سوپای ناسیۆنالیستەکان نەبووە وهیچ کۆمۆنیستێک لەو شوێنەدا نەکوژراوە و ماویش لەهەندێ لە نەهامەتییەکانی سوپاکەی خۆی دەستی هەبووە. لەبری بەپێ رۆیشتنی دژواری سـەر شاخەکان ونێو زۆنگاوەکان، ماو تسی تۆنگ وسـەرکردە سەربازییەکانی تر بەدرێژایی ئەو رێگەیە زیاتر بەسەر شانی هێزەکانی خۆیانەوە لەناو کەژاوە دانیشتبوون لەجێگایەکی سێبەر وبەرز. لەراستیدا ماو تسی تۆنگ لەکۆتایی سـەفـەرەکـەی خـۆیدا بـەرەو باکووری پارێزگای شانکسی تەنها (4) هەزار کـەس لـە (80) هـەزار سـەربـازی هێزەکانی گەیشتنە مەنزڵ.

سنۆ کتێبەکەی خـۆی وەک هـەوڵـی رۆژنـامـەنووسـێکی بێباک کـە سەفـەرێکی پڕمەترسی خستوەتە ئەستۆ پیشانداوە، نەک وەک پەیامنێرێک کە راستییەکان بنووسێت. ئـەو لـە چاپی یـەکـەمی کتێبەکەی نووسی، کە ئامادەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ نووسینی کتێبەکەی هیچ سانسۆرێک نەخراوەتە سەر

کارەکەی. هەرچەند کە راستیەکەی ئەوەبوو نووسینی ئەو کتێبە داهێنانی خودی ماو بوو کە لە ساڵی (1936)، ئەو بیرۆکەیەی لادروست بوو، کە پێویستی بە رۆژنامەنووسێکی بێگانەو دۆست هەیە تا وێنەی ئەو بە دڵخوازانە وخۆشەویست و پۆزەتیڤ لەناو خەڵکدا نیشان بدات. حزب کە بەشێوەیەکی نهێنی لەشانگهای چالاکی ئەنجامدەدا، لەپاش خوێندنەوەی پێشینەی سنۆ، رازی بوو لەسەر کارەکەی و بەرنامەی سەفەرەکەی لەلایەن سیخوڕێکی نهێنییەوە رێکخرا. سنۆ دەبوو لەپێشدا پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکانی بۆ رازیبوونی بەرپرسەکان لەسەر ئەو چاوپێکەوتنە بخستایەتە بەردەستیان. ماو دەقی چاوپێکەوتنەکەی کە سنۆ لەگەڵی دەیکرد دووبارە سەیریدەکرد وهەندێ پەرەگرافی لێ دەردەهێنا وخۆی شتی تری دەنووسیەوە لەبری ئەوە. لەپاش ئەوەی سنۆ بۆ ئامادەکردن وچاپکردن وبڵاوکردنەوەی کتێبەکە چینی بەجێهێشت، هاوسەرەکەی « هلن» لە یەنان مایەوەو چەند راستکردنەوەو هەڵەچنییەکی لەسەر دەستنووسەکەی ماوتسی تۆنگ ئەنجامداو رەوانەی دەکرد، سنۆ

یەکەم کەس ولە بەهێزترین ئەو کەسانە بوو کەلەئەوروپا پشتیوانی ماو تسی تۆنگ بوون وهاندەری بوون بۆ هاتنەسەر کاری دەسەڵاتی خۆی وپارتەکەی. سنۆ هێشتاش لەنێو چەپەکاندا وەک کەسایەتیەکی پاڵەوان سەیر دەکرێت، هەم بۆ نووسینەکانی لەدەیەی (1930) دا و هەمیش بەهۆی ئەو ئازار وئەشکەنجەیەی کەلە دەیەی (1950)دا، لەو لێکۆڵینەوانەی لەگەڵی لەنجامدرا لەلایەن «ئیدگار هۆر و سیناتۆر مەک کارتی» چەشتی، لێکۆڵینەوەیەک کە بووە هۆی ئەوەی سنۆ ئەمریکا بەجێبهێڵێت و رووبکاتە سویسرا. ئەو ئێستاش لە پەیمانگاکانی رۆژنامەنووسیدا وەک سەرمەشقی رۆژنامەنووسێکی لێهاتوو ناودەبرێت. لەدەیەی رابردوودا ژیانی ئەو سەرەکیترین بابەتی چەندین کتێب بوو، کە هەمووی لەلایەن چاپخانەکانی زانکۆکانەوە چاپکراوە و زانکۆی «میسوری» بەشانازییەوە رایدەگەیەنێت کە هێشتا کۆمەڵێک لەدەستنووسەکانی سنۆی لەئەرشیفی خۆیدا پاراستووە.

کتێبەکەی چانگ وهاڵیدی، بەتەواوی ناوبانگی سنۆ وهەموو ئەو کەسانەی کەهاوخەمی ئەون،

دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەم کتێبە هەمەلایەنەترین لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەو بابەتە، کە تائێستا نووسرابێت وبۆ دەرخستنی ئەوەی کەچۆن ماو تسی تۆنگ بەدەسەڵات گەیشت، بەراستی ماو لەلایەن «جۆزێف ستالین»ەوە ڕێنمایی دەکرا، کە باشترین سوودیان لە ئەرشیفی یەکێتی سۆڤییەت بینیوە. لێکۆڵینەوەکانی کتێبەکە سیاسەتی واقعی ئەودیوی «بەپێ ڕۆیشتنە دووردوورودرێژەکەی» خوێندوەتەوە، ئەو راستییە دوپاتدەکاتەوە. ئەم کتێبە ئاشکرای دەکات کە چۆن ژمارەیەکی کەمی نووسەرانی رۆژئاوا لەدەیەی (1930) دا، ئەم ڕژێمەیان ناسی، بەتایبەت «ئیدگار سنۆ و ئاگنس سمیدڵی»، زۆر بەجوانی فریودراون. ئەم نووسەرانە تووشی هەڵەی دەستکاری وهەڵگێڕانەوەی واقعێک بوون بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی کەلە چەمکێکی زۆر سادەدا هاوکاری پێشکەوتنی کەسێک بوون کە گەیشتە بەرزترین پۆستی زلهێزێکی مێژووی مرۆڤایەتی.

چانگ وهاڵیدی، ئەوەیان ژمارەکردووە کە ماو تسی تۆنگ لەرەوتی سەرکەوتنە سیاسییەکانی خۆیدا لەساڵی (1920 تا 1976)، بەرپرسی مردنی (70) ملیۆن چینییە. ئەم ژمارەیە زیاترە لەو

بەکۆمەڵ کوشتنەی کەلەلایەن هیتلەر وستالینەوە پێکەوە ئەنجامدراون. بەرزترین ژمارەی زیانی مرۆیی ئەو (38) ملیۆن کەسە بوو کەلە برسێتی ماوەی نێوان چوار ساڵی (1958 تا 1961) دا، لەناوچوون، ئەویش لەئەنجامی بەناو «هەنگاوی گەورەی بەرەوپێشچوون». رۆژئاواییەکان ئەم رووداوە لەکاتی بڵاوکردنەوەی کتێبە پڕ مشتومڕەکەی «جاسپیر بیکەر» ەوە لەساڵی (1961) دا، کە بەناوی «رۆحە برسییەکان، برسێتی نهێنی لەچیندا» دەناسنەوە کە تیایدا هەواڵی مردنی (30 تا 40) ملیۆن مرۆڤ هاتووە، بیکەر ئەم رووداوە بەتراژیدیای ئایدیۆلۆژی ماو تسی تۆنگ بەرەو ئەزموونێکی سوڵتەگەرا، بەڵام بێئاکام لە سۆسیالیستکردنی چین دەزانێت، بەڵام چانگ و هاڵیدی چەند شاهیدێک دەخەنەڕوو. کە ئەوە نیشاندەدات کە ئەو رووداوە کارەساتبارتر بووە لەوەی کەباس دەکرێت.

رژێمی ماو لەو ساڵانەدا بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی هەناردە دەکرد بەرەو ئەوروپای رۆژهەڵات کە لە ژێردەستی کۆمۆنیستەکاندا بوو، لەبەرامبەردا چەک و جبەخانە وپشتیوانی سیاسی بۆخۆی دابیندەکرد. خۆراک وکۆمەکی دارایی

بۆ پشتیوانیکردنی راپەڕینی دژە ئیمپریالیزم و کۆمۆنیستی بۆ ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین دابین دەکرد. لە ساڵی یەکەمی برسێتییەکەدا واتا ساڵی (1958 تا 1959)، چین (7) ملیۆن تەن دانەوێڵە کە خۆراکی (38) ملیۆن کەس پڕدەکاتەوە هەناردەی دەرەوە دەکات. لە ساڵی (1960) دا، ئەو ساڵەی کە تیایدا (22) ملیۆن هاوڵاتی چینی بەهۆی برسێتییەوە گیانیان لە دەستدا، چین گەورەترین وڵاتی خۆبەخشی هاوکارییە نێودەوڵەتیەکان بوو لە بەرهەمهێنانی کەرەستەی خاوی نیشتمانی لەسەر ئاستی جیهاندا. بەبیانووی هاوردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی چینەوە، ئەڵمانیای رۆژهەڵات توانی کۆبوونی بەشە خۆراکی ساڵی (1958) و هی ئەلبانیا لەساڵی (1961)دا، ببڕێت.

هاوکات لەچیندا سەرچاوەی سەرەکی خۆراک بۆ دانیشتووانی شار گۆڕاوە بۆجۆرێک لە »خۆراکی جێگرەوە«، مادەیەکی بێزارکەر کەلەکاتی خواردن وفرێدانە دەرەوەی بڕێکی کەم پرۆتینی تیدابوو. لە گوندەکاندا، خۆراکی جووتیارانی برسی وبەش مەینەت گەیشتە ئاستێک کە درەخت وگژوگیاش کەم بووەوە

وله پارێزگاکانی (ئانهوی) و (گانسو) گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار لەشارەکانی وڵاتی چین لەساڵی (1960) دا، مرۆڤەکان گۆشتی یەکتریان دەخوارد..

کوشتنی بەکۆمەڵ لە پێوەرەکانی « بەپێ ڕۆیشتنی گەورەی بەرەو پێش»، شتێک بوو کە ماو تسی تۆنگ خۆی بۆ ئامادەکردبوو. ئەو لەساڵی (1958)، لە کۆنگرەی حزبەکەی رایگەیاندکە ئەوان نابێت لەپێناو ڕێباز وبیرۆی حزبەکەیان لەمردنی مرۆڤەکان سڵ بکەنەوە، بەڵکو دەبێت خۆشحاڵ بن بەو مردنە. لەو سەردەمەدا ئەوە بابەتێکی ئاسایی بوو لەقسەکانی ئەودا. ماو لەساڵی (1957) دا، لەمۆسکۆ ووتی: «ئێمە خۆمان بۆ بەقوربانیکردنی (300) ملیۆن چینی لەشۆڕشی جیهانیدا ئامادەکردووە«. ئەو بەئومێدی جەنگێکی تری جیهانی لەساڵی 1958دا، ووتی: «هیچ کێشە نیە ئەگەر نیوەی دانیشتووان لەناو بچن، شتێک کە زۆر بە دەگمەن لەمێژووی چیندا بەدیدەکرێت، بەڵام نیوەکەی تر یا بگرە سێ یەکی دانیشتووان بمێننەوە«. هەربۆیە ئەو (70) ملیۆن کەسەی کە ڕەنگە بووبێتنە قوربانی سەرکەوتنە

سیاسییەکانی ماو، لەراستیدا زۆر لەوە کەمترە بەپێی پێشبینییەکانی ئەو.

بۆ ماو تسی تۆنگ ژمارەی زۆری دانیشتووانی چین کە نزیکەی (600) ملیۆن کەس بوون لەساڵی (1960) دا، بە بەراوورد بەوەی بۆ ستالین وهیتلەر رەخسا، بیانووی ژمارەیەکی زۆری قوربانی بۆ ئەو دەدا بەدەستەوە، بەڵام ئەوەی کە ماو تسی تۆنگی کرد بەدیوێکی گەورە تەنها بەکوشتدانی قوربانییەکانی نەبوو، بەڵکو زیاتر لەو پێناوەدا بوو کە زۆرێک لە قوربانیەکانی ئەو نەک تەنیا لەنێو دوژمنە راستەقینەکە، یان خەیاڵییەکانی بوون، دیارە لەنێو لایەنگرە سەرەکییەکانیشیدا بەدیدەکران. چانگ وهاڵیدی ئاشکرای دەکەن کەماو تسی تۆنگ دەسەڵاتی سیاسی خۆی لەسەر ستراتیژی تاهەتایی دامەزراندبوو کە بێ سڵەمینەوە وەک بڵێی دەیەوێ پێشبڕکێی هاوڕێ کۆمۆنیستەکانی بکات لە کوشت وبڕ وتیرۆردا وەک ستالینی هاوڕێی.

ئەم شێوازە لەساڵی (1931 تا 1934)، و لە « بارەگای سوور» ی یەکەمی ماو تسی تۆنگ لە رویجین لە پارێزگای جیانکسی

ئەنجامدرا. سیستەمی پشکنین « چۆئان لای باب»، ئەنجامیدەدا کەلە بنەڕەتدا لەپشکنەرەکانی خەڵکی یەکێتی سۆڤییەتەوە لە شانگهای وەرگیرابوو، سەرچاوەی سەرەکی ئەوەش نموونەی حکومەتەکەی ستالین لە یەکێتی سۆڤییەتی سۆسیالیستی بوو. هاوشێوەی ئەوە هەموو دانیشتووان لەچەند کۆمیتەیەکی جیاجیادا رێکدەخران کە رۆڵیان تەنها جێبەجێکردنی فەرمانەکانی حزب بوو. هەر کەسێک کە وەک دوژمنی بیروباوەڕی ئەوان گومانی لێ بکرایە، ئەوە هەموو سامانەکەی دەستی بەسەردا دەگیرا وبە ناچاری کاری تاقەت پڕوکێنی پێدەکرا، یان تەنانەت لەسێدارە دەدرا. داهێنانە نوێکانی ماو تسی تۆنگ سەبارەت بەسیستەمی یەکێتی سۆڤییەت ئەوەبوو، کە ئەو ئازار وئەشکەنجەکان بکاتە کارێکی سەرتاپاگیری. خۆپیشاندانی چینەکان، رەخنەگرتنی ئاشکرای رۆژنامەنووسان و دانپێدانانی گشتی لەبارەی ئەوەی کە ئەو کەسە کەسێکی دژە بەلشەفییە کارێکی ئاسایی رۆژانە بوو. ماو تسی تۆنگ ئەو تۆمەتانەی بۆ هەڵوەشانەوەی پێگەکانی حزب و بۆ هەر کەسێک کە دژایەتی ئەو بکات، یان لەناوبردنی

هەر کەسێک کە ئەو پێیوابوو ناپاکە بەکاردەهێنا. ئەو کەسانەی کە تۆمەتبارکران، ئەفسەرانی سەربازی سوپای سوور ورکابەرەکانی ماو بۆ سەرکردایەتی حزب بوون و زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەکوژران ئەندامانی حزب بوون. پیاوەکان بۆ خزمەتی سەربازی بانگدەکران و بۆ تەمێکردنی ئەو کەسانەی کە سەرپێچی ئەم کارەیان دەکرد، سەربازە هەڵاتووەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا دادگایی دەکران و لەسێدارە دەدران. بەرپرسانی بەسەربازگرتن لە دابینکردنی ژمارەی پێویستی سەربازەکان بێ ئاکام بوونایە، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری رەخنە و تانە وتەشەریان ئاراستە دەکرا وهەر لەوێدا لەسێدارە دەدران. هەر هاموشۆ و پێکەوەژیانێکی کۆمەڵایەتی و میوانداری دەبووە هۆی کوشتنی مرۆڤەکان. سەربازە کۆنەکان دەیگێڕنەوە کە: هیچ خێزانێک رێگەی پێنەدەدرا کە میوانداری کەس بکات، یان شەوان کەسێک لایان بمێنێتەوە. هەر خێزانێک کارێکی لەو شێوەی بکردایە لەگەڵ میوانەکەی دەکوژرا. کاتێک کە ماو تسی تۆنگ وچۆن لای خۆیان بۆ بەپیادە رۆیشتنە گەورەکە ئامادە دەکرد، لیستێکیان لە ناوی ئەو ئەفسەرانەی

کە گومانیان لێیان هەبوو ئامادەکرد. چاورونی حزب بۆ ناوچەکە لەسێدارەدانی هەزاران کەس لە ئەندامان، هەروەها زۆرینەی مامۆستاکانی وانەکانی حزب بوو. چانگ و هاڵیدی هەژماریان کردووە کە لەنێوان ساڵانی (1931 تا 1934 دا)، نزیکەی (700) هەزار کەس لە «بارەگای سوور»دا گیانیان لەدەستداوە و ئەوانی تریش کاری قورسی مەرگباریان پێ ئەنجامدراوە، یان بەهۆی هۆکاری تری حزبیەوە لەناوچوون. گورگەکان بەکۆمەڵ وگوندە وێرانەکان، دیمەنی ئەو ناوچەیەی ئاوێزان کردووە. لەو چوار ساڵەی کە ماو تسی تۆنگ لەوێ بوو، دانیشتووانی ئەو ناوچەیە کە سەردەمێک دەوڵەمەندترین ودرەوشاوەترین ناوچە بوون، بۆ ئاستی (20%) دابەزی، واتە گەورەترین پاشەکشە لە چیندا.

پیاوان و ژنانی خوێندەوار لە چینی ناوەند کە مووی سەریان کورت دەکردەوە ولەگەڵ ئایدیاکانی خۆیان بەرەو یەنان دەڕۆیشتن، لەکۆتایی دەیەی (1930)دا، شتێکیان سەبارەت بەو دابوونەریتە نەدەزانی، بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوت کەوتوونەتە دەست رژێمێک کە تەنها بەقوربانیکردنی ژیانی خۆیان دەتوانن

لە بەڵاکانی ئەو رژێمە رزگار ببن. کەسانێک کە لە کاتی هەڵهاتن دەستگیر دەکران، یەکسەر لەسێدارەدەدران. پێکهاتەکانی حزب لەیەنان جیاوازی تێدا دەبینرا وئەفسەرانی حزب لە بەشە خۆراک و جلوبەرگدا پشکێکی باشتریان بە بەراورد بە سەربازە خۆبەخشەکان دەستدەکەوت. تەنها ئۆتۆمبیلێک لەو ناوچەیە کە لەلایەن کرێکارانی کارگەی جلشتنی چینییەوە وەک ئەمبولانس سوودیان لێ وەردەگرت، وەک ئۆتۆمبیلێک بۆ ماو تسی تۆنگ دەستی بەسەرداگیرا. هەر کەسێک رەخنەی لەو دۆخە بگرتایە، تەنانەت ئەگەر بەتایبەتی ونهێنیش بوایە، ئەگەر رەخنە وسەرکۆنەی خۆی بکردایە وەک لایەنگری ترۆتسکی، سزای زیندانی تاکە کەسی دەدرا. لەساڵی (1942)دا، ماو تسی تۆنگ هەموو ئەو خۆبەخشانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ناسیۆنالیستەکانەوە هاتبوون، وەک سیخوڕ لەقەڵەمیدان. ئەو فەرمانی دەستگیرکردن و ئازار و ئەشکەنجەدانی بۆ دەرکردن تا دان بە تاوانەکانی خۆیاندا بنێن. لەسێدارەدان چی واقعی وچی وەک نمایشێک بێت، بەشێک بوو لە کار و بەرنامەکانی رۆژانە. ژیان لە یەنان بریتی

بوو لە کۆبوونەوە و ترساندن و لێپێچینەوە لەو کەسانەی کۆدەبنەوە، لەوێدا خۆبەخشەکان لەبەرامبەر ئامادەبووان دانیان بە سیخوڕ بوونی خۆیاندا دەنا.

بە پێچەوانەی هیتلەر و ستالین کە پۆلیسی نهێنیان بۆ دەستگیرکردن و لێپێچینەوە لە قوربانییەکان پێکدەهێنا، ماو تسی تۆنگ هەموو ئەو کەسانەی کە هێشتا تۆمەت نەدراوەتە پاڵیان بۆ پاسەوانی، لێکۆڵینەوە و سزادانی تۆمەتباران بەکاردەهێنا. ناوچەی نیشتەجێبوونی یەنان بووە حکومەتێکی دیکتاتۆری هەڵسوڕاو. سوود وەرگرتن لە چاپەمەنی ورادیۆ بیانییەکان قەدەغە بوو، ناردن و وەرگرتنی نامە ڕێگە پێدراو نەبوو، لەراستیدا نامەکان وەک شاهێدێک بۆ سیخوڕی لەقەڵەمدەدران. گاڵتەکردن، لە گۆشە وپەنا دانیشتن وگاڵتەجاڕی کردن بەگشتی قەدەغە بوو. رژێم سزایەکی نوێی گشتگیر ونادیاری داهێنا: «هەڵگێڕانەوەی قسە» کە مەبەست لێی هەر تێڕوانینێک بوو، کە دەکرا وەک سکاڵا لێکبدرێتەوە، یان تانە وتوانج وپلارێک کە دەبووە هۆی ئەوەی کە خاوەنەکەی وەک سیخوڕێک، یان ناپاکێک تۆمەتبار دەکرێت. کەسێک کە

سەردەمێک لاوێکی خۆبەخش و پڕجموجوڵ بوو، بە دوو ساڵ چالاکی کردن لەم رژێمەدا دەبووە کەسێکی تەواو کە توانای باسکردنی هیچ شتێکی نەبوو جگە لە پیاهەڵدان بە روحی بێ گیانی هێڵی حزب نەبێت. پەیامنێرێکی میوان ئاوا باس دەکات: «ئەگەر ئێوە پرسیارێک لە(20 یان 30) کەس بکەن، لە رۆشنبیران هەتا کرێکاران، وەڵامەکانی ئەوان وەکو یەکە. هەمیشە وا دەردەکەوێت کە دیدگایەکی گشتی هەیە، کەلە کۆبوونەوەکان دیاریدەکرێت. سەرسوڕمانیش نیە کە ئەوان بەشێوەیەکی یەک دڵ ویەک زمان و دابڕاوانە ئەوە بەدرۆ دەخەنەوە، کە حزب چاودێری راستەوخۆی بیروراکانیان دەکات».

ماو بەراستی ئەم نموونەیەی بەواتای شۆڕشی کلتووری لە ساڵی (1966 تا 1968) دا، بەکارهێنا. مێژوونوسانی حزب و زانکۆییەکانی «سمپات»ی رۆژئاوا، هەندێ جار ئەم رووداوە وەک هەوڵەکانی ماو بۆ زیندووکردنەوەی رۆحی شۆڕشگێڕی وپێشگرتن لە جووڵانەوە سەرمایەدارییەکان و دژە سۆسیالیستی بەرەوا و گرنگ دەردەخەن، بەڵام چانگ و هالێدی دەریدەخەن کە شۆڕشی کلتووری لەراستیدا بۆ

لەناوبردنی بەرپرسانی تری حزبی کۆمۆنیست داڕێژرا بوو، تا حزب مەترسیدار وسەرکردایەتی ماویش زامن بکرێت. بەراستی ماو تسی تۆنگ ئەو رووداوەی وەک «لەناوبردنێکی گەورە» دەژمـــارد. ئامانجە سـەرەکیـەکـەی ئـەو، ئەو سەرکردە حزبیانە بوو کە پێیان وابوو هەوڵەکانی مـاو لەبەسۆسیالیستکردن وپیشەسازیکردن لە «بەپیادە ڕۆیشتنە گەورەکە بـرەو پێش» ەوە، کارەساتێک بـووە. لەهـەمووی گرنگتر لەنێوانیاندا «لیۆ شاو چی» بوو کە ماوەیەک چی لەحزب وچی لە سوپا جێگری فەرماندە، بـەڵام ئـەو دوچـاری چەندین هـەڵـەی گـەورە بوو، لەوانە داننان بەسیاسەتمەدارانی یەکێتی سۆڤییەت لە بـارەی ئـەوەی کە (30) ملیۆن چینی لەماوەی ساڵانی (1958 تا 1961)دا، بەهۆی کەمی خۆراکەوە مردوون. لیۆ هەروەها بەشێوەیەکی ئاشکرا داوای لێبووردنی لە قوربانیانی قات وقڕییەکە کرد وسەرکەوتووانە لەسەر کەمکردنەوەی هەناردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان ومـادە خـۆراکـیـیـەکـانـی تر پێداگری کـرد. مـاو تسی تۆنگ لەمانگی (5/ 1966) دا شۆڕشی کلتووری راگەیاند ولیۆی

له کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزب له مانگی (8) ی هەمان ساڵدا لەسەرکار لابرد. شۆڕشی کلتووری لەلایەن گروپێکی ناوەندی کەپێکهاتبوون له پێنج پیا ویەک ژن، ئەویش (هاوسەرەکەی ماو) بوو دامەزرێنرا که خودی ماویش سەرۆکی هەموویان بوو، وه ماو بوو به ئاینێکی نەتەوەیی. وێنەی ماو تسی تۆنگ لەسەر هەرلاپەڕەیەکی رۆژنامەی (peoples Daily)، دەبینرا ونیوەی سەری ئەو وەک ئارمێک دروستکرا که هەموو دەبوو ئەو ئارمەیان لەسەر جلەکانیان هەبووایە. لەناو بەرهەمه هەڵبژێردراوەکانی روخساری دیاری ماو ژمارەیەکیان بەچاپ گەیاند کەله ژمارەی دانیشتووانی چینیش زۆر زیاتر بوو، نزیکەی (4) ملیارد وهەشت سەد ملیۆن ئارمی سەری ماو دروستکرا، واتا هەر چینییەک شەش ئارمی بەردەکەوت. هەر چینییەک دانەیەک لەکتێبی « سووری بچووک» که وتەکانی ماوی تیادا نووسرابوو وەرگرت و ئەو کتێبه دەبوو له تەواوی مەراسیمه گشتییەکاندا پێیان بووایه و لەدوعا ونزاکردن ودەست بەرزکردنەوه بۆ ئاسمان ئەو کتێبەیان لەدەست بووایە، لێرەدا

چیتر دیاردەی ماویزم بووە بە ئاینێکی ئیجباری حکومەت.

یەکەم فاکتەرێک کە ماو تسی تۆنگ لەساڵی (1966)دا، بۆ ترساندنی کۆمەڵگەی چینی سوودی لێ بینی، لاوان لە قوتابخانەکان وزانکۆکان بوون. ماو هەموو قوتابخانە وزانکۆکانی بەشێوەیەکی کاتی داخست وداوای لە خوێندکاران کرد کە رەخنەی توند ئاراستەی مامۆستاکانی خۆیان بکەن بەوەی کە مێشکیان دەشۆنەوە بە ئایدیای بورژوازی. بە خوێندکاران دەووترا کە پارێزگاری لە ماو تسی تۆنگ بکەن، لەوەی کە هیچ شتێک فێرنەبوون. لەگەڵ ئەوەی زۆر لە ئەوان خۆبەخشە عاشقەکان و خاوەن ئامانج ومەبەستەکان بوون. زۆر لەم لاوانە کە بۆ یەکەمجار لەژیانی خۆیاندا مۆڵەتی بەشداریکردنیان لە چالاکییە سیاسییەکان پێدەدرا، بێ حەوسەڵە ئەو هەلانەیان دەقۆستەوە، لەژێر ناوی « گاردە سوورەکان»، ئەوان هێرشیان کردە سەر ناوەندەکانی خوێندنی خۆیان و مامۆستا و کارمەندەکانیان بەرەو شوێنە گشتییەکان پەلکێش دەکرد و بەشێوەیەکی توندوتیژ

بەرامبەر بە ئەوان هەڵسوکەوتیان دەکرد و فەلاقەیان دەکردن. زۆر لە مامۆستا ژنەکان لەم رووداوانەدا دەستدرێژی سێکسییان دەکرایە سەر، هەڕەشە و سووکایەتییەک کە دەبووە هۆی حاڵەتێک کە چانگ و هاڵیدی ناویان لێنابوو «تاڤگەی خۆکوژییەکان»، مامۆستاکان وئەندامانی تری چینی خوێندەوار رەوانەی ناوچە پیشەسازییەکان و دەورووبەری گوندەکان دەکران بۆ ئەنجامدانی کاری دەستی.

گاردە سوورەکان لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵگەی چینیدا بڵاوکرابوونەوە و پەلاماری هەر دیاردەیەکی دابوونەریتی کۆنیان دەدا ولەناویان دەبرد وهەر ئەوەندەی کە کەسێکیان بدیتبا کە جلی کۆنی لەبەربووایە، یان مووی سەری بە ستایلی کۆن تەراش کردبێت، جلەکانیان بە زۆر لەبەر دادەکەند و مووی سەریان هەموو دەتاشی. کتێبەکانی کتێبخانەی سەرەکی پەکیین وجلوبەرگ و شتە ناوازە کۆنەکانی ئۆپێرای پەکیین نێردران بۆ جەژنی یارییە ئاگرینە گەورەکانی شار. نووسەرانی بەرجەستەو دیاری وڵات، گۆرانیبێژان وهونەرمەندان ناچار دەکران کەلەبەردەم ئاگرەکاندا چۆکدابدەن

لەکاتێک کە جەستەیان دەکەوتە بەردەم ڕەحمەتی شەق وپێ لەقەی گاردە سوورەکان. ئەوان هەمووماڵەکانیان لە هەر شار ولادێیەکدا بۆ گەڕان بەدوای کتێب، یان هەر شتێکی تری فەرهەنگی دەپشکنی. زۆر لە خێزانەکان لەترسی دۆزینەوەی ئەم شتانە لە ماڵەکانیان، هەرچیان هەبوو لە کتێب وبەرهەمی هونەری یان دەیان سووتاند یان بە نرخێکی کەم دەیانفرۆشت. گاردە سوورەکان هەروەها ئامانجێکی تری ماویان جێبەجێکرد کەلە مێژەوە کەڵکەڵەی دەکرد، ئەویش ڕووخانی ئەو بینا و پەیکەر وشوێنەوارە مێژووییانەی کەلە سەردەمی پادشاکانی ڕابردووەوە دروستکرابوون. ئەو ئامانجە لەناوبردنی بیرەوەرییە بەجێماوەکانی ڕابردووی مێژو وکلتووری چین بوو. تا ساڵی (1958)، هێشتاش هەم نزیکەی (6483) بیناو شوێنەوارە کۆنەکان لەپەکیین ماونەتەوە، بەڵام گاردە سوورەکان نزیکەی (4922) بینایان لەوانە خاپوورکرد.

چانگ وهاڵیدی رایدەگەیەنن کە ستالین کاری لەناوبردنی لەرێگەی کەسانی هەڵبژێردراو، واتا هێزەکانی پۆلیسی نهێنی و (K.G.B)

یەوە ئەنجام دەدا کە تێیدا قوربانییەکان بەبێ ئەوەی کەسانی تر بزانن فڕێ دەدرانە ناو زیندانەکان یان لەو ڕێگەیەوە لەناودەبران. بەڵام ماو تسی تۆنگ پاکسازییە گەورەکەی خۆی بە توندوتیژی وسووکایەتی لەبەرچاوی هەموو خەڵکی ئەنجامی دەدا. ئەو ژمارەی جەلادەکانی خۆی زیاتر و زیاتر دەکرد کە قوربانییەکان لەلایەن ژێردەستەکانی خۆیەوە ئازار و ئەشکەنجە دەدران. لەساڵی (1966) دا، حکومەتی کۆمۆنیستی لەچیندا ژمارەیەکی زۆری مرۆڤی برسی لەو وڵاتە بەبارهێنابوو کە تینووی تۆڵەکردنەوە بوون لە مەرجەعەکانی خۆیان و حەزیان لەگەیشتن بەدەسەڵات دەکرد. جارێکیتر ماو تسی تۆنگ ئەندامانی حزبی بەکاردەهێنا بۆ ترساندنی خۆیان. لەئەنجامی «شۆڕشی کلتووری»دا هەموو چین هاوشێوەی بارەگا سوورە سەرەتاییەکان لە رویجین ویەنان بەڕێوەدەبران. ئەو ڕووداوە لەکۆتاییدا بووە هۆی لەناوبردنی (3) ملیۆن مرۆڤ.

**سەرچاوە : ئەنتەرنێت**

# ماو و ماویزم
# لە چین و ماچیندا

نەسرەت شاد
وەرگێڕانی: عەلی بیروەندی

ماویزم ڕێبازی کۆمۆنیزمە لە وڵاتی چین، ئێستاش پڕوپاگەندەی ئەوە دەکرێت کە شۆڕشی چین هێشتا تەواو نەبووە. ئەو ئایدیایەی جێگرەوەیەکی شۆڕشگێڕ و خۆڕاگر بوو لە بەرامبەر کۆمۆنیزمی چەقبەستوی بیرۆکراتی روسیا، لە کۆمۆنیزمی جیهانیدا ماویزم رەوتێکی جیابووەوە و جوداییخواز بوو. سەرچاوەکانی بۆرژوازی رایدەگەیەنن کە ماویزم تەنها (15) ساڵ بەردەوام بوو، لە ساڵی (1980)دا دەستی بە پاشەکشە کرد. لە چیندا ماویزم هەرگیز خۆشەویست نەبوو. ڕێبازی حزبی کۆمۆنیستی چین، ئایدیاکانی ماو بوو بە شێوەیەکی نوێ. لە چیندا ماو تسی تۆنگ بە ڕابەرێکی شۆڕشگێڕ و دامەزرێنەری چینی نوێ ناوزەنددەکرێت. سیاسەتی ناوخۆیی ماو لەساڵی (1958)دا بە بەشێک لە هەڵەکانی چەپ لە قەڵەم دەدەن. لەسەردەمی بەجیهانیبووندا، لیبراڵە نوێیەکان هەوڵدەدەن تا ماو وەک پیاوکوژێک و سیاسەتی ناوخۆیی ئەو بە کارەساتی سەدەی بیست بناسێنن. کاردانەوەی بەشێک لە چەپەکان بەرامبەر

ڕەخنەکانی راستڕەوەکان، ئەوەیەکە شۆڕشی چین بە شۆڕشێکی شوانکارەیی لە وڵاتێکی دواکەوتوو دەزانن کە چاوەڕوانی شتی باشی لێناکرێت. لەگەڵ ئەم ئاستەنگانەدا ماویزم ئێستا لە وڵاتانی وەک (پیرۆ، نیپاڵ، هندستان، فلیپین و مەکسیک و ...هتد) چالاکە. ماو تسی تۆنگ دەیوت: «گرنگ نییە پشیلە چی رەنگە، گرنگ ئەوەیە کە بتوانێت راوی مشکەکان بکات». بەڕێوەبەران و سەرمایەداران کە لە دەوڵەتی سۆسیالیستی کاربکەن، بە بەشێک لە هێزی سۆسیالیستی ئەو وڵاتە دەژمێردرێن.

لە ساڵی (1921)دا، پازدە ڕۆشنبیری چەپ بە هاوکاری پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، حزبی کۆمۆنیستی چینیان دامەزراند. ئەم حزبە لەساڵی (1925)دا، هەزار ئەندام و لە ساڵی (1927)دا، (60) هەزار ئەندامی هەبوو. «لینین» پێشتر بە تیۆری یەکگرتنی کرێکاران و جوتیاران بووە هەوێنی بەخۆداچونەوەی ڕێبازی مارکسیزم، لە ساڵی (1934)دا کۆمۆنیستەکان بە سەرکردایەتی ماو تسی تۆنگ ڕێپێوانێکی سەرتاسەری (16000)

کلیۆمەترییان دەستپێکرد. پێنج یەکی ئەو (200) هەزار کەسەی کە بەشداریان کردبوو لەو ڕێپێوانە تاقەتپڕوکێنە گیانیان لەدەستدا. ماو لە ساڵی (1938)دا دەڵێت: بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی بە لوولەی تفەنگەکان بەدەستدێت، چونکە شۆڕش نە میوانداریيە، نە نوسینی دارشتنێک، نە نیگارکێشانی تابلۆیەک و نە بەدەست چنینی لەچکێکی زستانییە، بەڵکو شەڕی توێژێکە لە دژی توێژێکی تر، واتا شۆڕش و هەستانەوەیە، بەپێچەوانەی مارکس و کاوتسکی، ماو تسی تۆنگ چینی هەرە هەژاری پرۆلیتاریا بە بەشێک لە هێزی شۆڕشەکە دەزانێت. ئەو دەیوت کە جەنگی پارتیزانی دەبێت لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدا بێت لەگەڵ خەڵک و مرۆڤی شۆڕشگێڕ دەبێت بتوانێت وەک ماسی لە هەموو دەریایەک مەلە بکات.

لە ساڵی (1959)دا، ماو تسی تۆنگ هەڕەشەی لە نەیارەکانی کرد کە دید و بۆچوونەکانی بە پراکتیکی نەکرێت، ئەو دەچێتە شاخ و شۆڕشێکی نوێ

دەستپێدەكات. ئەو سەرەنجام ئەو كارەی لە ساڵی (1962)دا بەدەستپێكردنی شۆڕشی كلتوری ئەنجامدا تا ڕێگەی دەربازبوون بۆ بیروكراتی سۆسیالیستی بدۆزێتەوە، گەرچی ئەو توشی شكستێكی تراژیدی بوو. ئەوكاتە كۆنەخوازەكان لە دژی شۆڕشی كلتوری بوون. ئەو خوێندكارانەی لەدوای تەواوكردنی خوێندن لە دەرەوە، مۆدێلەكانی ڕۆژئاوایان دەهێنایە چینەوە، هێشتا خۆیان بە بەشێك لە هێزی سۆسیالیستی دەزانـــی. لـە كاتی شۆڕشی كلتوریدا، چالاكوانانی ئەو شۆڕشە دەیانوت كە ئەدیبان و داهێنەرانی هونەر دەبوو لەچوارچێوەی حزبدا كاریان بكردایە و ئەو ڕێبازەیان پێشبخستایە، چونكە هەست و سۆزەكانی مرۆڤ لەژێر كاریگەری خەباتی چینایەتیدایە. ئـەوان دەبێت سۆسیالیزم و ڕزگـاری نەتەوەیی لەبەرچاوبگرن. تا ئەو كاتە بەشێكی گرنگی كلتووری چین لە یەكێتی سۆڤییەتەوە دەهاتە ناوەوە. گروپێكی تر بە دروشـمی پێكەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان كلتووری ڕۆژئـاوا و كلتوری شۆڕشگێڕی

لە دژی کلتوری ڕۆژئاوا و کۆنەخوازی دواکەوتوو خەباتیان دەکرد. ناو ساڵی (1939) هاوسەرگیری کرد. هاوسەرەکەی خوازیاری یەکسانی ژن و پیاو بوو، رەخنەی لە ناوەڕۆکی دەرەبەگانەی ئۆپێرای چینی دەگرت.

بۆ یەکەمجار «سۆن یاتسن»، لە ساڵی (1912)دا، لەدژی قەیسەری چین دەسەڵاتی کۆماری ڕاگەیاند. کۆمۆنیستەکان لەبری دەستەگەری پێکهێنانی بەرەیەکی یەککگرتوویان پێشنیارکرد. ئەوان هاووڵاتیانی چەوساوەی ژێر دەسەڵاتی وڵاتانی جیهانی سێیەمیان بە بەشێک لە پرۆلیتاریای جیهانی دەژمارد. ماوتسی تۆنگ بە جیاکردنەوە و شیکردنەوەی چینایەتی لە چیندا دەیوت لە چوارسەد ملیۆن کەس لەساڵی 1926دا، زیاتر لە (395) ملیۆنیان پرۆلیتاریا و نیوەی ئەو ژمارەیەشیان وردە بۆرژوان. ئەو لە گوندەکاندا، خاوەن زەوییە گەورەکان، بە بۆرژوا گەورەکان و خاوەن زەوییە بچوکەکان بە بورژوا مامناوەندەکان و

جوتیارانی خاوەن زەوی بە وردە بۆرژوا و ئەوانی تر بە نیوە پرۆلیتاریا و پرۆلیتاریا ناودەبات. ئەو دەیوت کە بۆرژوا گەورەکان لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان لەگەڵ ئیمپریالیزم. ئەو بەئاماژە بەوەی تەنها (5%) ی خاکی وڵاتی چین بە کەڵکی کشتوکاڵ دێت، دەیوت (بە یەک پژمینی خەڵکی چین هەموو وڵات دەکەوێتە لەرزە). بەبڕوای ماو ڕەگەزی سەرەکی خەباتی کۆمەڵایەتی، سیاسەتە نەک ئابوری. ئەو تێکۆشانی چین و توێژەکان بە هێزی بزوێنەری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی دەزانێت. بەبڕوای ماویستەکان ناکۆکی ڕەوتە مارکسییەکان رۆڵی سەرخانی وەک سیاسەت، کلتور، ئەخلاق و ئایدیۆلۆژیا گرنگترە لە رۆڵی ژێرخان. شکستی ژاپۆن لە جەنگی جیهانی دووەم بووە هۆی ئەوەی کە ماوتسی تۆنگ جەخت بکاتەوە لەسەر هەژمونی کۆمۆنیستی لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ئەوکاتە. ئەم کارەی ئەو بووە هۆی هەڵهاتنی «چیانگ چایشک»، لە ساڵی (1949) بەرەو تایوان.

ماو سەرپێچی لە بڕیارێکی باوکی دەکات

به ڕەتکردنەوەی ئەخلاقی کۆنفۆشیۆسی دەسەڵاتدار، هەروەها ڕەتکردنەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری بەزۆر. ئەو لە تەمەنی (16) ساڵیدا ماڵی باوکی بەجێهێشت تا بە وتەی خۆی بچێتە ناو خەڵکەوە. ئەو لەژێر کاریگەری (نیوکانتەکان) بەتایبەت «فردریک پاوڵسن»، بەدڕەوشتترین ڕەفتاریی کۆمەڵایەتی بە زۆربڵێی و دەستدرێژیکردنە سەر ماڵ و ئازادی تاک دەژمارد. ماو لەبەرئەوەی هیچ زمانێکی بێگانە فێرنەبوو، سەرەتا لەژێر کاریگەری ئانارشیستەکانی وەک (تۆڵستۆی، باکۆنین و کرۆپۆتکین)دا بوو. ئەو سەردەمە تەنها ژمارەیەکی کەمی بەرهەمەکانی مارکس، ئەنگڵس، لینین و ستالین وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی چینی.

ماو پشتیوانی لە ئازادییەکانی ژنان دەکرد، وتی کە نیوەی ئاسمان بەسەر شانی ژنانەوەیە. حزبی کۆمۆنیست تیۆری ئازادیی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ژنان لەساڵی (1951)دا سانسۆر کرد. ئەو گرنگیدا بە پشتیوانیکردن لە مافەکانی منداڵان و

ڕەتکردنەوەی هاوسەرگیریی بەزۆر. لەدوای شکستی تیۆری بزوتنەوەی گەورە، ماو لەساڵی (1960)دا، کۆششی کارخوازانی ئابوری پەسەندکرد. ئەو دەیوت کە دەبێت سەرەتا کلتوری چین بەنەتەوەیی بکرێت، پاشان ببێت بە بەشێک لە کلتوری جیهانی. ئەو لە کاتێک کە بەخۆرئاوابوونی ڕەتدەکردەوە، وتی کە دەبێت لایەنە باش و پۆزەتیڤەکانی کلتوری ڕۆژئاوا وەربگرین لە چیندا بەپێچەوانەی فیودالیزمی ئەوروپییەوە، خاوەن زەوییە زۆرەکان نەدەچوونە چوارچێوەی پێکهاتەی ئەرستۆکراتیەوە، بەڵکو وابەستە بە بۆرژوازی کۆمپرادۆری بوون.

چین لە ساڵی (1970)دا، ڕابەریکردنی کۆمۆنیزمی جیهانی بەسەرکردایەتی یەکێتی سۆڤییەتی ڕەتکردەوە و خۆی پڕوپاگەندەی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشەکەی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا دەکرد. لەئێستادا چین هیچ هەوڵێک بۆ ئەنجامدانی شۆڕشێکی جیهانی نادات. هەروەها حزبی کۆمۆنیستی چین (10) ساڵی کۆتایی تەمەنی ماوتسی تۆنگ، بە

بەشێک لە هەڵەکانی چەپ لەقەڵەدەدات. یەکەم ژنی ماو لەپێش سەرکەوتنی شۆڕشی چین لەلایەن هێزە بۆرژوازییەکانەوە لەسێدارەدرا و دواین ژنیشی بە تۆمەتی شۆڕشکردن لە دژی دەوڵەت، چەندین ساڵ لە زیندان بوو، کە رەنگە ئێستاش هەر لە زیندان بێت.

**سەرچاوە : سایتی مشعل**

# ئەفسانەی ماو تسی تۆنگ

کریس هارمان
لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئارمان

خەڵکێکی زۆر لە چەپ باوەڕیان وایە سەرکردەی چین (ماو تسی تۆنگ -Mao Tse-tung) شۆڕشگێڕێکی مەزن بوو- لە هەمان کاتدا دەیخەنە ریزی کۆمەڵەی مارکس، ئەنگلس، لینینەوە. لە کۆتایی سالآنی شەستەکانیشدا لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی دونیادا وێنەی (ماو) بەرزدەکرایەوە.

ماو هەر ئەو کاتیش وەها سەیری خۆی دەکرد کە لەسەر هەمان نەریتی سۆسیالیستی بەردەوامە، بەڵام دەسەلآتدارانی یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمانی سەرکردەکانی وەکو خرۆشۆف و بریجنێف دەستبەرداری بوون و پشتیان تێکرد.

تاوەکو ئەمڕۆش خەڵکانێک دەبینیت وێنەی (ماو)یان لە یەخەیان داوە، ئەوان باوەریان وایە ڕێبازی سیاسی ماویزم ئەڵتەرناتیڤە بۆ گەرمیی ئەم سەردەمەی بازاری سەرمایەداری چین. لە هەمان کاتدا ئەو خەڵکانە رقیان لەم پەرتووکە تازەیە دەبێتەوە (ماو: چیرۆکێکی نادیار) Mao The Unknown Story لە نووسینی یۆنگ چانگ و جۆن هالیدای Jung Chang, Jon Halliday، لەبەرئەوەی پێیانوایە هەر لە سەرەتای پەرتووکەکەوە تاوەکو کۆتایی باسی ئاوابوون و هەرەسی ئەفسانەی ماو دەکات.

**مردن لە برسێتیدا**

ئەم پەرتووکە نیشانیدەدات چۆن سیاسەتەکانی ماو بوەتە هۆکاری ئەوەی دەیان ملیۆن جوتیار لە برسێتیدا بمرن، لە ڕێگای بەکارهێنانی شێوازی جۆر بە جۆری ئەشکەنجەدان، تیرۆر و کوشتنی بە دەستی ئەنقەست لەلایەن دەوڵەتەوە- ئەم خوێنرێژییە تەنها لە دژی خاوەن زەویی و زارەکانی نیزامی کۆن نەبوون، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر یان لە کەسە نزیکەکانی دەوروبەری خودی ماو بوون.

پشتیوانان و شاهیدانی ئەم ڕووداوانە ئەو کەسانەن کە ماو باش دەناسن، یاخود لەگەڵ ماو کاری سیاسییان کردووە، ئەم بەڵگەنامانەش لە ئەرشیفی وڵاتانی چین و رووسیادا دەستکەوتوون. لەوانەیە کەسانێک هەبێت ئینکاری لەم ڕاستییە بەڵگەنەویستانە بکات، بەڵام ئەو کەسایەتییە چەپانە بەم کارەیان هەوڵدەدەن لەتمە و زیان بە مەسەلەی سۆسیالیزم بگەیەنن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەرتووکە دوو هەڵەی تیایە:

یەکەم: دەستنیشانی ئەوە دەکەن ئەم راستییانە «چیرۆکێکی نادیارە». ئەوەی لە نووسەرەکان

